# بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا

محەمەد حیکمەت سەعدون[1]، د. شێرکۆ جەبار محەمەد[2]

**نووسەری پەیوەندیکار:** محەمەد حیکمەت سەعدون*


## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا)، ئامانجی زانینی دۆخ و سروشتی تەکنەلۆژیایی زیرەکی دەستکردە لە دامەزراوە میدیاییەکان کە توانیویەتی گۆڕانکاری لە بوار و شێواز و تەکنیکی کارکردنی میدیاییدا بکات، هەروەها شیکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی ئەم تەکنەلۆژیایە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایدا دروستیکردووە، لەگەڵ دەست نیشانکردنی ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە کێبرکێی هەڵبژاردنەکاندا، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی چۆنایەتیی بەستووە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان چاوپێکەوتنی قووڵی وەک ئامڕازی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم میدیاکارانی بەشی هەواڵ و بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژی لە کەناڵە ئاسمانییەکان و میدیای دیجیتاڵیی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا مشتەیەک بەشێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار لە دوو کەناڵ و دوو میدیای دیجیتاڵی لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە وەرگیراوە، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

دوای هەڵسەنگاندن و شیکاری بۆ زانیارییەکان و ئەنجامەکان، توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام گەیشتووە، کە گرنگترینیان بریتییە لە؛ دامەزراوە میدیاییەکان توانیویانە بۆ بواری بەرهەمهێنانی دەق، ڤیدیۆ, شیکاری داتا، گرافیک و دەنگ پشت بەزیرەکی دەستکرد ببەستن، هەروەها ئەم تەکنەلۆژیایە گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی بەرهەمهێناندا لە بیرۆکەوە بۆ بڵاوکردنەوە کردووە، لەدەرئەنجامێکی تردا دەرکەوتووە کە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەمەچەشن و خێراتر بکات، هەروەک ئامڕازێکی مەترسیداریشە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی دیپفەیک و زانیاری چەواشەکارانە لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا.


**وشە کلیلییەکان:** زیرەکی دەستکرد، بەکارهێنان، پەیامی هەڵبژاردن، هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەرهەمهێنانی میدیایی، هەرێمی کوردستان .

## 1. پێشەکی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە سەردەمی باڵادەستیی داتا و تەکنەلۆژیایە، زیرەکی دەستکرد تەنها ئامڕازێکی تەکنیکی نییە؛ بەڵکو بزوێنەری سەرەکیی و کارتێکەرێکی کاریگەری هەڵمەتە سیاسییەکانە و لە دامەزراوە میدیاییەکاندا میدیاکارێکی کارا و شاراوەیە.

لەم توێژینەوەیەدا، هەردوو کایەی میدیا و سیاسەت پێکەوە گرێدراون، تاوەکو کار لەسەر زیرەکی دەستکرد وەک پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەردەم بکرێت؛ ئەم تەکنەلۆژیایە وەک ڕەگەزێکی جەوهەری لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، گۆڕانکاریی گەورەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هێناوەتە ئاراوە، ئێستا لە سایەی داتا گەورەکاندا، پەیامەکان بە وردەکارییەکی ماتماتیکیانە بۆ هەر تاکێک دیزاین دەکرێن، بۆیە کاریگەری ڕاستەقینە و ئامانجدار دەبێت، بەهۆی ئەو هێزە کاریگەرەی تەکنەلۆژیاکە هێزە سیاسییەکان لەڕێگەی میدیاکانیانەوە یان لە پەیامە سیاسییەکانیاندا زیرەکی دەستکرد لەچوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکاردەهێنن.

لە ڕوانگەی هێزی زیرەکی دەستکرد لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، دامەزراوە میدیاییەکان وەک ئامڕازێکی کاریگەر و بەرهەمهێنەری پشت بەستوو بەداتا بەکاریدەهێنن، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەڕووی ئەو وەرچەرخانە جەوهەرییەی ئەم تەکنەلۆژیایە لە بەرهەمهێنانی پەیامە سیاسییەکان و بەڕێوەبردنی کێبرکێی هەڵبژاردنەکاندا دروستی کردووە، لەماوەی هەر سێ قۆناغی (بانگەشە، ڕۆژانی دەنگدان و دوای پرۆسە)، ئەمەش بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی زیرەکی دەستکرد لەخۆی کۆکردوەتەوە وەک تەکنەلۆژیایەکی بەرهەمهێن و داهێنەر، بووەتە جێی بایەخی ناوەندە سیاسیی و میدیاییەکان، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بە کەمترین تێچووی دارایی و بەخێراترین و وردترین ناوەڕۆک.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ پاژی سەرەکی پێکهاتووە،(میتۆدنامەی توێژینەوە، تیۆرینامەی توێژینەوە و پراکتیکی توێژینەوەکە)، لە پاژی یەکەم، لە میتۆدنامەدا ڕێکارەکانی توێژینەوە بەوردی خراوەتەڕوو لەوانە:(کێشە توێژینەوە، بایەخی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە، جۆر و میتۆدی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو)، هەروەها تیۆرینامەی توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم(تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد)، لە پاژی دووەم(ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا)، لە پاژی تەوەری(بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا) بە وردی خراوەتەڕوو، بەشی سێیەم بۆ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و شیکارییەکان بۆ زانیارییەکان کە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە کۆکراونەتەوە لە مشتەی توێژینەوەکە، پاشان(دەرئەنجامەکان، ڕاسپاردە و پێشنیازەکان) خراوەتەڕوو، هەروەها لە کۆتایدا لیستی ئەو سەرچاوانە دانراون، کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون.

### 1.1 ڕێبازنامەی توێژینەوەکە(میتۆدنامە)

### 1.1.1 کێشەی توێژینەوە:
لەگەڵ پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و پشتبەستنی دامەزراوە میدیاییەکان بە ئامرازە نوێیەکان، بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتەکاندا، زیرەکیی دەستکرد وەک بابەتێکی هەستیار و نوێ لە ئاستی جیهاندا گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێت و لێکەوتەکانی بووەتە جێگای مشتومڕ لەنێو بوارە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا؛ چونکە مۆدێل و ئامرازەکانی ئەم تەکنەلۆژیایە فاکتەرێکی کارا و سەرەکین بۆ کاریگەریی خستنەسەر ڕایگشتی، گۆڕینی ڕەفتار و ئاراستەکردنی دەنگدەران. سەرەڕای ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە لە دونیای هاوچەرخدا ترۆپکی توانست و هێزی خۆی لە ئاراستەکردنی پەیامەکاندا پیادە دەکات و لە هەرێمی کوردستانیشدا هەنگاو بەرەو پراکتیزەکردنی نراوە، بەڵام هێشتا تێگەیشتنێکی قووڵ نییە سەبارەت بەچۆنیەتیی کارکردنی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر جۆرییەتی پەیامەکان و تەکنیکەکانی بەڕێوەبردنی کێبڕکێی سیاسی؛ بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە هێشتا ئاست و شێوازی ئەم پشتبەستنە بە نادیاری ماوەتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لەو ناڕوونی و تەمومژییەدا سەرچاوە دەگرێت، کە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، و کاریگەرییە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی لەسەر پەرەسەندنی کایەی میدیا و کێبڕکێی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی پێویستی لەسەر ئەنجام نەدراوە.

لێرەوە، بۆ تیشکخستنەسەر ئەم ناڕوونییە و ناساندنی ڕەهەندەکانی، پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە بەم شێوازە دەخرێتەڕوو: شێوازەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا چیین، و ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە چۆن گۆڕانکاری لە کێبڕکێی هەڵمەتەکاندا لە هەرێمی کوردستان کردووە؟ لەگەڵ ئەم پرسیارە سەرەکییەدا، توێژینەوەکە دەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێکی تری لاوەکی بداتەوە:

١- بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە و کەناڵە میدیاییەکاندا چین ؟

٢- پاڵنەر و ئامانجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چیین ؟

٣- ئەو گۆڕانکاریانەی زیرەکی دەستکرد چیین کە بەسەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و ڕەوتی کاری بەرهەمهێناندا دروستیکردووە ؟

٤- ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد چیین ؟

### 1.1.2 بایەخی توێژینەوەکە:
بایەخی توێژینەوەکە لە کارکردن لەسەر تەکنەلۆژیایەکی نوێ سەرچاوەی دەگرێت، کە گۆڕانکاری لە ژینگەی کاری میدیایدا دروستکردوە ئەو گۆڕانکارییش ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەی سیاسی دا دەرکەوتوە، ئەوانیش زیرەکی دەستکرد و هەڵبژاردنە، کە هەردووکیان جێگەی مشت و مڕ و گفتوگۆکردنن و بایەخی زانستیان هەیە. لێرەدا لە چەند ڕەهەندێکەوە بایەخی ئەو توێژینەوەیە دەردەکەوێت:

١- بایەخی زانستی: توێژینەوەکە دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی یارمەتیدەر کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی میدیا و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و توێژینەوەکان لە بەشە زانستییەکانی ڕاگەیاندن و ئای تی و زانستە رامیارییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوە لەم بوارەدا تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان فراوانتر دەکات، لەگەڵ دەرخستنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە پرۆسەکەدا، جگەلەوەی دەرفەت بۆ توێژەرانی تر دەڕەخسێنێت بۆئەوەی لە گۆشەنیگا و ڕەهەندی دیکەوە لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدا ئەنجام بدەن، چونکە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد و لایەنی سیاسی یەکێکە لە بابەتە مشتومڕ ئامێزەکان لای توێژەرانی بواری سیاسەت و میدیا لەسەردەمی ئێستادا.

٢- بایەخی پراکتیکی: توێژینەوەکە ئەنجامی زانستی و زانیاری وورد دەخاتە بەردەم دەزگا و دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆژنامەوانان، سەبارەت بە زیرەکی دەستکرد و ئەو گۆڕانکاری و ئاڵنگاریانەی هێناویەتییە ناو ژینگەی کاری میدیاییەوە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکە وەک سەرچاوەیەکی زانستی پرۆگرامە تەکنیکییە بەکارهاتووەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ میدیاکاران و ڕۆژنامەوانان ڕووندەکاتەوە، بۆئەوەی لە کارە میدیاییەکانیاندا بەکاریبهێنن، لەڕێی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەوە، بڕیاردەرانی دامەزراوە میدیاییەکان و پارت و قەوارە سیاسییەکان، دەکرێت وەک پاڵپشتیکار و سەرچاوەیەکی بایەخدار سوودی لێوەربگرن، لە زانینی توانستی تەکنۆلۆژییە مۆدێرنەکان و کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەروەها دەکرێت شارەزایان و بەرهەمهێنەرانی ریکلام و پڕوپاگەندەی سیاسی و داڕێژەرانی پەیامی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن سوودی لێوەربگرن.

٣. بایەخی تەکنەلۆژی: توێژینەوەکە ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە دەستنیشانکردنی گرنگترین تەکنیک و ئامرازەکانی بواری تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە میدیادا، هەروەها دەرخستنی پێویستی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی میدیای و پەیامی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەهۆی تایبەتمەندییە بێ وێنەکانییەوە.

### 1.1.3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:
١- زانینی بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

٢- زانینی پاڵنەر و ئامانجەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵبژاردندا.

٣- زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی زیرەکی دەستکرد لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی پەیامدا دروستیکردووە.

٤- زانینی ئاڵنگارییەکانی بەرکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بۆ دامەزراوە میدیاییەکان.

### 1.1.4 جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:
توێژینەوەکە لەڕووی جۆرەوە بەتوێژینەوە پەسنکاریی(وەصفی)یەکان هەژمار دەکرێت، کە یەکێکە لە ڕێبازە بایەخدارەکان، گرنگی بەکۆکردنەوەی وەسفە زانستییە وردەکانی دیاردە لێکۆڵراوەکە دەدات، بەئامانجی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە هەبووەکانی نێوان دیاردەکان، هەروەها وردبینیکردن و لێکدانەوە و


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی دیاردەکە وەک ئەوەی لەراستیدا هەیە، لەو روانگەیەی سنورەکانی ئەم ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە تەنها لە وەسفکردندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و شیکاری ورد بۆ دیاردەکانیش دەکات، هەروەها توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی(جۆرایەتی) ( Qualitative Method) بەکارهێناوە، کە دیارترین میتۆدی بەکارهاتوون لە توێژینەوە وەسفییەکانی بواری گەیاندن و راگەیاندندا، بۆ گەیشتن بە زانیاری ورد و زانستی لەسەر ناوەڕۆکە بەرهەمهێنراوەکان بە زیرەکی دەستکرد، بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، زیاتر قوڵبوونەوە و تێگەیشتن لەو کاریگەری و گۆڕانکارییانەی زیرەکی دەستکرد لە رەوتی کاری بەرهەمهێنانی میدیایدا دروستیکردووە.

### 1.1.5 ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئامڕازی چاوپێکەوتنی زانستی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بەکارهێناوە.

چاوپێکەوتنی زانستی(Scientific Interview): چاوپێکەوتن وتووێژێکی ئامانجدارە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و "یەکێکە لە دیارترین و باوترین ئامڕازی میتۆدی توێژینەوەی زانستی بۆ بەدەستهێنانی داتای چۆنیەتی(Qualitative)"(محمد پوور، 2019، 153)، لە هەمانکاتدا، بۆئەوەی پرۆسە وردەکارییەکان لەبارەی دەستخستنی زانیاری، لەسەر سامپڵی کۆمەڵگەی توێژینەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی جێبەجێبکرێت، چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامڕازە سەرەکی و گرنگ و زانستییەکان بۆ دەستخستنی زانیاری و داتا(غەفور و نوری، 2025، 270)، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەگرتنەبەری ڕێوشوێنە زانستییەکان ئامڕازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، بۆ گەیشتن بەداتا و زانیاری ورد و لێکدانەوە و تێگەیشتنی قوڵ لەسەر دامەزراوە و کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بەتایبەت چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەمەش لەڕێگەی ئامادەکردنی فۆڕمێکی چاوپێکەوتنی زانستی بەشێوەیەک لەگەڵ پرسیار و ئامانجە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە یەک دەگرێتەوە، توێژەر چاوپێکەوتنی قووڵی ئەنجامداوە لەگەڵ بڕیاربەدەستان و داڕێژەرانی سیاسەتی کارکردنی دامەزراوەکان وەک(بەڕێوەبەرانی ژووری هەواڵ و بەرهەمهێنەرانی پەیام، بەرپرسانی تەکنیک و تەکنەلۆژیا، گرافیک دیزاینەر و مۆنتێری ڤیدیۆ و مۆشن گرافیک کە زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن)، لە هەر دوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە ئەنجامداوە، بۆ زانین شێواز و بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و چۆنیەتی پرۆسەی بەرهەمهێنان بەسوود وەرگرتن لە بەرنامە و خزمەتگوزارییەکانی زیرەکی دەستکرد.

### 1.1.6 کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە پێکدێت لە سەرجەم میدیاکارانی یەکەی هەواڵ و بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکان؛ و لە میدیای دیجیتاڵیی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، بەتایبەت ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی کردەیی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا بەشدارن و ئامڕاز، ئەپڵیکەیشنەکانی زیرەکیی دەستکرد بۆ ئەرکی جۆراوجۆر لە جێبەجێکردنی ئەرکە میدیاییەکان بەکاردەهێنن.

### 1.1.7 مشتەی توێژینەوەکە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتبەست بە بنەماکانی توێژینەوەی چۆنایەتی، مشتەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکردووە، کە تێیدا پێوەری سەرەکی دیاریکردنی قەبارەی مشتەکە قووڵیی زانیارییەکان و گەیشتن بووە بە ئاستی تێربوونی زانستی، پرۆسەکە لەڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ هەشت کەسایەتیی سەرەکی لە بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی یەکەکانی هەواڵ و بەشەکانی بەرهەمهێنان و لایەنی تەکنەلۆژی لە هەریەک لە کەناڵ و میدیای دیجیتاڵیی(کوردسات، ڕووداو) وەک نمونەی لێکۆڵراوی توێژینەوەکە جێبەجێکراوە، کە بەهۆی بەرپرسیارێتییەکەیانەوە ڕاستەوخۆ دەستیان لە پێکهێنانی سیاسەت و ستراتیژی کارکردنی دامەزراوەکانیاندا هەیە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم دوو دامەزراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ :

١. بەپێی بەدواداچوون و ڕووپێوییەکی سەرەتایی توێژەر لەگەڵ سەرپەرشتیارانی تەکنیکی و بەڕێوەبەرانی بەشەکانی هەواڵ، ئایتی و بەرهەمهێنان دەرکەوتووە کە ئەم دوو دامەزراوەیە جگەلە بوونی پسپۆڕ و گەشەپێدەری تەکنەلۆژیاکە بەراورد بە میدیاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، نوێترین کەرەستە و ئامڕازی زیرەکیی دەستکردیان لە بواری بەرهەمهێناندا هەیە.

٢. ئەم دوو دامەزراوەیە خاوەنی زۆرترین و هەمەجۆرترین پەیام و پڕۆژەی میدیاین کە تێیاندا پشتبەستن بەم تەکنەلۆژیا نوێیە بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی بۆ شیکردنەوە و بەدواداچوونی زانستی دابین کردووە.

٣. جیاوازیان لەڕووی ستراتیژیی کارکردن، شێوازی داڕشتنی پەیام و فۆرمی میدیاییەوە وەک کەناڵ و میدیایی دیجیتاڵی، هۆکارێکی بابەتی و سەرەکی هەڵبژاردنیان بووە وەک مشتەی توێژینەوە، کە لە ئەنجام و دەرئەنجامەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

### 1.1.8 بوارەکانی توێژینەوەکە:

١.بواری بابەت: سنوری ئەم توێژینەوەیە لەڕووی بابەتەوە بریتییە لە باسکردنی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2025 دا.

٢.بواری کات: پرۆسەی کارکردن لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی کاتییەوە بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێت؛ قۆناغی یەکەم تایبەتە بەو پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییانەی کە بە ئامرازەکانی زیرەکیی دەستکرد لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بڵاوکراونەتەوە، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ماوەکە لەنێوان (3-10 بۆ 8-11-2025) دیاریکرابوو، جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە و کۆکردنەوەی داتاکان لەنێوان ساڵانی (2025-2026) بووە، بەشێوەیەک کە قۆناغی دووەمی کارەکە کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە قووڵەکان لەگەڵ بڕیاربەدەستان و داڕێژەرانی سیاسەت و پلان و پسپۆڕانی تەکنەلۆژیا لە دامەزراوەکاندا، لە ماوەی نێوان لە (15-4-2026 تاوەکو 1-6-2026)دا جێبەجێ کراوە.

٣.بواری مرۆیی: دەستەبژێرێکە لە سەرپەرشتیاران، بەڕێوەبەران، توێژی بڕیاربەدەستان و بەرهەمهێنەرانی پەیام و ناوەڕۆک لە

دامەزراوە میدیاکانی هەریەک لە(کوردسات، ڕووداو) و میدیایی دیجیتاڵی ئەو دامەزراوانە لە خۆدەگرێت.

٤.بواری شوێن: لەڕووی شوێنەوە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بەتایبەت پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی)، کە شوێنی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە.

**1.1.9 ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** لە ڕاستی ڕواڵەتی چاوپێکەوتنی قووڵدا، توێژەر ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە بۆ ئامرازەکە بۆ پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە، کە بریتییە لە نیشاندانی فۆرمەکە بەژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی و پسپۆڕ و بە ئەزموون، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢)، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی تێبینییەکان و بڕیاردان لە ئاستی شیاوی پرسیارەکان، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە تێبینیەکانیان بەهەند وەرگیراوە و چەند گۆڕانکاری و هەموارێک بۆ زیاتر گونجاندنی پرسیارەکانی فۆرمەکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە کرا؛ و فۆرمەکە بەڕێژە (92.8%) ڕێکەوتنی هەڵسەنگێنەرانی وەرگرت، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە دروستی فۆرمەکە نیشاندەدات، بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

ڕاستی ڕواڵەت = ( کۆی برگەی گونجاو ÷کۆی گشتی ) ×100

ڕاستی ڕواڵەت = ( 13 ÷14 ) ×100 = %92.8

ئەم ئەنجامە ڕێژەیەکی گونجاو و ڕاستییەتی پرسیار و برگەکانی ئامرازی چاوپێکەوتنی زانستی توێژینەوەکە دەردەخات.

**1.1.10 دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:**

بەکارهێنان: مەبەست لە چەمکی بەکارهێنان لێرەدا، کردەی قبوڵکردن و خستنەگەڕی ئەو تەکنەلۆژیا و ئامراز و نەرمەکاڵا و خزمەتگوزارییانەی زیرەکی دەستکردە لەلایەن دامەزراوە و میدیاکارانەوە، لەنێو ژینگەی کار و پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیام و بەرهەمە جۆراوجۆرە میدیاییەکاندا، ڕەنگدانەوەی لە باشترکردنی کارایی و بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنان.

زیرەکی دەستکرد: لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لێی ئەو ئامراز و مۆدێلە تەکنەلۆژییە زیرەکانەیە کە توانای لاساییکردنەوەی ئەرکە ژیرییەکانی مرۆڤیان هەیە، وەک پێشبینیکردن، داڕشتن، کورتکردنەوە، کۆکردنەوە و پرۆسێسکردنی داتا گەورەکان و بڕیاردان، ئەم ئامرازانە لەلایەن میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکی میدیاییدا وەک (دەق، وێنە، دەنگ و ڤیدیۆ) بەکاردەهێنرێن.

بەرهەمهێنانی میدیایی: لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە بەرهەمهێنان پرۆسەیەکی داهێنەرانەی میدیاییە، لەڕێگەی بە ئۆتۆماتیککردنی ئەرکەکانی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، بەهۆی بەکارهێنانی نەرمەکاڵا و تەکنەلۆژیاکانی زیرەکی دەستکرد لە بیرۆکە و پلانەوە بۆ بڵاوکردنەوە، بە ئامانجی خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکێکی میدیایی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەوە، وەک ناوەڕۆکەکانی دەق، گرافیک، دەنگ و ڤیدیۆ کە دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەمیان هێناوە.

پەیامی هەڵبژاردن: لێرەدا مەبەست لەو پەیامە جۆراوجۆر و ناوەڕۆکە میدیاییانەیە کە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی یان لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و نەرمەکاڵا و ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لەلایەن میدیاکاران و دەزگاکانی میدیاییەوە بەرهەمێنراون و پەخش کراون.

هەڵمەتی هەڵبژاردن: پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی کاریگەرە کە ڕێکارەکانی بە یاسا و ڕێنمایی ڕێکخراوە، پاڵێوراو و حزب و قەوارە سیاسییەکان بەماوەیەک بەر لە دەنگدان ئەنجامی دەدەن، بە بەکارهێنان و گرتنەبەری چەندین ئامراز و شێواز بۆ قەناعەتپێکردن و گەیاندنی پەیامەکانیان بە جەماوەر.

لێرەدا توێژەر بەمەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە کە لەماوەی کە لە(٣-١٠ تا ٨-١١-٢٠٢٥)بووە، بۆ لێکدانەوە و گەنگەشەکردنی ئەو پەیامە بەرهەمێنراوانەی لەبارەی هەڵبژاردنەوە بەرهەمهێنراون و بڵاوکراونەتەوە.

هەرێمی کوردستان: لە دەستوری نوێی کۆماری عێراقی فیدراڵیدا، وەک هەرێمێکی خاوەن دەسەڵاتی فیدراڵی دانی پێدانراوە(دەستوری عێراق، ٢٠٠٥، ماددەی ١١٧) و لە چوار پارێزگا(هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین پێکدێت، ڕووبەرەکەی ٤٢ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشەیە و بەگوێرەی سەرژمێری گشتی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠٢٤ دانیشتووانەکەی ٦ ملیۆن و ٥١٩ هەزار کەسە.

**1.1.11 تووێژینەوەکانی پێشوو:**

١.**توێژینەوەی(یاسین، ئەحمەد تەها، ٢٠٢٥)**، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا) نوسراوە، توێژینەوەکە سەر بەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و بەڕێبازی ڕووپێوی ئەنجامدراوە، پشتی بە ئامرازی ڕاپرسی بەشێوەی ئۆنلاین(گووگڵ فۆرم) بەستووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە سەرجەم میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان؛ ئەوانەی لە میدیا دیجیتاڵی و دامەزراوە میدیاییەکان ئەزموونی کارکردنیان هەیە، سامپڵی فۆرمی ڕاپرسییەکە (318)میدیاکار بوون

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:(دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، ناسینی دیارترین ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد کە لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیای دیجیتاڵیدا بەکاردەهێنرێت. خستنەڕووی ڕۆڵی بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لەڕووی وردبینی و بێلایەنی و خێرایی ناوەڕۆکی میدیاوە. زانینی بۆچوونی میدیاکارانی دامەزراوە میدیاییە دیجیتاڵییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە کارەکانیاندا. بەدواداچوون بۆ دیدگا و چاوەڕوانی و مەیلی میدیاکاران بۆ ئاییندەی میدیای، شیکردنەوەی ڕێگاکانی ئەم ئاییندەیە و ڕۆڵی ئەو تەکنەلۆژیایانە لەسەری.)

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:(ڕادەی بایەخپێدانی دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیای دیجیتاڵی، لە ئاست چاوەڕوانیی میدیاکاراندا نییە؛ سەرباری ئەوەی لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و تاکەکەسیش درک بەگرنگیی ئەو تەکنەلۆژیایە دەکرێت بۆ سوودوەرگرتن لێی. بەوپێیەی تەکنەلۆژیا بۆتە بەشێکی سەرەکیی پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیایی دامەزراوە میدیا دیجیتاڵییە کوردییەکان، بەبێ میدیاکاری پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ ناتوانن ئەو کارە بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە تەکنەلۆژیا و ژیریی دەستکرد شارەزان، بۆئەوەی بتوانن لە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی دیجیتاڵیدا ڕۆڵی خۆیان ببینن. لە میدیای


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ديجیتاڵیی كوردیدا، ژیریی دەستكرد بووەتە ئامرازێكی پەرەپێدانی نووسین و وەرگێرانی میدیایی؛ هەروەها باشتركردنی كواڵیتی ناوەڕۆكی بینراو و دەنگی، ئەمەش كارایی دامەزراوەكانی میدیا لە گەیاندنی پەیامی دیجیتاڵیی پیشەیی و هەمەچەشنتر بەرزدەكاتەوە.)

٢. **توێژینەوەی (حەمید، ساڵح محەمەد، ٢٠٢٤)**، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تأثير استخدام الذكاء الاصطناعي على صناعة المحتوى الاعلامي لدى المحررين الاخباريين في القنوات الفضائية و الاذاعية اليمنية) نوسراوە، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەكانە و پشتی بە بەكارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی میدیایی تەواوی هۆیەكانی ڕاگەیاندن بەستووە، ڕاپرسییەكەش وەك ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتووە و لەسەر سامپڵێك جێبەجێكراوە كە لە (١٠٠) كارمەندی كەناڵەكان و ڕادیۆكان و بەدیاریكراوی (هەواڵسازەكان) پێكهاتووە كەژیرەكی دەستكرد بەكاردەهێنن.

لە گرنگترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:( ڕوونكردنەوەی پەیوەندیی نێوان بەكارهێنانی تەكنیكی زیرەكی دەستكرد و جۆری ئەوەی بەردەستە لای هەواڵسازەكان. زانینی ڕێژەی تێربوونە بەدەستهاتووەكانی هەواڵسازەكان لەپشت بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد لەكەناڵە ئاسمانیی و ڕادیۆییەكاندا. زانینی پاڵنەرەكانی پشتی پشت بەستن بەتەكنیكی زیرەكی دەستكرد لای هەواڵسازەكان.)

لە گرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:(دەرەنجامەكان بوونی كاریگەریی بەكارهێنانی زیرەكی دەستكردی لەپێشەسازی ناوەڕۆكی میدیایی هەواڵسازەكان لەكەناڵە ئاسمانی و ڕادیۆكانی یەمەندا، دەرخست. پەیوەندییەكی ئاماری هەیە لەنێوانی پێكهاتەی هەواڵسازەكان و پێكهێنانی هوشیاری سیاسی هەواڵسازەكان. كەمی زانیارییەكان لەبواری سیاسیدا لای هەواڵسازەكان دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی زیرەكی دەستكرد و پشتبەستنی هەواڵسازەكان لەسەر تەكنیكەكانی زیرەكی دەستكرد لەسەر بنەمای بەردەست بوونی زانیاریی جۆراوجۆرە، هەروەها هەواڵسازەكان دەتوانن لەكەناڵە ئاسمانییەكاندا كاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسی یەمەنیەكان دروست بكەن. نەبوونی پەیوەندییەكی ئاماری لەنێوانی ئەو بابەتانەی كەبەرنامەی زیرەكی دەستكرد پێشكەشی دەكەن و ئەدای سەرنووسەرانی هەواڵ و هەواڵسازی ئەو كەناڵانەدا، كەهەواڵسازەكانی سامپڵی توێژینەوەكە پێیانوایە ئەو زانیارییانەی كە تەكنەلۆژیای زیرەكی دەستكرد نمایشی دەكات بەس نیە بۆ پەرەپێدانی بواری زانیارییان، هەروەک ڕێكناكەون لەسەر ئەوەی تەكنیكی زیرەكی دەستكرد گرنگی بەدۆسیە و بابەتە سیاسییەكان بدات بەو ڕێژەیەی بەس بێت كەكەناڵە ئاسمانییەكان پەخشی دەكەن.)

٣. **توێژینەوەی(Anya Adebayo ، ٢٠٢٤)**، ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( Campaigning in the Age of AI: Ethical Dilemmas and practical Solutions for the UK and US) نوسراوە، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەكانە و لەڕێگەی میتۆدی وەسفی شیكارییەوە كاری لەسەر ڕۆڵ و كاریگەری بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد لە هەر دوو كەیسی ڕیفراندۆمی دەرچوونی بریتانیا لە یەكێتی ئەوروپا و هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكا كردووە، پێداچوونەوە و شیكاری كردووە لەسەر لێكۆڵینەوە و داتا و بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە پەیوەندیدارەكانی هەر دوو كەیسەكە پەیوەست بەچۆنیەتی بەكارهێنانی تووڵەكانی زیرەكی دەستكرد، هاوكات توێژینەوەكە خوێندنەوەی بۆ ڕۆڵی زیرەكی دەستكرد لە بەهێزكردن و پتەوكردنی كواڵیتی هەڵمەتەكان و كاریگەرییەكانی لەسەر دەنگدەران كردووە.

لە گرنگترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:( تەكنیكەكانی بەكارهێنانی تەكنیكەكانی زیرەكی دەستكرد لە بانگەشەكاندا. مەترسی و ئاڵنگارییەكانی بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد و كاریگەری لەسەر متمانەی دەنگدەران. لەڕووی یاساییەوە چۆن بەكارهێنانی ئەم تەكنەلۆژیایە ڕێكدەخرێت و دەخرێتە خزمەتی بەشداریكردنی سیاسی هاوڵاتیان و شەفافیەت و دادپەروەر لەپرۆسەكانی بانگەشە و دەنگداندا.

لە گرنگترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:(ئاوێتەكردنی زیرەكی دەستكرد لەهەڵمەتە سیاسییەكاندا مژدەی سەردەمێک لەدەرفەتی بێ وێنەیداوە، زیرەكی دەستكرد تەكنەلۆژیایەكە بۆ بەهێزكردنی بەشداری دەنگدەران و باشتركردنی ستراتیژەكانی هەڵمەتەكان، و زیادكردنی كواڵیتی بەكارهێنانی سەرچاوەكان. نەبوونی بابەتی لێپرسینەوە لە زانیارییە لێڵەكان كە زیرەكی دەستكرد بڵاوی دەكاتەوە و ادەكات متمانەی جەماوەر بە پرۆسەی هەڵبژاردن نەمێنێت. مەترسییەكانی خراپ بەكارهێنانی زیرەكی دەستكرد دەبنە هەڕەشە بۆ سەر بێگەردیی سستمی دیموكراتی و ڕووبەڕووی كۆمەڵێک ئاڵنگاری دەكاتەوە. ئایندەی هەڵمەتە سیاسییەكان لەسەردەمی زیرەكی دەستكرد دا پشت دەبەستێت بەتوانای ئەو كەسانەی دروستكەری بڕیارن و شارەزا و تەكنیككارن بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان داهێنان و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی. دانانی چوارچێوەیەكی گشتگیری یاسای لەگەڵ چەند بنەمایەكی ئاراستەكردنی ئەخلاقی بۆ زامنی بەكارهێنانی بەرپرسیارانەی زیرەكی دەستكرد لەهەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا پێویستە بۆ ڕێگریكردن لە دروستبوونی مەترسییەكان و سوود وەرگرتن لەم تەكنەلۆژیا پێشكەوتووە.)

**تاوتوێكردنی توێژینەوەكانی پێشوو:** دوای خستنەڕووی سێ توێژینەوەی جیاواز بە زمانەكانی (كوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، كە سەرجەمیان نزیكی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ناوەڕۆک و گۆڕاوەكانی ئەم توێژینەوەیە هەیە، توێژەر هەڵسەنگاندن و بەراوردكارییەک لە نێوان ئەو كارانە و ئەم توێژینەوەیەدا ئەنجام دەدات، لەڕووی ئامانجەوە، ئەم كارە هاوشێوەی توێژینەوەكانی (یاسین، ٢٠٢٥)، (حەمید، ٢٠٢٤)، و (Adebayo, 2024) لێكۆڵینەوە بۆ ڕۆڵ و كاریگەری زیرەكیی دەستكرد لە بەرهەمهێنان و دارشتنی پەیام و ناوەڕۆكی میدیاییدا دەكات، و لەڕووی جۆریشەوە هاوشێوەی توێژینەوەكانی پێشوو لەخانەی توێژینەوە وەسفییەكاندا پۆلێن دەكرێت، بەڵام جیاوازیی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆد و ئامرازی كۆكردنەوەی داتاوە دەردەكەوێت؛ بەجۆرێک لە توێژینەوەكانی پێشوودا پشتیان بە میتۆدی بڕی(چەندایەتی) و ئامرازەكانی فۆرمی ڕاپرسی، شیكردنەوەی ناوەڕۆک و پێداچوونەوەی بەڵگەنامەیی بەستووە، لەكاتێكدا ئەم توێژینەوەیە بە تەواوی پشتی بە میتۆدی چۆنایەتی و ئامرازی چاوپێكەوتنی قووڵ بەستووە. سەرەڕای ئەوەی بابەتەكە لەڕووی گۆڕاوە سەربەخۆ و شوێنكەوتەكانەوە لە كارەكانی پێشوو نزیكە، بەڵام جیاوازیی ڕیشەیی لە كاتی ئەنجامدان، سروشتی كۆمەڵگە، ژینگەی جێبەجێكردن و مشتەی لێكۆڵینەوەكەدا هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی نوێ كە وەک زیادكراوێكی زانستی، بە هایەكی سەربەخۆ بە لێكۆڵینەوەیە دەبەخشێت.

## 1.2 زانیارینامەی توێژینەوەکە (تیۆرینامە)

### 1.2.1 تەوەری یەکەم: زیرەکی دەستکرد

### 1 چەمک و پێناسەی زیرەکی دەستکرد:

زیرەکی دەستکرد وەک زاراوەیەکی نوێی بواری تەکنەلۆژیا، لەهەردوو وشەی زیرەکی(Intelligence-الذكاء) و دەستکرد(Artificial-الاصطناعي)پێکهاتووە، زیرەکیی دەستکرد ئەگەرچی لەسەردەمی ئێستادا وەک دەستەواژەیەکی تەکنیکی ناوبانگی زۆری پەیداکردووە، بەڵام لە بنەڕەتدا داڕشتنی زاراوەکە نوێ نییە، بەڵکو مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، کاتێک پرۆفیسۆر جۆن مەکارسی لە زانکۆی ستانفۆرد لە نووسینی پرۆژەیەکیدا بۆئەنجامدانی کۆنفرانسێک لە ساڵی (١٩٥٦) ئەنجامدرا و تێیدا بە ڕەسمی و بۆ یەکەمجار زاراوەی زیرەکی دەستکرد بۆ وەسفکردنی زانست و ئەندازیاری دروستکردنی ئامێری زیرەک بەکارهێنا ( de-Lima-Santos, M.F and Ceron, W.,2022, p.14).

زیرەکی دەستکرد وەک چەمکێکی فرە ڕەهەندی بواری تەکنەلۆژیا، بەگوێرەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنان و قۆناغەکانی گەشەسەندنی لەلایەن زانایان و پسپۆڕان و ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، ئەگەرچی تائێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکگرتوو بۆ زیرەکی دەستکرد نییە، پسپۆڕانی بوارەکە بە چەندین شێواز ناساندوویانە، بەڵام کۆدەنگییەکی هاوبەش لەسەر بوونی پێکهاتەی مرۆیی و ئامێریی و تەکنەلۆژی لەنێوانیاندا هەیە، بەجۆرێک کە زیرەکی سیستەمەکە لە زیرەکی مرۆڤەوە وەگیراوە و هاوشێوەکردنی پرۆسەکانی زیرەکی مرۆڤە لەلایەن کاربەرنامە و کۆمپیوتەرەوە و ئامانج لێی دروستکردنی ئامێر و کاربەرنامەیە کە تایبەتمەندی زیرەکی وەک مرۆڤی تێدابێت، بۆ ئەمەش داتا و زانیاری وەردەگرێت و فێردەبێت، دواتر بەکاریدەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئەرکەکان.(بوخاري، ٢٠٢٣،ل٦٩)

جۆن مەککارسی کە بە باوکی زیرەکیی دەستکرد ناسراوە و یەکەم کەس بوو کە زاراوەی زیرەکی دەستکردی بەکارهێنا و یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی پێشخستنی زیرەکیی دەستکردیش بووە، لە پێناسەکەیدا بۆ زیرەکی دەستکرد دەڵێت"زانست و ئەندازیاری دروستکردنی ئامێری زیرەکە"( عبدالكريم، 2024، 16).

لە ڕوانگەی هەردوو زانا و پسپۆڕی بوارەکە(ستوارت ڕوسێل و پیتەر نۆڤیگ) کە لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا (Artificial Intelligence: A Modern Approach)، پێناسە جیاوازەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ چوار بەش و جۆری سەرەکی پۆلێن دەکەن، کە زۆربەی تێگەیشتنەکان کۆدەکاتەوە و بریتییە لە"بیرکردنەوە وەک مرۆڤ، بیرکردنەوەی زیرەکانە، ڕەفتارکردن وەک مرۆڤ، ڕەفتارکردنی زیرەکانە" (Russell & Norvig, 2021, 4-5)، لەنێو پۆلێنکردنەدا تێڕوانینی ڕەفتارکردنی زیرەکانە بە گونجاوترین دادەنێن کە تێیدا زیرەکی دەستکرد وەک "بریکارێکی عەقلانی" پێناسە دەکرێت کە سیستەمێکە کۆی زانیارییەکانی پێدراو لە ژینگەکەیەوە وەردەگرێت، دواتر کاردانەوە و بڕیاری دروست بۆ بەدەستهێنانی باشترین دەرئەنجامی چاوەڕوانکراو بدات.

فەرهەنگە جیهانییەکان پێناسەی چەمکی زیرەکی دەستکردییان کردووە، لەوانە لەفەرهەنگی (کامبیرج) زیرەکی دەستکرد دەناسێنێت "لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ئامێرگەلێک کە هەندێک لەو کواڵێتییەیان هەبێت کە مێشکی مرۆڤ هەیەتی، وەک توانای تێگەیشتن لە زمان، ناسینەوەی وێنەکان، چارەسەرکردنی کێشەکان، و فێربوون" ( Cambridge ،2026 Dictionary).

فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)یش لەبارەی ناساندنی زیرەکی دەستکردەوە دەڵێت"تیۆری و پەرەپێدانی سیستەمی کۆمپیوتەر کە توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەیان هەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستیان بە زیرەکیی مرۆڤ هەیە، وەک تێگەیشتنی بینراو، ناسینەوەی دەنگ، بڕیاردان و وەرگێڕان لە نێوان زمانەکاندا" (Oxford Dictionary،2026).

لە ڕوانگەی کۆی ئەو پێناسانەی بۆ چەمکی زیرەکی دەستکرد خرانەڕوو، بۆ توێژەر وەها ڕوون دەبێتەوە کە زیرەکی دەستکرد دروستکردنی سیستەم و بەرنامەڕێژکردنی کۆمپیوتەر و ئامێرەکان، بۆئەوەی ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە بەشێوەیەکی گشتی پێویستیان بە ژیریی مرۆڤ هەیە، ئەرکەکانیش وەک بیرکردنەوە، فێربوون، ناسینەوەی وێنە و نەخشەکان، بڕیاردان، شیکارکردنی داتا، تێگەیشتن لە زمان، چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا، ئەمەش بەجۆرێک کە ڕەنگدانەوەی پرۆسە مەعریفییەکانی مرۆڤ بێت.

### 2 سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد

سەرچاوە زانستییەکان و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان دەیسەلمێنن کە بیرۆکە و چەمکی زیرەکی دەستکرد بەراورد بە زانستەکانی تر زۆر نوێ نییە، ئەگەرچی بەرهەمی چەندین سەدە پرسیار و بیرکردنەوە و تیۆر و گریمانەی زانایان و بیرمەندانە، کە لەبارەی سروشتی عەقڵ و ژیری مرۆڤ و ئەگەرەکانی هاوشێوە دروستکردنەوە و توانای پەرەپێدانی مێشکی دەستکرد گەڵاڵەیان کردووە، بۆیە زیرەکی دەستکرد بەرهەمی ئەو هەنگاو و تاقیکردنەوە و سەرکەوتنانەیە کە مرۆڤ لەبواری تەکنەلۆژیا و پەرەپێدانی ئامێردا لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەدەستیهێناوە.

لەساڵی 1950 دا ، زانای کۆمپیوتەری بەریتانی (ئالان تورینگ) کە بە باوکی کۆمپیوتەری مۆدێرن ناسراوە، چەمکێکی پێشنیارکرد بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکی ئامێرەکان کەبە تاقیکردنەوەی تورینگ ناسراوە، بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی توانای ئامێرەکە بۆ نیشاندانی ڕەفتارێکی زیرەکانە کەهاوشێوەی مرۆڤ بێت، ئەمەشی بە ڕێگایەکی پراکتیکی خستەڕوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی سەرنج لەسەر پرسیاری (ئایا ئامێرەکان دەتوانن بیر بکەنەوە؟) بۆ پرسیاری (ئایا ئەوان دەتوانن لاسایی ڕەفتاری مرۆڤ بکەنەوە بەجۆرێک جیاکردنەوەیان مەحاڵ بێت؟)، کە دواجار بووە بەردی بناغەی فەلسەفە و زانستی ژیری دەستکرد و سەرهەڵدانی چەندین دەیە لەمشتومڕ و توێژینەوە لەسەری.(Murugesan, San, 2025,20)، دواتر لەساڵی 1943 هەردوو پسپۆڕان وارن مەککۆلۆچ و واڵتەرپیتس بەسود وەرگرتن لە تیۆرەکەی تورینگ یەکەم مۆدێلی دەمارەخانەی دەستکردیان ناساند، ئەمەش بەهۆی پێکەوەگرێدانی چەند بوارێکی جیاوازبوون کە بریتین لە فیسیۆلۆژیای مێشک، لۆژیکی بیرکاری و تیۆری ئالان تورینگ، سەلماندیان کە هەر کردارێکی ژمێریاری دەکرێت لەڕێگەی تۆڕێک لەم دەمارە بەیەکەوە گرێدراوانەوە جێبەجێ بکرێت و هەروەک باسیانلەوەکرد کە تۆڕەکان توانای فێربوونیان هەیە، بۆیە ئەم کارەیان بە یەکەم هەنگاوی کردەیی بۆ دروستکردنی ئامێرێک کە توانای


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

بیرکردنەوەی هەبێت هەژمار دەکرێت.( Russell and Norvig, 2021, 17).

دەرکەوتن و بەکارهێنانی چەمک و زاراوەی زیرەکی دەستکرد بۆ کۆنگرەی دارتمۆس لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە، لە چوارچێوەی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی ئەکادیمی بۆ کۆنگرەیەک کە لە ساڵی 1956لە کۆلێژی دارتمۆس بەناوی(پرۆژەی توێژینەوەی هاوینەی دارتمۆس) ئەنجامدرا، پرۆفیسۆر جۆن مەکارسی لە زانکۆی ستانفۆرد لەو کۆنفرانسەدا بەهەماهەنگی چەندین زانای دیاری بوارەکە لەوانە: مارڤین مینسکی، ناتانیێل رۆچێستەر و کلۆد شانۆن، بناغەی چەمکەکانی بواری زیرەکی دەستکردیان وەک زانستێک دارشت، هەروەها پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە دەتوانرێت ئامێر توانایەکی بەبەرگدا بکرێت، رەفتاری زیرەکانە ئەنجامبدات(18،سەرچاوەی پێشوو، Russell and Norvig)، بۆیە مێژووی بەکارهێنان و ناوهێنانی چەمکی زیرەکی دەستکرد لەلایەن جۆن مەکارسی لە کۆنگرەکەدا بەوادەی لەدایکبوونی رەسمی زیرەکی دەستکرد ناودەبرێت.

ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە لەناوەڕاستی ساڵی 1965بۆ یەکەمجار لەلایەن ژمارەیەک زانای بواری تەکنەلۆژیا و بیرکاری زیاتر دەرکەوت، پێکەوە هاوڕابوون لەسەر بیرۆکەی دروستکردنی کۆمپیوتەرێک کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەک بێت گرنگترینیان بریتی بوو لەوەی کۆمپیوتەرەکە بەڕاستی بتوانێت بیربکاتەوە، هەرچەندە ئەو بیرۆکەیە لەو مێژووەدا نەتوانرا کاری لەسەر بکرێت و تارادەیەکیش وەک بیرۆکەیەکی بێ بنەما وێنا دەکرا، بەڵام دواتر لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکان بۆ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا ئەو تێگەیشتنە دروست بوو کە یەکێکەبووە لە پێشنیازە باشەکان بۆ داهێنانە تەکنەلۆژییەکان و تائێستا بەبەردەوامی نوێگەری تێدا دەکرێت.(گەشاو و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، ٤٩).

ساڵەکانی کۆتایی شەستەکان مێژووی گەشەسەندنی زیرەکی دەستکرد ئاوێتەیە لەدانانی تیۆری و هەوڵە ئەندازیارییەکان بەشێوەی کردەیی و بە سەردەمی گەشبینی و هیوای زۆر ناسراوە، زانایانی پەیمانگای توێژینەوەی ستانفۆرد وەک سیمۆن و مینسکی باوەڕیان وابوو کە کێشە زانستییەکانی زیرەکی دەستکرد لەماوەی نەوەیەکدا چارەسەردەکرێت و زیرەکیی بۆ ئامێر دروست دەبێت بەجۆرێک بتوانێت فێربێت و بیربکاتەوە، ئەو تێڕوانینە بووە هەوێنی داهێنانی یەکەمین رۆبۆتی زیرەک لەساڵی ١٩٦٩ کە توانای هەندێک جوڵە و تێگەیشتن و چارەسەری هەندێک کێشەی هەبوو بەناوی شاکی ( Nilsson,N.J.، 2009 ، 207-213)، لەگەڵ ئەوەشدا لەناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو تاوەکو نەوەدەکان توێژەران بەبودجەیەکی کەمیشەوە هەر بەردەوام بوون، سەرئەنجام لە کۆتایی نەوەدەکاندا کۆمپانیا ئەمریکییەکان جارێکی تر بایەخیاندایەوە بە کارکردن بۆ پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد، هەروەها حکومەتی ژاپۆن پلانی دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی نەوەی پێنجەمی بۆ بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی زیرەکی دەستکرد راگەیاند(سمایل، ٢٠٢٥، ٣٠).

لە سەدەی بیست و یەکدا، زیرەکی دەستکرد بوژانەوەی گەورەی بەخۆیەوەبینی کە بە سەردەمی شۆڕشی فێربوونی قووڵ و فێربوونی ئامێر ناسراوە، بەجۆرێک لە تاقیگەوە هاتە ناو ژیانی خەڵکەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، وەک پزیشکی، پیشەسازی، ئەندازیاری، تەکنەلۆژیا، بازرگانی و تەنانەت میدیا، ئەمەش بەهۆی پەرەدان و بەهێزبوونی توانای کۆمپیوتەرەکانەوەیە، (25،هەمان سەرچاوەی پێشوو، Russell and Norvig)، بۆیە بەشێوەیەکی خێرا لەزۆر بواری ژیاندا بەکارهێنرا، وەرچەرخانی گەورە و راستەقینەش لە ساڵی ٢٠١٢دا روویدا، بە هاتنەئارای تەکنیکی فێربوونی قووڵ کە توانی شۆڕشێک لە ناسینەوەی وێنە و دەنگ بەرپا بکات( LeCun, Bengio, & Hinton, 2015, p. 436)، لە ساڵی ٢٠١٧وە مرۆڤایەتی چۆتە سەردەمی زیرەکی دەستکردنی بەرهەمهێنەر (Generative Ai) (Vaswani et al.، 2017، 1).

هەنگاوەکانی پەرەپێدان لەم تەکنەلۆژیایەدا لەئێستادا گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ و بەشێکە لە ئامانجی ژمارەیەک کۆمپانیا و پرۆژە گرنگەکان کە رۆژانە لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەهێنرێت، لەوانە: (OpenAi, Facebook Ai, DeepMind Health, Research)، ئەمەش ئاماژە کە بەهۆی پەرەسەندنە سەرسوڕهێنەرەکانییەوە لەخەونێکی زانستییەوە گۆڕا بۆ بوون بە واقیعێک و تەکنەلۆژیایەکی بەردەستی گرنگ و پێویستییەکی ژیانی رۆژانە(عليوي ،٢٠٢٣، ١٦).

**3 جۆرەکانی زیرەکی دەستکرد:**

پۆلێنەکان لەبارەی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بەگوێرەی تواناکانیان بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەبن، کە بریتین لە:

١. زیرەکی دەستکردی سنووردار (Artificial Narrow Intelligence): زیرەکی دەستکردی سنووردا کە بەزیرەکی تەنگەبەر یان لاوازیش ناودەبرێت، بریتییە لەو جۆرەی زیرەکی دەستکرد کە توانای جێبەجێکردن و ئەنجامدانی تەنها ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، لە یەک بواری دیاریکراودا شارەزایە، بۆیە بە زیرەکی دەستکردی تایبەتمەندیش دەناسێنرێت، بەجۆرێک دیزاینکراون ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو ئەرکەی لەسەر بەرنامەرێژکراوە کار بکات، نموونەکانی ئەمجۆرە کە لە ئێستادا لە جیهاندا بەکاردەهێنرێت بریتین لە: یاریدەدەرە دەنگییەکان سیری Siri و سیستەمی ناسینەوەی دەموچاو Face id و ئۆتۆمبێلی خودکار (ئۆتۆماتیکی) و ئەلێکسا Alexa و گەڕان لە گووگڵ و سیستەمی پێشنیارکردن وەک نێتفلیکس Netflix (Liu,2021,p.3,4).

٢. زیرەکی دەستکردی گشتیی(Artificial General Intelligence): زیرەکی دەستکرد لەم ئاستەیدا کارامەیی و لێهاتوویییەکانی بەشێوەیەکە؛ هاوشێوەی مێشکی مرۆڤە، بەجۆرێک دەتوانن رەفتارەکانی مرۆڤ لەڕووی بیرکردنەوە و فێربوون و تێگەیشتن و کەڵەکەکردنی ئەزموونەکان و بڕیار وەرگرتن، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە دەتوانێت لەگەڵ باروودۆخ و ژینگە نوێییەکان خۆی بگونجێنێت، ئەم ئاستەی زیرەکی دەستکرد تائێستا لە قۆناغی تیۆری و توێژینەوە و تاقیگەکاندایە( Kaplan and Haenlein,2019, p.16).

٣. زیرەکی دەستکرد باڵا یان سوپەر زیرەک(Artificial Super Intelligence):ئەمجۆرە لە زیرەکی دەستکرد کە لەئێستادا خەیاڵی زانستییە و وەک پێشبینی زاناکان بۆ پەرەپێدانی زیاتری زیرەکی دەستکرد؛ ئەم ئاستە هەڵگری تایبەتمەندی زۆر پێشکەوتووە، لە هەموو رەهەندێکەوە وەک داهێنان و هەستەکان و توانای بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەجۆرێک هێزەکەی نەک هاوتای مرۆڤە، بەڵکو گریمانەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە پێش توانا

عەقڵییەکانی مرۆڤ بکەوێت، بۆیە بەدروستکردنی ئەمجۆرەی زیرەکی دەستکرد گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سروشتی ژیان و ئەرکەکانی ئێستای مرۆڤدا دروست دەبێت (Damar et al.,2024,p.86)

**4 تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد**

تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، بەهۆیەوە لەزۆر بوار و زانستی جۆراوجۆردا لەژینگەیەکی نێودەوڵەتیدا بەکاردەهێنرێت، ئەم تەکنەلۆژیایە بەداتا و زانیاری بێ سنووری گۆڕانکاری و کاریگەری لەهەر یەکێکیاندا دروستکردوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

١. توانای فێربوون و تێگەیشتن: بەهۆی پێشکەوتووی سیستمەکە بۆ فێربوونی بەردەوام بەشێوەی ئۆتۆماتیکی و خۆکار، لەڕێگەی ئەزموون و ئەو داتا و زانیاریانەی وەریدەگرێت، توانای تێگەیشتن و کارایی بەهێز دەبێت و کارەکان باشتر جێبەجێ دەکات(الشربيني، ٢٠٢١، ٩٩٢).

٢. خێرایی و وردی و ناهاوکاتیبوون لە کارپێکردن: بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ سنور، بەکاتێکی زۆرکەمتر لە مرۆڤ، توانای ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ بەکارهێنەردا، گونجاندن و مامەڵەکردن و وەڵامدانەوەی هەیە لە بارودۆخە نوێییەکاندا(آل مسلم، ٢٠٢٣، ١١).

٣. چارەسەرکردنی کێشەکان: بەشێوەیەکی لۆژیکی بە بەکارهێنانی توانا مەعریفییەکانی توانای خستنەڕووی پێشنیاز و پلان و شیکردنەوەی هەنگاوە چارەسەرییەکان بۆ کێشە ئاڵۆزەکان دەدۆزێتەوە(القاضي، 2023، 37-40).

٤. تێگەیشتن و زانینی زمانی مرۆڤ و کارلێکیی: پەرەپێدان و بەرنامەدارکردنی ئامێرەکان و سیستمەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ فێربوونی بەردەوامی زمانە جیاوازەکانی مرۆڤ، بە(گفتوگۆ یان نووسین)، هەروەها گۆڕینی زانیاری لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکە هەیە، هەروەک چات بۆتەکان(واحید و عومەر، ٢٠٢٥، ٧٥٩ - الغامدي،٢٠٢٤، ١٥).

٥. توانای دیاریکردنی بڕیار و پێشنیازی زیرەکانە: دەتوانێت بڕێکی زۆر داتا پرۆسێس بکات، لە کەڵەکەبوونی ئەزموون و زانیارییە پێدراوەکان، شیکاری ورد و ڕێکخستن بۆ زانیارییەکان بکات و دواتر باشترین نەخشەڕێگا و بڕیار و بژاردە بۆ بەکارهێنەر بەردەست بخات، تەنانەت بەچەندین شێواز و چۆنیەتی جێبەجێکردنیشیان ڕووندەکاتەوە(عبدالرحمن، ٢٠١٩، ٣٤- عبدالكريم، ٢٠٢٤، ٥٤-٥٥).

٦. شیکاری بۆ داتا گەورە و ئاڵۆزەکان: بەجۆرێک سیستمەکە بەرنامەرێژکراوە دەتوانێت لەماوەیەکی سنوردار و کورتدا، شیکردنەوە و ڕیزبەندکردن بۆ ئەو داتا گەورەکان و زانیارییە پێدراوەکانی بکات، بەجۆرێک وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی بەکارهێنەربێت و چارەسەر بۆ کێشە ئاڵۆزەکان بخاتەڕوو، کە ڕەنگە بەراورد بە توانای مرۆڤ لەڕووەوە لەپێشتربێت(عثامنية، ٢٠١٩، ١٣).

٧. توانای بەرهەمهێنان: یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان و بەهۆی ئەزموون و زانیارییە پێدراوەکانی پێشتر، لەسەر بنەمای ئەو داوا و بیرۆکانەی پێشکەشی دەکرێت، توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بۆ بەرهەمهێنانی نوێ هەیە(سمایل، ٢٠٢٥، ٣٢).

٨. خۆکارکردنی ئەرکەکان(ئۆتۆماتیککردن): توانای ناسینەوەی دەنگ و قسەکردنو جوڵاندنی شتەکانی هەیە.( محمد، ٢٠٢٥، ٩٦٤).

**1.2.2 تەوەری دووەم:**

**1 زیرەکی دەستکرد لە بواری میدیا**

زیرەکی دەستکرد لەکاری میدیاییدا ئەو تەکنەلۆژیایەیە کە لاسایی توانا ژیری و دەروونییەکانی مرۆڤ و شێوازەکانی کارکردنی لە میدیادا دەکاتەوە، لە بەرهەمهێنان و داڕشتن و دەستکاریکردنی ناوەڕۆک بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمێکی تایبەت کە بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ زانیاری کۆدەکەنەوە و کاری بەرهەمهێنانی میدیایی تێدا دەکەن، بەسوود وەرگرتن لەو تایبەتمەندییانەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر کە لەبواری ڕۆژنامەگەری و پەخشی میدیای دیجیتاڵیدا بەردەستی دەکات(سابق، ٢٠٢٤، ١٩٤).

چەمکی میدیایی زیرەکیی دەستکرد سەردەمێکی نوێی میدیایە، کە دامەزراوە میدیایی و پیشەسازییەکانی هەواڵەکان تێیدا هەوڵ دەدەن تەکنەلۆژیاکانی زیرەکی دەستکرد و شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم بە باشترین شێوە بەکاربهێنن لە هەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی میدیاییدا، بەجۆرێک ناوەڕۆکە میدیاییەکان بە زیرەکی دەستکرد یان بە یارمەتی زیرەکی دەستکرد دروستکراون، تەنانەت لە هەموو توخمەکانی پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندیکردندا (یاسین، ٢٠٢٥، ٦٢).

زیرەکی دەستکرد لەسەردەمی دیجیتاڵیدا پشت بە ڕۆبۆتە زیرەکەکان دەبەستێت، بەهۆی کارایی و پێشکەوتنەکانییەوە دەتوانن بەخێرایی و بەوردی ناوەڕۆک بەرهەم بهێنن و تەنانەت لە هەندێک بواردا مرۆڤ تێ دەپەڕێنن، دەزگا میدیاییەکان تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ یەکخستن و گۆڕینی داتا و ئەلگۆریتمەکان بۆ هەواڵ لەسەر پلاتفۆرمەکان و ماڵپەڕە هەواڵییەکان، لەڕێگەی نەرمەکاڵاکان و تەکنەلۆژیاکانەوە وەک واقیعی پاڵپشتیکراو، ڕۆبۆت، ئۆتۆماتیکردنی هەواڵ و شیکاری داتا گەورەکان، جگەلە تەکنەلۆژیاکانی وەک پشکنین بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاست و دروست زانیاری و هەواڵ بەتایبەت ڕێگری لە هەواڵی ساختە، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی زمانەوانی و وەرگێڕانی ئامێر.(زردق و نونو، ٢٠٢٤، ٣١٣).

هەروەک بەو میدیایانەش دەوترێت کە میدیای زیرەک (Smart Medi) بەکاردەهێنن، زاراوەکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان، ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی سیستمی زیرەکیی بەرنامە بۆداڕێژراوەوە ئەنجام دەدرێت کە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتا و زانیاری بەکاردەهێنرێت، پاش فێربوونی ئامێر و تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکرد، ئامانجی میدیای زیرەک ئاسانکاری و باشترکردنی ئەزموونی بەکارهێنەر و هەمەچەشنکردنی پلاتفۆرم و ناوەڕۆکی میدیایە بەپێی ئارەزوو و پێویستیی تاکەکان، جگەلەپێدانی زانیاریی دروست بە تاک و ئەو گرووپانەی کە ئارەزووی بابەتگەلی تایبەتیان هەیە، دیارترین تایبەتمەندییەکانی میدیای زیرەک بریتین لە:(خێرایی لە کۆکردنەوەی داتاکان و نووسینەوەی وتارەکان، هەڵەی کەمتر لە بەرهەمەکاندا، کەمکردنەوەی تێچوونەکان.) (غەباری، ٢٠٢٥، ١٥٧).

لەم سەردەمی داتا و زانیاری و داهێنانی تەکنەلۆژیایەدا، زیرەکی دەستکرد نوێنەرایەتی بازدانێکی بەرچاو دەکات لە بواری


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ڕۆژنامەگەریدا، بەپێچەوانەی ئامێرە زیرەکەکانی پێشوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ شیکاری داتا و بە ئۆتۆماتیکیکردنی کارەکان بەکاردەهێنران، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ناوەڕۆکی ڕەسەن دروست بکات، لەوانە:دەق، دەنگ، ڤیدیۆ و وێنە. لەبواری ڕۆژنامەگەریدا تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد یاریدەدەری میدیاکار و پەیامنێر و سەرنووسەرانە لە بەرهەمهێنانی ڕەشنووس و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک و گونجاندنی ستوری بۆ پلاتفۆرمە جیاوازەکان (زەڵمی، ٢٠٢٥، ٨).

لەم چوارچێوەیەشدا پەرەسەندنە بەردەوامەکانی زیرەکی دەستکرد و گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان لەبواری میدیا و خزمەتگوزارییەکانی زیرەکی دەستکرد لەبواری میدیادا هۆکاربوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین زاراوەی نوێ و پەیوەندیدار، وەک: ڕۆژنامەگەریی ئەلگۆریتمی، ڕۆژنامەگەری کۆمپیوتەری، ڕۆژنامەگەری ڕۆبۆت، ڕۆژنامەگەری ئۆتۆماتیکی(Guanah, J.S., Agbanu, V.N. and Obi, I., 2020, p699).

## 2 گرنگییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری میدیادا:

بایەخ و گرنگییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد لە میدیادا گۆڕانکاری گەورەی لە ستراتیژ و شێوازی کارکردنی دامەزراوە میدیاییەکاندا دروستکردووە، بەهۆی پەرەسەندنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیاکە و تایبەتمەندییەکانی؛ بژاردەی نوێ بۆ قۆناغەکانی کارکردن لە کۆکردنەوە و شیکاریی داتا و زانیاری بۆ بەرهەمهێنان، دابەشکردن، بەبازاڕکردن و کارلێککردن لەگەڵ وەرگران بەشێوەیەکی خێراتر و وردتر پێشکەش دەکات، لێرەدا گرنگییەکانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری میدیادا کە دەخەینەڕوو کە بریتین لە (Sadiku & Musa, 2021, 17، Tomić et al. 2023، 23، شمس الدين، 2026، 181، موراد، سمايل، 2024، 106-105، صقر، 2021، 384-383، Newman,2024,34):

١. کارایی و بەرهەمهێنان لە بواری میدیادا، ئەمەش لەڕێی بەجێگەیاندنی کۆمەڵێک ئەرکەوە کەپێشتر لەئەستۆی ڕۆژنامەنوسانادا بوو وەک شیکاری داتاکان و کۆکردنەوەی ناوەڕۆک و گەڕان و بەدواداچوونی زۆر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد هاوکارن تا ڕاگەیاندنکارەکان بەئاسانی ناوەڕۆکی داهێنەرانە و ڕاپۆرتی قوڵ بەرهەم بهێنن.

٢. خێرا شیکردنەوەی داتاکان و دەستنیشانکردن و هەڵهێنجانی تێڕوانینەکان بەپشتیوانی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد ڕێگەی بۆ ڕاگەیاندنکاران خۆش دەکات تا وردتر بچنە قوڵایی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیان.

٣. بەپشت بەستن بەو شیکارییە وردەی کەهاوکێشە و ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد ئەنجامی دەدەن، لەڕەفتار و بژاردەکانی بەکارهێنەران دەکۆڵرێتەوە کەلەسەر ئەم بنەمایە ناوەڕۆکی خود و تاکەکەس بەرهەم دەهێنرێت و بەرچاوروونی دەداتە جەماوەر.

٤. ئەم تەکنیکانە ئاسانکاری زیاتر بۆ ڕاگەیاندنکاران فەراهەم دەکەن لەبەزوویی دەستراگەیشتن بەهەواڵە بەپەلەکان لەڕێی چاودێریکردنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و سەرچاوەکانی تری زانیاری و هەواڵەوە، بەهۆیەوە کاتێکی زۆر بۆ میدیاکاران دەگەڕێتەوە تاوەکو لە بواری دیکەی کارەکەیاندا کەڵکی لێوەربگرن.

٥. بەپێیەی زیرەکی دەستکرد هاوکارە لەبەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی لەدەقی هەواڵ و ڤیدیۆ و گرافیک و وێنەدا، ئەو کەسانەی ئەرکی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییان لەئەستۆیە دەتوانن خواست و داخوازییەکانی وەرگر لەئاستێکی بەرزتردا بەردەست بکەن.

٦. تەکنەلۆژیای وەرگێڕانی زیرەکی دەستکرد لە میدیادا گەشەیەکی بەچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەش پشت بە مۆدێل و پرۆسێسی زمانی سروشتی دەبەستێت بۆ خێرایی کاری وەرگێڕان و گەیاندنی ناوەڕۆکی میدیایی بۆ وەرگرێکی جیهانی، لێرەدا ڕۆژنامەوان بابەتەکە بەهەر زمانێک بنووسێت بە زیرەکی دەستکرد بۆی دەکرێت بەو زمانەی تر کە دەیەوێت.

٧. یارمەتی ڕاگەیاندنکاران دەدات لەداڕشتنەوەی دەقی سەرنجڕاکێشدا بەتایبەت کە شیکاری کۆمەڵە زانیارییە زەبەلاحەکان دەکات و گۆشە سەرنجڕاکێشەکانی دیاری دەکات.

٨. لەڕێی بەردەستکردنی ئەو ناوەڕۆکەی کەدەکرێ لەچەندین سەکۆی میدیاییەوە بڵاوبکرێتەوە، زیرەکی دەستکرد هاوکاری دەکات لەبەرزکردنەوەی کوالێتی ئەو ناوەڕۆکەدا، بەتایبەت لەبابەتەکانی ناسینەوەی وێنە و توانای گۆڕینی قسە بۆ دەق و چاکسازی لەڤیدیۆدا.

٩. بەشیکردنەوەی ڕەفتاری وەرگر و تێڕوانینەکان بەسود وەرگرتن لەزیرەکی دەستکرد، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی ئاسانتر و گونجاوتر دەبێ لەگەڵ ئامانجەکاندا.

١٠. زیرەکی دەستکرد هاندەری پەرەپێدانی کاری ڕاگەیاندن و بەرەوپێشبردنی بیرۆکەکانی داهێنانە بۆ بەهێزکردنی دەق و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی پێشەنگ.

١١. بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ پشکنینی داتا و زانیارییەکان بەرلەبڵاوکردنەوە، هەروەها ئاشکراکردنی هەواڵی چەواشەکاری و شێوێنراو و ڤیدیۆ و وێنەی دروستکراو پێش بڵاوکردنەوە، لەگەڵ دڵنیابوونەوە لەسەرچاوەی داتا و ناوەڕۆکە بەرهەمهێنراوەکان.

١٢. بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ کاری وێنەگرتن بە کامێرای درۆن و کامێرای ئۆتۆماتیکی لەناو ستودیۆدا یان ئەو ڕۆبۆتانەی بۆ ئەم کارە پەرەیانپێدراوە.

## 3 ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا

پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیایی، پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە پێویستی بە هەوڵێکی چڕی کۆمەڵێک کەسی شارەزا هەیە، لە بوارەکانی وەک کارگێری و پلان و دیزاین، ئەندازیاری، دەنگ و وێنە، ڕووناکی، دیکۆ، فاشن و هتد، لەبەرئەوە پرۆسەیەکە لە کۆمەڵێك قۆناغ و هەنگاوی پلان بۆدانراو پێکدێت، بە ئامانجی دروستکردنی بەرهەمێکی میدیایی و هونەری و داهێنەرانە(محبوب، ٢٠١٦، ٢٩).

پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەکرێت، کە بریتین لە قۆناغی پێش بەرهەمهێنان، قۆناغی بەرهەمهێنان، قۆناغی دوای بەرهەمهێنان، بۆ چوونی تر لەبارەی دابەشکاری قۆناغەکانەوە هەیە کە پرۆسەکە پۆلێن دەکات بۆ پێنج قۆناغ، بەڵام لە بنەڕەتدا جیاوازی جەوهەری لەنێوان هیچکام لە پۆلێنکارییەکاندا نییە، هەریەکێکیان ڕۆڵ و ئەرک و بەرپرسیارێتی جیاواز لە چۆنییەتی بەرهەمهێناندا دەگێڕن، خاڵی سەرەکی ئەوەیە کۆی پرۆسەکە بیرۆکەکە بکاتە بەرهەمێکی مەبەستدار و بەو ئاراستەی پێداویستییەکانی وەرگر بە ئامانج بگرێت. (MasterClass, 2021)

زیرەکی دەستکرد بەهۆی کارامەییەکانی لە بواری بەرهەمهێناندا، لایەنە جیاکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەهێزتر کردووە و گۆرانکاری لە پەیکەربەندی بەرهەمهێناندا هێناوەتە ئاراوە، جگەلە کەمکردنەوەی تێچووی قۆناغەکان، هەنگاوەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی لەمیدیادا چڕ و خێراتر کردووە، تەنانەت توانیویەتی بکات، لەنێویاندا خزمەتگوزاری پەخشی راستەوخۆ و بەرزکردنەوەی کوالێتی ڤیدیۆ. بەهۆی تواناکانییەوە بواری بەرهەمهێنان لەڕووی کوالێتی و داهێنانەوە پێشتر دەخات (العیساوي ،2025، 316 و 318).

لەم رۆژگارەدا زیرەکی دەستکرد بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمی پێشکەوتوو دەتوانێت بەخێرایی و بەتێچوویەکی کەمتر ناوەڕۆکی میدیایی جیاواز لەرێی گۆڕینی داتاکان بۆ دەق و وێنە و ڤیدیۆ بنیات بنێت(Sančanin and Penjišević, 2022 )، ئێستا دامەزراوە گەورەکانی میدیا سوود لە تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ زیادبوونی بەرهەم و داهێنان و دۆزینەوەی توانای نوێ بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و دابەشکردن وەردەگرن، تەنانەت بەرنامە و مۆدێلی پێشکەوتوویان پاڵپشت بە زیرەکی دەستکرد بۆ دامەزراوەکانیان دروستکردووە(Krack et al., 2024, p. 283) ، بۆیە بەشێوەیەکی پراکتیکی زیرەکی دەستکرد هاوکاری میدیاکاران دەکات لەشیکاری داتاکان و دیاریکردنی شێوە و ئاراستەکانی بڵاوکردنەوە، هەروەها گۆڕینی داتا و قسەکان بۆ نووسین، نووسین بۆ دەنگ و ڕێکخستنی ڤیدیۆ و تێگەیشتن لە گرنگیدان و هەستەکانی وەرگران، جگەلە شیکاری بۆ دیمەنەکان و داتاکان بۆ دڵنیابوونەوە لە راستی زانیارییە بڵاوکراوەکان و تەنانەت بەهێزکردنی هۆشیاری دیجیتاڵی لای جەماوەر (Trattner et al., 2022).

زیرەکی دەستکردی بەرهەمهێنراو بازدانێکی گەورەیە بەرەو ئایندەیەکی پێشکەوتووتر لەبواری میدیادا، جیادەکرێتەوە بەتوانا و کارامەیی لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و داهێنەرانە، کە بەرهەمهێنانەکانی هاوشێوەی کارەکانی مرۆڤ تەنانەت باشتریشە، لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی توانای بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە بەشێوەیەکی خێرا و کاریگەر، کەهاندەری بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمی میدیایی و کەمکردنەوەی تێچووە(الخلیفة ، 2023، 32).

**4 جۆرەکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بە زیرەکی دەستکرد:**

١. زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی دەق ( Text Generation AI): یەکێکە لەگرنگترین بەکارهێنانەکانی زیرەکی دەستکرد کەخۆی دەبینێتەوە لەبەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی نوێ بەزمانی سروشتی و ئاسایی، تەکنەلۆژیاکە لە ئەرکەکانی چارەسەرکردنی زمانی سروشتیدا بەکاردەهێنرێن، ئەرکەکانیش بریتین لە پۆلێنکردنی دەق، دروستکردنی دەق، شیکاری دەق و بەکارهێنانی پرسیار و وەڵام لەسەر بنەمای دەق، لێرەدا زیرەکی دەستکرد دەتوانێت دەقێکی داهێنەرانەی نوێ دابڕێژرێت، بۆ نمونە مۆدێلەکانی وەک( ChatGPT, Claude, Google Gemini, Manus AI, Grok)کە لەسەر مۆدێلی زمانە گەورەکان(Large Language Models) بنیاتنراون، کە جۆرێکی پێشکەوتووی زیرەکی دەستکردن؛ بەشێوەیەک دیزاینکراون توانای تێگەیشتن و دروستکردنی دەقی نوێیان هەیە بەشێوەیەک کە هاوتای دەقی مرۆڤ بێت(معمري، سولاف، 2023، 87).

٢. زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی وێنە (Image AI Generation): ئەمجۆرەی زیرەکیی دەستکرد کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی وێنە؛ لەسەر مۆدێلە بەرهەمهێنەکارەکانی وەک تۆڕە بەرهەڵستکارەکان GANS و مۆدێلەکانی بڵاوبوونەوە Diffusion Models بنیاتنراون، بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی نوێ کەهاوشێوەی وێنەی جیهانی راستەقینە بێت لەبەرچاودا، کە زۆرکات تەنها بە بەکارهێنانی وەسفێکی دەقی وێنەی ئاوازە و واقیعی دروست دەکات، نمونەی ئەم تەکنەلۆژیایە وەک(Morphic, Canva, DALL-E, Stable Diffusion) (الخلیفة،هەمان سەرچاوەی پێشوو، 17).

٣. زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆیی ( Video Generation AI): ئەم جۆرەی زیرەکیی دەستکرد بریتییە لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی مۆدێلی دروستکردنی گرتەی ڤیدیۆیی نوێ لەوەسفێکی نووسینەوەدا، وەک نمونەی Dreamixی کۆمپانیای گوگڵ، کە لەرێی دەقەوە ڤیدیۆ بەرهەم دەهێنێت و بەپێی گۆڕانی دەقەکە ناوەڕۆکی ڤیدیۆکەی دەگۆڕێت، نمونەکانی وەک ( Runway Gen-3,Google Veo 3.1, See Dance2.0, Google flow, Luma dream machine) (Storti ، ٢٠٢٤، ٤٥).

٤. زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ ( Speech Generation AI): تەکنەلۆژیایەکی زیرەکی دەستکرد کە توانای بەرهەمهێنانی دەنگ هەیە؛ هاوشێوەی دەنگی مرۆڤ، لێرەدا مۆدێلی بەرهەمهێنەکارەکان کە لەسەر تۆمارە دەنگییەکان راهێنانی پێکراوە، دەتوانێت بەپێی کەسایەتییە جیاوازەکان، ئەم تەکنەلۆژیایە پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینیوە لەرێگەی کۆپیکردنی دەنگ یان لاساییکردنەوەی دەنگ ((Voice Cloning)، کە تێیدا مۆدێلەکە دەتوانێت تەنها بە وەرگرتنی چەند چرکەیەکی کەم لە دەنگی راستەقینەی کەسێک، شێوازی ئاخاوتن و تونی دەنگی ئەو کەسە بە تەواوی کۆپی بکات و دەقی نوێی پێ بخوێنێتەوە، وەک نمونەی Voice boxی کۆمپانیای Meta،هەروەها مۆدێلەکانی Descript, Eleven ,Minimsx, Fish Audio, Labs و ویبسایتی PlayHT بۆ کۆپیکردنی دەنگ و لاساییکردنەوە (الخلیفة،هەمان سەرچاوەی پێشوو، 17).

٥. زیرەکی دەستکرد بۆ بەرهەمهێنانی گرافیک دیزاین:بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە گرافیک دیزایندا بەسوود لە پرۆسەی دروستکردنی ناوەڕۆک بەکارایی و داهێنەرانە، بۆ گەیاندنی پەیامی مەبەستدار بەشێوەیەکی کاریگەر، تەکنەلۆژیاکە جگەلەوەی لە پێدانی بیرۆکەی داهێنەرانە و زیادکردنی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی کوالێتی لەکاتێکی کەمدا رۆڵی لە بەرەوپێشبردنی دیزایندا هەیە، هەروەها دەتوانێت ئەرکە دووبارەبووەکان بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئەنجام بدات(سمایل، 2025، 49).

### 1.2.3 تەوەری سێیەم: بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا

#### 1 پێناسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن

هەڵمەتی هەڵبژاردن؛ رێگایەکی کاریگەرە بۆ سەرخستنی پاڵێوراوان و لیست و قەوارەکان لەکاتی هەڵبژاردن، بەهۆی رۆڵ و بایەخەکەیەوە لەپرسەکانی هەڵبژاردندا لەسەردەمی ئێستادا وەک زانست و هونەر لێیدەڕوانرێت، لە یەکێک لە پێناسەکاندا لە بارەی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەڵمەتی هەڵبژاردن هاتووە: پرۆسەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراوە، کە بەشێوەیەکی زانستی و ورد و درشت لەلایەن پاڵێورا و حزب و قەوارە سیاسییەکانەوە و لەڕێگەی میدیا و ئامڕازەکانی قەناعەتپێکردنەوە بەگەڕدەخرێت، تا لەڕێگەیەوە کاریگەری بخەنەسەر جەماوەرێکی دیاریکرا و دەنگدەران، بۆئەوەی لەکاتی دەنگدانیاندا لەبەرژەوەندی ئەوان دەنگ بدەن(سەعید،٢٠١٨، ٣٦).

هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، مەبەست لەو ماوەیە کە کۆمسیۆن یان دەزگای سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک لەچوارچێوەی یاسای هەڵبژاردن بە لایەنە سیاسییەکان و پاڵێوراوانی دەدات، تاوەکو بەرنامە و پرۆژەکانیان ڕوون بکەنەوە و کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست بکەن و متمانەیان بەدەست بهێنن(المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، رقم (٤) لسنة ٢٠٢٥).

هەڵمەتی هەڵبژاردن چالاکییەکی سیاسییە و ئەنجامدانی کۆبوونەوە، پێشبڕکێ، وتار، خۆپیشاندان، نمایشی سیاسی، وتاردان لەخۆدەگرێت، هەروەها میدیا بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی بەرنامەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوێک یان پارتێکی سیاسی بە جەماوەری دەنگدەران بۆ قایلکردنیان بەوەی پشتیوانی لێبکەن(فەرهەنگی هەڵبژاردن،٢٠١١، ٩٠).

بایەخی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە هۆیەکی سەرەکیە بۆ ناساندنی بەرنامە پارتە سیاسییەکان و توانا و لێهاتوویی پاڵێوراوان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، بۆیە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەبینێت لە یارمەتیدانی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی ئەو لایەن و نوێنەرانەی کە وویست و ئامانجەکانیان بەدیدەهێنێت.(حەسەن، ٢٠٠٧، ٨٧)، لە ماددەی (٣)ی سیستەمی کۆکسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقدا ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥، تایبەت بە مافی یاسای بانگەشەکردن هاتووە:"بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەموو لایەنەکان و هاوپەیمانییە سیاسییەکان و کاندیدە پەسەندکراوەکان ئازادە و لە سنووری یاسا کارپێکراوەکان و ڕێساکانی کۆمسیۆندا".

**2 تایبەتمەندیی و قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن:**

هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن جیاواز لە هەڵمەتەکانی تر بە ژمارەیەک تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە و پێویستە بەپلان و بەشێوەیەکی زانستی بەڕێوەببرێت، لە گرنگترینیان:

١.ئامانجی سیاسی: هەڵمەتی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی پەیوەندی سیاسییە و بۆ پێکگەیشتنی نێوان سیاسی و جەماوەر؛ بەدەستهێنانی متمانە و قایلکردن و پشتیوانی دەنگدەران بۆ هزری سیاسی و بەرنامە و ئاڕاستەی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان، خاڵی سەرکەوتنە بە ئامانجی دەنگدانیان و پشتگیریکردن لە بەرنامەکانیان، لەبەرئەوەی جەماوەری هەڵمەتی هەڵبژاردن فراوان و بەربڵاوە، پێویستە پارتەکان و پاڵێوراوان ڕوماڵەکانیان فراوانتر بکەن تا بەرنامە و ئامانجەکانیان بەزۆرترین جەماوەر بگەیەنن(حسن،٢٠٢٣، ٥٣).

٢. ماوەکەی دیاریکراوە: لە زۆربەی وڵاتان بە یاسا ماوەی ئەنجامدانی هەڵمەتی بانگەشە ڕێکخراوە و دیاریکراوە، کە لەلایەن دەستە و کۆمسیۆنەکانی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەوە وادەی دەستپێکردن و ڕاگرتنی ڕادەگەیەنرێت، لەو ماوەیەدا دەرفەت بە لایەن و پاڵێوراوەکان دەدرێت چالاکییەکانیان بکەن و بانگەشە بۆ بەرنامە و خۆیان بکەن تا متمانەی دەنگدەران بەدەستبهێنن، پێویستە لایەنە سیاسییەکان و پاڵێوراوان پێوەی پابەندبن، بەپێچەوانەوە بە پێشێلکاری هەژماردەکرێت و سزای یاسای بۆ دانراوە، ئەم ماوەیەش جێگیرنییە و چەند ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی دەنگدان ڕادەگیرێت.( خضر ،٢٠٢٠، ٨٧)

٣. فرەیی ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن: تێگەیشتن لە توانا و سوودەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندنی (کەسی و جەماوەری) خاڵی سەرەکی سەرکەوتنە لە هەڵمەتەکاندا، بێگومان پەیوەندیکردنی سیاسی کاریگەر و بەهێزیش بۆ گەیشتن بە جەماوەر بەبێ ڕەچاوکردنی ئامرازەکانی میدیا کلاسیک و نوێ ناکرێت، هەڵبژاردنی ئامڕازی گونجاویش پەیوەستە بە سروشت و ئامانجی پەیامەکان و جۆری وەرگر و بەردەستی و ئاستی بڵاوبوونەوەی ئامرازەکە، بەهۆی گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆژیا پێویستە لایەنەکان و پاڵێوراوان لە هەڵمەتەکانیاندا بەوردی شێواز و گرنگی و تایبەتمەندییەکان و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئامرازەکان بزانن و بەدروستی کەڵکیان لێوەربگیرێت(عەلی، ٢٠٢١، ١٤٢).

٤. دووبارەکردنەوەی پەیام: لەماوەی یاسای هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر جەماوەر و بەتایبەت دەنگدەران، پەیامی سەرەکی و خاڵە گرنگەکانی ناو بەرنامەی لایەنەکان و پاڵێوراوەکان، پێویستە چەندینجار و بەسوود وەرگرتن لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیکردن دووبارە بکرێتەوە، تاوەکو لەهزر و بیریدا جێگیربێت و تەواو ئاشنایی و دڵنیایی لەسەر بەرنامەکە بۆ دروست ببێت، لێرەدا هەر ئامرازێک بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی پەیامەکانی بۆ ئامادە دەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە، تاوەکو کاریگەری بەهێز لەسەر وەرگران دروست بکات(سامی،٢٠٢٤، ١٤٥).

٥. ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنێکی ڕێکخراو: دانانی نەخشەرێگا و پلانێکی زانستی، پشت بەست بە داتا و زانیاری دەنگدەرەکان لەبەرچاوگرتنی ژینگەی جێبەجێکردنی هەڵمەتەکە؛ زۆرگرنگە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکان، بەدڵنیاییەوە دەبێت بەرپرسیارێتی ئەرک و کارەکان لەڕێگەی تیمی ڕاهێنراو و شارەزاوە دابەش بکرێت و پەیوەندی بەردەوام و بەدواداچوون بۆ کاری تیمەکان ئەنجام بدرێت (بادیس و غالیة، 2017، ص52).

٦. بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن: هەڵمەتی هەڵبژاردن کە بە چوار قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت کە بریتین لە: هەڵسەنگاندنی دۆخی کاندید و ڕکابەران، دارشتنی پەیام و پرۆگرامی هەڵبژاردن، چۆنیەتی جێبەجێکردنی چالاکییە مەیدانییەکان، و بەڕێوەبردنی ڕۆژی دەنگدان، بەهۆی جیاوازیی تایبەتمەندیی هەر هەڵمەتێک، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەستراوەتەوە بە ئەنجامدانی ڕاپرسیی مەیدانی پێشوەختە و پشکنینی دیمۆگرافیای دەنگدەران؛ بەپێچەوانەوە، پشتگوێخستنی ئەم بنەما زانستییانە دەبێتە هۆی پشێوی لە کارەکان و شکستهێنان لە پرۆسەکەدا(الحمداني، 2023).

**3 پشتبەستن بە زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا:**

بەهۆی پێشکەوتنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا نوێیەکانی بواری گەیاندنەوە، کایە ژیارییەکانی وەک سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بوارەکانی دیکەش گۆڕانکاری گەورەیان بەخۆوە بینیوە و لە بواری سیاسیشدا زیاتر رەنگی داوەتەوە، لەم سۆنگەیەشەوە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای نوێ و زیرەکی دەستکرد کاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن (صالح ، ٢٠٢١، ٣٧).

لە هەڵمەتە سیاسییە مۆدێرنەکانی هەڵبژاردندا، زیرەکی دەستکرد وەک ئامرازێکی سەرەکی پەیوەندیکردن و میدیا بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانێت بەپێدانی زانیاری؛ هۆشیاری هاووڵاتی لەسەر بنەما دیموکراسییەکان بەرزبکاتەوە و هانیان بدات بۆ باشتر دەربڕینی بۆچوونەکانیان (محەمەدامین، ٢٠٢٥، ٤١).

بەم شێوازە زیرەکی دەستکرد هاوکارە لە ڕۆشنبیرکردنی هاووڵاتیان لەبارەی بنەماکانی ژیانی دیموکراسی و پرسە سیاسییەکان، لێرەدا چات بۆتەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان دەربارەی بەرنامەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکان و کاندیدەکان بەکاردێت کەلەسەر ئەم بنەمایە بەرنامەڕێژی بۆکراوە (Adam, M. and Hocquard, 2023, 2).

پەرەپێدان بەبواری زیرەکی دەستکرد گۆڕانکاری لە کارلێک و پەیوەندی هەڵمەتە سیاسییەکان دروستکردووە، لەم قۆناغەدا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئاڵنگاریەکی تر بۆتەوە سەبارەت بەدڵنیابوونەوە لەسەرچاوەکان، یاریکردن بە زانیارییەکان، دەست گەیشتنی داپەروەرانە بەهەواڵەکان، خولقاندنی ژینگەیەکی زانیاری جێ متمانە (Bareis, J., & Katzenbach, C., 2022, 858).

هاوکات وەک تەکنەلۆژیایەکی نوێ وەرچەرخانی گەورەی لەشێوازی بەشدارییکردنی سیاسی و هەڵمەتەکاندا کردووە، بۆیە کاندید و لایەنە سیاسییەکان بۆ دەربڕینی دید و بەرنامە و ئامانجەکانیان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا سوود لە ئامرازەکانی وەردەگرن.(حسن، ٢٠٢٣، ٩٣). لەڕێی تەکنیکی فێربوونی ئامێر (Machine Learning)و چارەسەری زمانی سروشتی NLP یشەوە دەتوانرێت باشترینەکان بەلای دەنگدەرانەوە دیاری بکرێت کەسەرەنجام کاریگەری دەبێ لەسەر ئاراستەی سیاسی و مەیلی هەڵبژاردن (شمس الدین، 2026، 206) .

لەڕووی زانستییەوە دەرکەوتووە میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن کاریگەرییان لەسەر ئاراستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە بۆ بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر ڕووداو و پێشهات و گۆڕانکارییەکان ( مصطفى، مولود، ٢٠١٥، ٢٢٢). ڕەنگە هیچ بوارێک هێندەی شەڕی زانیاری دروستکراوی زیرەکی دەستکرد هەرەشەیەکی کاریگەر نەبێت لەسەر ڕایگشتی.(IBM, 2025)

بەهۆی پەرەسەندن و کاریگەری بەکارهێنانەکانیەوە چیتر زیرەکی دەستکرد تەنیا تەکنیکێکی پشتیوانی نییە لە هەڵمەتە ساسییەکاندا، بەڵکو پێکهاتەیەکی سەرەکیە لەستراتیژەکانی بەبازاڕکردنی سیاسی ئەلکترۆنی نوێ، کەبەشدارە لەبەرزکردنەوەی ئاستی کوالێتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، هەروەک ئامێری زیرەک بەردەست دەکات بۆ سیاسییەکان تا بتوانن بڕیاری میدیایی و وورد و کاریگەرتر بدەن، بەتایبەت کە لە شیکاری هەڵسوکەوتی دەنگدەران، بەرهەمهێنانی پەیامەکان بۆ هەرتاکێک و بەووردی داتا و زانیارییەکان بەردەست دەکات(شمس الدین،سەرچاوەی پێشوو، 207). بەم جۆرە دەبێتە یارمەتیدەرێکی سەرەکی لەشیکاری ڕێژەیەکی زۆر لەداتای دەنگدەران بۆ دروستکردنی ستراتیژی هەڵمەتەکان بەشێوەیەکی تایبەت تر.(Magar, 2024, 441)

لەم ڕۆژگارەشدا زیرەکی دەستکرد بەشێوەیەکی شاراوە بەکاردێت لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و نوسینە پێویستەکان و هەندێجار بۆ ڕاهێنان و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی، بەوپێیەی ئامرازەکانی وەک چات جی پی تی دەتوانێت نوسینەکان و دەنگ بگۆڕێت بۆ چەندین زمانی جیاواز، ئەمەش دەیکاتە ئامرازێک بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فرە زمان و کاریگەریی هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بۆ دەنگدەران لەو وڵاتانەی نەتەوە و پێکهاتە و زمانی جیاوازی تیایە، ئەم تایبەتمەندییەش تێچووی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کەم دەکاتەوە (Foos,2024, 2) ،

جگەلەوە ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ شیکاری پەیام و گفتوگۆ و هەستەکان بەکاردێت، لەڕێی پشت بەستن بەهاوکێشەی کۆمپیوتەری و ئەلگۆریتمی پێشکەوتوو، کە شیکاری وتار و گفتوگۆ و هەستەکانی پێدەکرێت، بەمجۆرە قوڵتر گوزارشتەکان و شێوازی پەیوەندیی سیاسی تێدەگات و ڕۆڵی لە باشتر داڕشتنەوەی پەیامی هەڵمەتەکە دەبێت.(Tomić et al., 2023, 23)

ئەم تەکنەلۆژیایە بەشداری دەنگدەرانیشی گۆڕیوە، لێرەدا ئەلگۆریتمەکان ڕۆڵیان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەنگدەران و ناردنی ئیمەیڵ و ئالوگۆڕی پەیامەکاندا هەیە، کەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەنگدەران و پارتە سیاسییەکان و کاندیدەکان مسۆگەر دەکات و ئەگەری زیادبوونی ڕێژەی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن بەهێزتر دەکات.(Chen Yu ,2024,3-4)

لەلایەکی دیکەوە، ئەم پەرەسەندنەی زیرەکی دەستکرد بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین ئاستەنگی نوێ لەسەر سەلامەتی زانیارییەکان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا، لەوانەش بڵاوبوونەوەی گرتەی ڤیدیۆیی دەستکاریکراو بەتەکنیکی ساختەکاری قوڵ و هەڵمەتی چەواشەکاری میدیایی لەڕێی بەئامانجگرتنی دەنگدەرە پێشبینیکراوەکان(Basu, Hughes، 2024)، کە بەپێدانی زانیاری چەواشەکارانە دەکرێ دەنگدەران بەلاڕێدا ببرێن، ئەمەش کاردەکاتە سەر بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان (Battista, 2024,13-15).

بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکان، لەم سەردەمەدا تەکنەلۆژیا نوێیەکان ئاوێتەی ستراتیژەکانی بەبازاڕکردنی هەڵمەتەکان دەکەن، بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەکان و دانانی پلانی ڕووبەڕووبونەوە بۆ ئەگەرەکان، لەگەڵ پۆلێنکردنی جەماوەر و تێگەیشتن لەپێویستی و کێشەکانی پەیوەندیدار بە ژیانیان، کەسەرەنجام بە شیکاری زانستی داتاکان کاریگەرییەکی ئامانجدار دەنگدانیان لەبەرژەوەندی هێز و کاندیدێک دروست دەکات.(Dwivedi et al., 2021, 7)

### 4 ڕۆڵ و کارامەییەکانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لەهەڵمەتە نوێیەکانی هەڵبژاردندا، زیرەکی دەستکرد گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا دروستکردووە، ڕۆڵ و بایەخ و کارامەییەکانی تەکنەلۆژیاکە چەندین ڕەهەند و لایەنێک دەگرێتەوە، کە بەها و کاریگەری زۆری لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەبێت، لەوانە:

١. شیکاری داتا گەورەکان و سەرنجدانی ئامانجەکان بەشێوەیەکی وردتر: زیرەکی دەستکرد، دەتوانێت لەسەر بنەمای داتاکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کار بکات و بزانێت کە ڕاوبۆچوون و خواستەکانی هاووڵاتیان چییە، چونکە پلاتفۆرمە جیاوازەکان سەکۆیەکی گرنگن بۆ گەیاندن و زانینی پەیامی هاووڵاتیان، لێرەدا زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ئەو ئامرازە یارمەتیدەرەبێت بۆ وردتر سەیرکردن و شیکاریکردنی خواست و داواکاریی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەردەستبوونی ئەمجۆرە لە داتا لە داڕشتنی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

پەیام و بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کاریگەری ئەرێنی دەبێت(خالید، ٢٠٢٥، ٩٠).

٢. بە ئامانجگرتنی دەنگدەران و ناردنی پەیامی تایبەت: بەهۆی تایبەتمەندییە پێشکەوتووەکانی زیرەکی دەستکرد، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن حزب و لایەنە سیاسییە بەشدارەکان دەتوانن پەیامە تایبەت و مەبەستدارەکانیان بۆ چین و توێژە جیاجیاکان بنێرن، بەدڵنیاییەوە جیاکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ڕاستەخۆی پەیامەکان هۆکارە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لایەنەکان و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەڕێی ڕازیکردنی دەنگدەرانەوە بەو پەیامە تایبەت و ئامانجدارانە( Tomić et al.,2023, 23 ).

٣. پێشبینیکردن و هەڵسەنگاندن بۆ لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەکە: زیرەکی دەستکرد کارئاسانی تەواو پێشکەش دەکات لە بەردەستخستنی پێشبینی و بژاردەی دروست بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو و پەیامە سیاسییەکان، جگەلەوەی ئامرازێکیشە بۆئەوەی کە درک بە ڕاستی و ناڕاستی هەموو ئەو بانگەشە و پەیامە جۆراوجۆرانە بکات، کە لایەنێک بە مەبەستی گوشار خستنەسەر لایەنێکی تر بەکاریدەهێنێت، هەروەها زیرەکی دەستکرد یارمەتیدەرە لە شیکاری داتاکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و پێشبینیکردنی لۆژیکیانە بۆ ئەو پەیامانەی کە دەبنەهۆی ناڕەزایی و بێزاریی هاووڵاتیان، ئەمانەش کاریگەری ئەرێنییان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پەیامێکی زانستی و واقعی کە وەڵامدەرەوەی خواستی کۆمەڵگەبێت (Jungherr et al., 2026, 5).

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی چاودێری و بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی چەواشەکارانە: لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن داتا و زانیاری جۆراو جۆر بڵاودەکرێتەوە،کە زۆرکات داتاکان بەگۆڕانکاری مەبەستدارانە و بەشێوێندراوی بە هاووڵاتیان دەگات، یان زانیاری چەواشەکارانە بڵاوبکرێتەوە، لێرەدا دەکرێت لەڕێی زیرەکی دەستکردەوە کاری چاودێری و خەمڵاندن و ساغکردنەوە بۆ داتا و زانیارییەکان بکرێت، تاوەکو بە دروست و وەکخۆی بە هاووڵاتیان بگات، چونکە زیرەکی دەستکرد کە دەتوانێت کارایی و وردی سیستەمی چاودێری و دیاریکرنی ئامانجەکان بەرەوپێش بەرێت( Thapa, 2024, 2).

٥. کارامەیی زیاتری بانگەشەی هەڵبژاردن: بەشێوەیەکی زانستی، حزب و لایەنە سیاسییەکان دەتوانن سوود لە خزمەتگوزارییەکانی زیرەکی دەستکرد وەربگرن لە پێداچوونەوە بە نووسینەکان و دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی دەق و پەیامەکانیان، لەگەڵ پەیوەندیدارکردنی بابەتەکان بە خواستی هاووڵاتیان و ووردبوونەوە لە کێشەکانیان و دۆزینەوە و پێشکەشکردنی ڕێگاچارەی زانستی و دروست بۆ گرفتەکان، بۆیە لە ڕێی زیرەکی دەستکردەوە هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی زۆرتر و گەورەتر لە کاتێکی کەمدا و بەتێچووی کەمتر ئەنجام دەدرێت( Magar, 2025, 441 ).

٦. بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی دەنگدەران: دەکرێت سوود لە زیرەکی دەستکرد وەربگیرێت بۆ هاندانی دەنگدەران بەتایبەت گەنجان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، دەتوانرێت بەرنامەکانی هۆشیاری کارلێککارانە کە بە زیرەکی دەستکردەوە بەهێز دەکرێن، بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی دەنگدان و پێدانی زانیاری دروست سەبارەت بە کاندیدان و بەرنامەکانی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێن(ئیبراهیم، 2025)، لە هەڵبژاردنەکانی ئیندۆنیزیا یەکێک لەکاندیدەکان وێنەیەکی کاریکاتۆری خۆی کێشا بەبەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ راکێشانی سەرنجی دەنگدەرە گەنجەکان، بەمجۆرە کاندیدەکان دەتوانن خۆیان وێنا بکەن لەژینگەی هاوشێوەی دیمۆگرافیایەکیی دیاریکراودا(Murrell, 2025, 2).

٧. چاودێری و دەستەبەرکردنی ئاسایشی هەڵبژاردن: زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە چاودێریکردن و بەرەنگاربوونەوەی زانیاری چەواشەکارانە و هەواڵی ساختە کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بڵاودەبێتەوە، دەتوانرێت سیستەمی زیرەک پەرەی پێبدرێت کە بتوانێت ناوەڕۆکی ساختەکان دەستنیشان بکات و لە پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لاببات(ئیبراهیم،سەرچاوەی پێشوو، 2025)، هەروەها ئەم تەکنۆلۆجیایە توانای دەستنیشانکردنی شێوازی نائاسایی و چالاکییە گوماناوییەکانی هەیە و دەتوانێت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ساختەکاریی و بەخێرایی کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر هەوڵە ساختەکان(Chennupati, 2024 ,30-31).

٨. پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران: لێرەدا سوود لە چاتبۆتەکان وەردەگیرێت و تەنانەت هەندێجار کاندیدەکان بۆ گرێدانی پەیوەندییەکی بەردەوام ڕۆبۆتەکانی چات و یارمەتیدەرە دیجیتاڵییە خەیاڵییەکان وەک کاندیدی دیجیتاڵی یان کاندیدی دەستکرد بەکاردەهێنن لە هەڵمەتەکاندا، بۆ کارلێک و پەیوەندی بەردەوام و تێگەیشتن لە دەنگدەران و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەنگدەران(Tomić et al., 2023, 23).

## 5 ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانەکانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵبژاردنەکاندا

تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، لەگەڵ بوونی چەندین سوود، بەڵاو ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیاکە لە هەڵمەتە سیاسییە سەردەمییەکاندا وەک ئامرازێکی مەترسیداریش لێیدەڕوانرێت و بەتایبەت لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کە لایەنە سیاسییەکان دژ بە یەکتر و ڕکابەرەکانیان بەشێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنرێن، بەمجۆرە:

١. دەستکاریکردن و بڵاوکردنەوە زانیاری و هەواڵی لایەنەکان بەشێوەیەکی نادروست، گۆڕانکاری و شێواندنی زانیارییەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنێکی ڕکابەر لە هەڵمەتەکاندا، لێرەدا بۆ دەنگدەرانیش کارێکی قورسە زانیاری دروست و زانیاری هەڵە و چیرۆکە دروستکراوەکان جیابکەنەوە(Adebayo, 2024, 9332-9393)

٢. دروستکردنی وێنەی فەیک و ناڕاست، ئەمەش یەکێکی ترە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانە و نادروست بەشێوەی وێنە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەلاڕێدابردنی بیروبۆچوونی هاووڵاتیان و دەنگدەران دەبێت(خالید، سەرچاوەی پێشوو، ٩٢).

٣. دروستکردنی ڤیدیۆی نادروست(فەیک ڤیدیۆ) لەلایەن لایەنێکی سیاسییەوە دژ بە لایەنێکی دیکە، زۆرجار لایەنێکی سیاسیی لەڕێگەی ڤیدیۆیەکەوە دەست بۆ بابەت و پرسێکی هەستیاری پەیوەندیدار بە لایەنی بەرامبەر دەبات و دەستکاریی ناوەڕۆک و پێکهاتەی ڤیدیۆ ڕاستەکان دەکات.(محمد، ٢٠٢٥، ٤٤)

٤. دروستکردن و بڵاوکردنەوەی دەنگی ساختە، بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەتوانرێت دەنگێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت، واتا بە بەکارهێنانی تۆن و فۆنەتیکی تایبەتی کەسایەتییەکان پەیام و زانیاری دروستکراو بەرهەمبهێنرێت، دواتر لەژێر ناوی تۆماری دەنگی نهێنی بڵاوبکرێتەوە بۆ ناشرینکردن و دورخستنەوەی

دەنگدەران لەو کەسایەتی و لایەنە سیاسییە.(محمد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٤)

٥. دەتوانرێت بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد داتای کۆن دووبارە بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی کێشەی نوێ لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، واتا داتا کۆنەکان بخرێتەوە بەردەست و دەستکاری مەبەستداری تێدا بکرێت، ئەمەش زۆرکات لەژێر ناوی فایل و دۆسیە نهێنییەکان دژی لایەنێکی سیاسی بەکاردێت، بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری لێڵ و زیانگەیاندن بە ناوبانگی سیاسی و یاریکردن بە ڕایگشتی.(Adebayo, 2024, 9332) .

٦. لایەنگری ئەلگۆریتمی: ڕەنگە ئەلگۆریتمەکانی بەهێزکراوی زیرەکی دەستکرد، تووشی لایەنگری شاراوەبن کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی شیکاریی دەنگدەرانەوە هەبێت، ئەمەش ڕەنگە ببێتەهۆی ئەوەی دەنگدەران بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە بکرێنە ئامانج لە بەرژەوەندی کاندیدێکی دیاریکراودا. (ئیبراهیم، 2025)

٧. پێشێلکردنی مافی ژیانی تایبەت و نهێنی کەسەکان: کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری کەسی دەنگدەران بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆی پێشێلکردنی نهێنی و تایبەتمەندێتیی کەسەکان، بە تایبەت لە نەبوونی یاسایەکی ڕوون کە زانیاری بەکارهێنەر بپارێزێت.( ڕەسوڵ، ٢٠٢٤، ٤٠-٤١).

٨. پشتبەستن بە زیرەکی دەستکرد هۆکارە بۆ دروستبوونی لاوازی نوێ، سیستەمەکانی زیرەکی دەستکرد پێویستە بەردەوام داتایان پێبدرێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و کاریگەر کار بکەن، بەڵام زۆرجار پشت بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئەو سەرچاوانەی داتا دەبەسترێت کە نەیاران دەتوانن بیکەنە ئامانج، لێرەدا لاوازییەکان لە پێکهاتەکانی هاردوێر و سۆفتوێری زیرەکی دەستکرددا مەترسی دروست دەکەن، بەتایبەت کە زۆرێک لە وڵاتان پشت بەپێکهاتە بەرهەمهێنراوە بیانییەکان دەبەستن( Zwetsloot,2019).

٩. ئاڵنگارییە سیاسییەکان: لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد گرفتی نەبوونی سیاسەتی گشتی و لاوازی ئیرادەی سیاسی بۆ گۆڕین لەدیجیتاڵییەوە بۆ زیرەکی دەستکرد هەیە، جگەلە نەبوونی هەماهەنگی لەنێوانی دامەزراوەکاندا بەجۆرێک کەدەستەی ناوەندی تایبەتمەند هەبێت، هەروەها لە هەندێک وڵاتان کەسانێکی بڕیاربەدەست و باڵا هەیە لەنێو دامەزراوەکاندا کە بەرژەوەندییان لەگەڵ سستەمە کۆنەکەدا هەیە، هەر بەهۆی نەبوونی ئەو سیاسەت و ستراتیژییە، بۆشاییەکی بەرفراوان لەنێوانی لێهاتوویی دیجیتاڵی لەهێزی کار و کارمەندان ئەو وڵاتانەدا هەیە، لەگەڵ کەمی کادرە ڕاهێنراوەکان بۆ بەکارهێنان و پەرەپێدانی تەکنیکی زیرەکی دەستکرد(محمد،2025، 37).

## 1.3 کردەیینامەی توێژینەوەکە (پراکتیکنامە)

### 1.3.1 یەکەم: شیکاریکردنی چاوپێکەوتنەکان و خستنەڕووی زانیاری و ئەنجامەکان

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، سوود لە ئامراز و تەکنیکی چاوپێکەوتنی قووڵ In-depth Interview وەرگیراوە؛ لەو سۆنگە زانستییەی کە چاوپێکەوتن ئامرازێکی سەرەکیی میتۆدی چۆنایەتییە، توێژەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ بڕیاربەدەستان و بەرپرسانی جومگە گرنگەکان لە دەزگا میدیاییەکان گفتوگۆی کردووە کە مشتەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و دەستیان هەیە لە پێکهێنانی سیاسەتی کارکردن و داڕشتن و بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆک لە دامەزراوەکاندا. لەم توێژینەوەیەدا، چاوپێکەوتنی قووڵ بەشێوازی نیمچە ڕێکخراو (Semi-structured) لەگەڵ 8 کەسایەتیی لە هەر دوو دامەزراوەی(ڕووداو، کوردسات) ئەنجامدراوە، کە خاوەن ئەزموون و شارەزایی زانستی و پراکتیکین لە بواری زیرەکی دەستکرد لە میدیادا، ئەم چاوپێکەوتنانە لە کەشێکی گونجاودا و لەناو دامەزراوە میدیاییەکاندا ئەنجام دراون، تەواوی دەقی گفتوگۆکان لەلایەن توێژەرەوە دەنگنووس کراون، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1) بۆ زانینی زانیاریی کەسیی بەرتوێژان.

دوابەدوای نووسینەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکان و بە مەبەستی قووڵبوونەوە لە سروشتی زانیارییەکان، پاش چەند جارێک لە خوێندنەوەی وورد و پێداچوونەوەی وەڵامەکان، توێژەر وەک ڕێکارێکی زانستی لەم جۆرە توێژینەوانەدا، میتۆدی شیکردنەوەی تەوەریی Thematic Analysisی پەیڕەو کردووە، لەم پرۆسەیەدا، شێوازی کۆدکردنی سیمانتیکی Semantic Coding بەکارهێنراوە، بە جۆرێک کە بڕگە و زانیارییە هاوواتاکان پێکەوە بەستراونەتەوە و ڕێکخراون؛ لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو وەڵامانەی لەڕووی واتاوە لێکچوونیان هەبووە، لەژێر یەک کۆدی سەرەکیدا پۆلێنکراون، کارەکانی کۆکردنەوەی داتا و شیکاری بۆ چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەرتوێژاندا بە چەند قۆناغێک جێبەجێکراوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (1)، دواتر لەچوارچێوەی تەوەرەکاندا شیکاریی گونجاو بۆ ئەو داتایانە کراوە، کە تایبەتن بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا.

**ئاستەکانی شیکاری چاوپێکەوتنەکان:**

خشتەی ژمارە (١) : ئاستەکانی شیکاری

| قۆناغ | وردەکاری |
|---|---|
| پێش شیکاری | |
| چاوپێکەوتن | گفتوگۆکان لەڕێگەی تۆماری دەنگ و مۆبایلی زیرەکەوە تۆمارکران و بەشێوەی وتووێژی ڕاستەوخۆ لەماوەی (٣٠ - ٤٥) خولەکدا، (١٣) پرسیاری کراوە کە لە پاشکۆی ژمارە(٣) دانراوە، ئاراستەی کەسەکان کراون، بەپێی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕی و پێگەی کارکردنیان لە دامەزراوەکان. |
| دەنگنووسین | تەواوی تۆماری دەنگی گفتوگۆکان لەلایەن توێژەرەوە دەنگنووس کراون، بەشێوەیەک دەقی چاوپێکەوتنەکان بە پرسیار و وەڵامەکانەوە وەک خۆی نووسراونەتەوە. |
| پاکسازی | پاکسازی بۆ تەواوی دەقە نووسراوەکان کراوە، بە لابردنی دەنگە ناپێویستەکان، ووشە و ڕستەی دووبارە، دانانی ووشەی کوردی بەرامبەر ئەو دەستەواژە و وشانەی بەزمانی (ئینگلیزی) بەکارهاتوون، لەگەڵ لابردنی ئەو بڕگانەی لەکاتی گفتوگۆکاندا لەلایەن بەرتوێژانەوە داوا لەتوێژەر کراوە نەخرێتەناو توێژینەوەکە. |
| شیکاری | |
| زانیاری کەسی | بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕەزامەندی پێش دەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکان کە لەلایەن بەرتوێژانەوە پڕکراونەتەوە و زانیاری کەسییان تۆمارکردوە، توێژەر لە خشتەیەکدا زانیارییە کەسییەکانی بەرتوێژان و پێگەی کارکردنیان لە دامەزراوەکاندا خستۆتەڕوو. |
| پۆلێنکردنی تەوەرەکان | چاوپێکەوتنەکان بەسەر پێنج تەوەری سەرەکیدا پۆلێنکراون لەسەر بنەمای پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە شیکاریان بۆ کراوە. |
| شیکاری و کۆدین | بەپێی پۆلێنەکان، شیکاری بۆ ووتەی بەرتوێژان ئەنجامدراوە، تێماسازی و کۆدکردن بۆ ووشە و دەستەواژەکان کراوە و بەخشتە دانراوە. |

**پۆلێنکردنی تەوەرەکان:** پۆلێنسازیی بۆ تەوەرە سەرەکییەکانی شیکاری داتاکان بەسەر چوار پۆلێندا دابەش دەبن کە پێکدێن لە:

١. بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا.

٢. ئامراز و تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد لەبەرهەمهێنان پەیام و ناوەڕۆکدا.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

٣. پاڵنەر و ستراتیژییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتی هەڵبژاردن.

٤. ئاڵنگارییەکانی زیرەکی دەستکرد لە میدیاکان و لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

## 2 تەوەرەکان:

### 2.1 یەکەم: بوارەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا:

ئاوێتەبوونی زیرەکیی دەستکرد وەک تەکنەلۆژیایەکی نوێ و کاریگەر لەناو ژینگەی میدیاییدا، وەرچەرخانێکی گەورەی لە شێوازی کارکردن و ڕێرەوی بەرهەمهێنانی کەناڵەکان و میدیای دیجیتاڵیدا هێناوەتە ئاراوە. بەهۆی تایبەتمەندییە جیاکەرەوە و بەهێزەکانی ئەم تەکنەلۆژیایەوە، دامەزراوە میدیاییەکان ئێستا لە بەردەم پێویستییەکی حەتمیدان بۆ بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێ، داهێنان و باشترکردنی کوالێتیی پەیامەکانیان. ئەم واقیعەش، دامەزراوە میدیاییە کوردییەکانی خستووەتە دۆخێکی ناچارییەوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکە، ئەمەش لە تێڕوانین و دیدی بەرتوێژەکانی توێژینەوەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەت کاتێک تیشک دەخەنەسەر ئەو پاڵنەرە سەرەکییانەی هۆکاربوون بۆ پشت بەستن بە زیرەکی دەستکرد، عەلی فەرەج سەرنووسەری هەواڵ لە دەزگای میدیایی کوردسات، سێ هۆکاری سەرەکی دیاری دەکات و پێیوایە؛"تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی لەڕووی کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان، بەرزیی کوالێتی پەیامە بەرهەمهێنراوەکان، و خێرایی لە جێبەجێکردنی بەرهەمی هەمەجۆری میدیایی لەماوەیەکی کەمدا، هۆکارن بۆئەوەی زیرەکی دەستکرد وەک پێداویستییەکی ستراتیژی ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە فەلسەفەی کارکردنی دەزگاکەماندا."

لەلایەکی دیکەوە، موکری ئاشنا محەمەد ئەندامی تیمی گەشەپێدەر لە ڕووداو، هۆکاری تری پشتبەستنی دامەزراوەکان بە تەکنەلۆژیاکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە گۆڕانکاری زۆر داهێنەرانەی بۆ میدیاکان هێناوەتە ئاراوە و دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد لەبواری میدیادا گۆڕانکارییەکی وای خوڵقاندوە مرۆڤەکان باشتر بیربکەنەوە و باشتر بەرهەمبهێنن، تەکنەلۆژیاکە ئێستا دەتوانێت فێرببێت، بیربکاتەوە، و بۆ بڕیاردان بژاردەی جیاوازت پێشکەش بکات."

لەلایەکی دیکەوە، بروا ڕەئوف وتی:"زیادکردنی خێرایی، زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و پەیامی میدیایی، کەمکردنەوەی تێچوو، ووردی و کوالێتی بەرز، بەرهەمێکی باشتر بەکاتێکی کەمتر، لەو تایبەتمەندییە سەرەکیانەن کە پاڵنەری بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایەیە لە ڕووداو، زیرەکی دەستکرد وەک هاوڕێیەک هەمیشە لەگەڵتدایە و بەردەوام ڕاوێژی لەگەڵ دەکەیت، بیرۆکەو بژاردەی Option زیاترت پێدەدات، بۆیە بەردەوام پێنج بۆ شەش هەنگاو لەپێش ئەوانەوە ئەبیت کە ئەی ئای بەکارناهێنن."

لەتێڕوانین بۆ دید و بۆچوونی بەرتوێژان ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پاڵنەرەکانی پشتبەستن لە هەر دوو دامەزراوەکەدا تەنها بۆ جێبەجێکردن و ڕایکردنی ئەرکەکان نییە، بەڵکو بۆ مانەوەیە لەناو بازنەی کێبڕکێی میدیایی هاوچەرخدا.

لەبارەی کاریگەری گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاکە بۆ سەر دامەزراوەکان و نوێگەری میدیا، هاوکار ئاسۆ بەڕێوەبەری سۆشیال میدیا و بەڕێوەبەری IT ی کوردسات باسی لەوەکرد کەدەستپێشخەربوون لەبەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەهەندێ بواری میدیایدا، و دەڵێت:"وەک دەزگای میدیایی کوردسات زیرەکی دەستکرد بۆ زۆر بوار بەکاردەهێنین، لەوانە: وەرگێڕان، خوێندنەوەی دەق، دراما بەنمونەش درامای (مەحلان)* یەکەم درامای کوردییە کە زیرەکی دەستکردی تێدا بەکارهێنراوە کەکارەکتەری سەرەکیی دراماکە AI بوو، هەروەها بەرنامەی (مرۆڤ و ڕۆبۆت) یەکەم بەرنامەی تەلەفزیۆنی کوردی زیرەکی دەستکردبوو کەبەرهەممان هێنا، جگەلەوە سوودمان لێوەرگرتووە بۆ نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکان، بەتایبەت ئەو بەرهەمانەی کوالێتیان خراپ بووە."

کەناڵ و میدیا دیجیتاڵییەکان لەئێستادا کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد ناودەبرێت، ناچارن ئامراز و مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد وەک پێویستییەکی کارایی بۆ کارکردن و بەرهەمهێنان بەکاربهێنن.

هەر لەوبارەیەوە، بێستوون نووری جێگری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری نیوزگازەرینگ لە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەڵێت:"لە ساڵی 2023ەوە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنین بەوپێیەی ڕووداو پابەندە بە مانەوەی لە بەرەی نوێگەرییدا، هەوڵدەدەین بە سوودوەرگرتن لە هێزی تەکنەلۆژیایی نوێ و دیجیتاڵ میدیا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بینەر و خوێنەرمان دروست بکەین، ئیمە لەتۆڕی میدیایی ڕووداو زۆر زۆر سوودمان لێ وەرگرتووە، ئێستا زیرەکی دەستکرد یاریدەدەرێکی کارایی زۆرباشە، لەڕووی کەمکردنەوەی تێچوو و زیادکردنی بەرهەمهێنانەوە زۆر سوودمان لێوەرگرتووە."

بۆچوونەکانی محەمەد سەفار بەڕێوەبەری کرییەیتڤی ڕووداو پاڵپشتییە بۆ وتەکانی جێگری بەڕێوەبەری گشتی تۆڕی میدیایی ڕووداو و دەڵێت:"لەڕێگەی تەکنەلۆژیاکەوە نوێگەرییمان لە گرافیکی ڕووداو کردووە، وەک دیزاین، ڤیدیۆ ئیدیتینگ و مۆشن گرافیک، بۆیە بەڕاستی زیرەکی دەستکرد ئاسانکاری تەواو و پاشەکەوتی کات و توانای مرۆیی بۆ کردووین."

دیدێکی جیاواز لە نێوان بەرتوێژاندا بەدیدەکرێت سەبارەت بە ئاستی سوود وەرگرتنیان و بوارەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکە لە دامەزراوەکانیاندا، بروا ڕەئوف ئاشکرایدەکات کە توانیویانە لە ساڵی 2026 ئەپێکی تایبەت دروست بکەن،"بۆ کۆنتاکت کردن (پەیوەندی) Contact لەگەڵ بینەران و وەرگران تا بەردەوام بەردەست بێت بۆ گفتوگۆ و ڕێنوێنیکردن یان گرێدانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی ستافەکەماندا، کەرۆڵی یاریدەدەری میدیاکارە مرۆییەکان دەبینێت."

لە وتەی بەرتوێژەکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زیرەکی دەستکرد وەک تەکنەلۆژیایەکی کاریگەر و خاوەن تایبەتمەندیی پێشکەوتوو، بۆ بەرەوپێشبردنی کار و بەرهەمهێنانی میدیایی لە کەناڵ و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا، بەشێواز و ئاستی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

---

*مەحلان زنجیرە درامایەکی کورتی کۆمیدییە، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی 2024دا لە کەناڵی کوردسات بەرهەمهاتوە و نمایشکراوە.

هاوکار ئاسۆ، لەمبارەیەوە دەڵێت:"بێگومان توانای مرۆیی و زیرەکی دەستکرد جیاوازیان هەیە، لەم قۆناغەدا بەبێ بیرکردنەوە و توانای مرۆڤ هیچ سوودێکی ئەوتۆی لێوەرناگیرێت، لە بەرامبەریشدا هەر کەسێک زیرەکی دەستکرد ڕەت بکاتەوە پێموایە کارەکەی لاوازدەبێت، کەسە سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە زیرەکی دەستکرد بۆ کارەکەیان سوود لێوەردەگرن."

بۆچوون و تێگەیشتنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە فرەچەشنە لەبارەی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و بایەخی تەکنەلۆژیاکە بۆ کارە میدیاییەکانیان و بوارەکانی بەرهەمهێنان، موکری ئاشنا محەمەد، دەڵێت:"یەکێک لە گرنگییەکانی زیرەکی دەستکرد گەڕانەوەی کاتە، بێگومان گەڕانەوەی کات بۆ میدیا گەڕانەوەی داهاتە، کارێکی کوالێتی بەرز بە کاتێکی کەمتر بەرهەم بهێنیت پێشەنگ بوونە و دەتوانیت لەو کاتە پاشەکەوتکراوەت کاری داهێنەرانەتر بکەیت."

لەبارەی لایەنە پراکتیکییەکانی تەکنەلۆژیاکە لە بواری میدیای دیجیتاڵیدا، عەلی ئەرشان خان، سەرپەرشتیاری دیزاین و برۆدکاست لە دەزگای میدیایی کوردسات، پێویستی و بایەخی ئامرازەکان لە کارامەیی پوختکردنەوە و سەرنجڕاکێشاندا دەبینێتەوە و وتی:"زیرەکی دەستکرد لە میدیای دیجیتاڵی پێویستییەکی حەتمییە، بەتایبەت بۆ کورتکردنەوە و پوختکردنەوەی زانیارییەکان، هەروەها بۆ داڕشتنی دەقی تایتڵە سەرنجراکێشەکانی سۆشیاڵ میدیا و دروستکردنی وێنە و ڤیدیۆش بەکاردێت، ئێمە لە کوردسات بۆ ئەو مەبەستانە بەکاریدەهێنین."

دید و بۆچوونی بەرتوێژان نیشاندەری ئەوەیە زیرەکی دەستکرد لە کەناڵەکان و میدیایی دیجیتاڵیدا کاریگەریی لەسەر خێرایی لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و بەرهەمهێنانی پەیام و شیکاری داتا ئاڵۆزەکان کردووە، ئەم خزمەتگوزارییانە گۆڕانێکی چۆنیەتی لە کاروباری میدیایی و بەرهەمهێنانیاندا هێناوەتەکایەوە، هەموو بەرتوێژەران هاوڕان کە زیرەکی دەستکرد وەک تەکنەلۆژیایەکی مۆدێرن لە دامەزراوە میدیاییەکان بەتایبەت لە کەناڵ و میدیای دیجیتاڵی بەکاردەهێنرێت و ئامرازێکی بنەڕەتییە لە کاروبارەکانی میدیای هاوچەرخدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی ئاستی هۆشیاری بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەبارەی گرنگی و بەهای تەکنەلۆژیاکە لە بواری میدیادا.

**2.2 دووەم: ئامڕاز و تەکنیکەکانی زیرەکی دەستکرد لەبەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکدا:**

زیرەکی دەستکرد لە دیدگا و ئەزموونی ئەو بەرتوێژانەی مشتەی توێژینەوەکەن، ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی گێڕاوە لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکی میدیاییدا، کە بۆ هەریەک لە هەنگاو و قۆناغەکانی (بیرۆکە و پلان، بەرهەمهێنان، دوای بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە) سوودی لێوەردەگیرێت، هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە کە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاکە بەشێوەیەکی ئەرێنی کارئاسانی بۆ شێوازی بەرهەمهێنان کردووە و مۆدیلێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە تێکشکاندنی قۆناغبەندیی بەرهەمهێنانی کۆنباوە.

هەر لەمبارەیەوە کاردۆخی دارا سەرپەرشتیاری ئەنیمەیتەر و مۆشن گرافیک لە دەزگای میدیایی کوردسات دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد وەرچەرخانێکی گەورەی لە بەرهەمهێنانی کارە میدیاییەکاندا کرد، بەدڵنیاییەوە فەلسەفەی کارکردنی هەموومانی گۆڕیووە، بەپشت بەستن بەو ژێرخانە تەکنیکیەی هەمانە بەزیرەکی دەستکرد، بەشێک لەکارەکانمان بەستانداردی کوردسات دەکەین واتە لەڕێگەیەوە بەرهەمهێنان بەو جۆرە دەکەین کە خۆمان دەمانەوێت نەک بەو جۆرەی تەکنەلۆژیاکە بە ئۆتۆماتیکی دەیکات، مادام کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیاکە لەدەستی مرۆڤە بۆیە دەتوانیت ڕەسەنایەتی بپارێزیت، هەرچەندە مۆدێلی بەرهەمهێنانی کۆنباوی گۆڕیوە، بەڵام هێشتا لە میدیای کوردیدا قۆناغەکانی بەرهەمهێنان پەیڕەودەکرێت و لە هەر قۆناغێک پێویست بکات تەکنەلۆژیاکە وەک یاریدەدەرێک بەکاردێت، بەشێوەیەک توانا تەکنیکی و دیجیتاڵییەکانی بەرزکردوینەتەوە و کارئاسانی بۆ دەستەبەرکردووین".

ئەو بۆچوونانەی پێیانوایە هەر مەتریاڵێکی بەرهەمهێنراو بە زیرەکی دەستکرد پێش بڵاوکردنەوەی لە شاشە یان میدیای دیجیتاڵی پێویستە بە فلتەری مرۆیی دا بڕوات، لەنێو بەرتوێژاندا زۆرینە پێکدەهێنن، بێستوون نووری دەڵێت:"ئەم تەکنەلۆژیایە کاریگەریی بەهێزی لەسەر کاری میدیا کردووە، بەربەستەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی پەیامی کاریگەر و ئامانجداری کەمکردووەتەوە، تەنانەت کاریگەری بەهێزی لەسەر ڕۆژنامەوانی کلاسیک کردووە؛ بەجۆرێک قۆناغبەندیی کۆنباوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تێکشکاندووە کە بەرەوپێشچوونێکی گەورەیە، تەنانەت بۆ هەندێک بابەت کە ڤیدیۆ و وێنەمان نییە، بەنمونە بابەتە هەستیار و مێژووییەکان لەڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دیمەنی ڤیدیۆیی بۆ بەرهەمدەهێنین، هەرچەندە لەم قۆناغەدا ناکرێت زیرەکی دەستکرد بەبێ هێزی مرۆیی هەموو کارەکان بکات یان بەتەواوی پشتی پێببەسترێت."

ئەگەرچی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بەپێی تایبەتمەندیان ڕێگە بە میدیاکان دەدەن بۆ بەرهەمهێنان و بەجێگەیاندنی ئەرکی جیاوازی میدیایی، سەرپەرشتیاری دیزاین و برۆدکاست لە دەزگای میدیایی کوردسات، لەبارەی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیاکە لەسەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکی میدیاییەوە وتی:"لەڕووی تەکنیکیەوە دامەزراوەکەمان ژێرخانێکی پێشکەوتووی هەیە، کە پێویستییەکی تەکنیکی گرنگە بۆ ئەو سیستمانەی کە پرۆسێسکردنی بەهێزیان دەوێت، بۆیە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە تەکنیکیە ئاڵۆز و قورسەکاندا زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنین، بەنموونە تەکنەلۆژیاکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ کورتکردنەوەی ماوەی زەمەنی پرۆسەی ڕێندەرکردنی Render گرافیک، تایتڵ یان بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، بەجۆرێک ئەو پرۆژانەی Project پێشتر بە نزیکەی ١٢ ڕۆژ ڕێندەر دەکران، بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە ماوەکە بۆ کەمتر لەنیوەی ئەو کاتە کەم بووەتەوە."

مۆدێل و ئامڕازەکانی زیرەکی دەستکرد چەندین تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییان بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی جۆراوجۆر وەک (دەق، گرافیک، ڤیدیۆ، شیکاری داتا، دەنگ و وێنە) خستووەتە بەردەست دامەزراوە میدیاییەکان، توێژەر ئەوەی بۆ دەرکەوتووە هەریەک لەدامەزراوە میدیاییەکانی ڕووداو و کوردسات توانیویانە سوود لە تەکنیکە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بەئاستی جیاواز وەربگرن و ڕەنگدانەوەی لەپەیامەکانیاندا هەبێت، بەووردبوونەوە لەوتەی بەرتوێژان بەهۆی پێشکەوتوویی تەکنەلۆژیاکە و پێویستی بە شارەزایی و لێوەشاوەیی لە بەکارهێنانیدا، لە هەر دوو دامەزراوەکە


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

تیمی تایبەت و دیاریکراو بۆ بەرهەمهێنان بە زیرەکی دەستکرد هەیە، ئەمەش بازدانێکی نوێی کارکردنە لە دامەزراوەکاندا.

عەلی ئەرشان خان سەرپەرشتیاری دیزاین و برۆدکاست لە دەزگای میدیایی کوردسات، دیدێکی جیاوازی لەبارەی تەکنیکی بەرهەمهێنان لەڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە دەخاتەڕوو، و دەڵێت:"کەرەستەکانی AI ئەو هێڵکارییە کلاسیکییەکەی بەرهەمهێنانی گۆڕیوە بۆ پرۆسەیەکی یەکپارچە؛ واتا نووسین دەق و دروستکردنی گرافیک و ڤیدیۆ و ڕێندەرکردن لە یەککاتدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش بازدانێکی گەورەیە بۆ بواری بەرهەمهێنانی پەیام لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، دەتوانیت بەدوو ڕێگا وێنە و ڤیدیۆ بەرهەم بهێنیت، جا بە ستۆری بۆرد Storyboard بێت کەپێکدێت لە نەخشە و پلانێکی وێنەیی یان بە پرۆمپت Prompt کە دەقێکی فەرمانی و ڕێنماییە، لەڕێگای ستۆری بۆردەکەدا هەموو ڕەگەزەکان دەنووسیت و داوا دەکەیت زیرەکی دەستکرد بۆت بەرهەم بهێنێت، بەڵام کاتێک بەرهەمت هەبێت، بەڵام پێویستی بەچاکسازی بێت ئەوا پشت بەپرۆمپت دەبەستیت، ئەمەش نووسەری ناوەڕۆک بەبیرۆکەی خۆی دەتوانێت باشترین پرۆمپت بنووسێت."

ڕاو بۆ چوونی بەرتوێژان لەبارەی بەرهەمهێنان بە زیرەکی دەستکرد فرەچەشنەن، بروا ڕەئوف دەڵێت:"ڕووداو خاوەنی ژێرخانێکی تەکنیکی بەهێز و سەردەمییە، ئەمەش گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێی میدیایی و داهێنان و بەرهەمهێنان، جیاوازی لەنێوان توانای مرۆیی و زیرەکی دەستکرد بەڕوونی بەدیدەکرێت، جاران بۆ چاککردنی ڤیتییەک ڕەنگە 30 خولەکمان پێویست بووبێت، بەڵام ئێستا زیرەکی دەستکرد بەشێواز و ستانداردی ڕووداو و لەچەند خولەکێکدا ڕێکی دەخات."

بەرتوێژەکان هاوڕان تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد توانیویەتی گۆڕانکاری لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دروست بکات، ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەزموونیان لەگەڵ مۆدێلە کۆنباوەکە و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لەئێستادا و کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو پەیام و ناوەڕۆکانەش هەیە کە بە تەکنەلۆژیاکە بەرهەمهێنراون.

زیرەکی دەستکرد، لەبواری بەرهەمهێناندا کاریگەری لەسەر ڕۆژنامەوانی مرۆیی کردووە، بەوپێیەی دەتوانرێت دەق و دەنگ و گرافیک و وێنە و ڤیدیۆ لەڕێگەی ئامراز و سیستەمەکانی زیرەکی دەستکردەوە بەرهەمبهێنرێت، بەڵام بەرتوێژێکی دیکە ڕای پێچەوانەی هەیە، عەلی فەرەج پێیوایە:"هەرچەندە پرۆسەی بەرهەمهێنان بە زیرەکی دەستکرد جیاوازە لەگەڵ بەرهەمهێنانی مرۆیی، بەڵام لەم قۆناغەدا زیرەکی دەستکرد یاریدەدەرێکی کارایە و نەیتوانیوە جێگەی میدیاکاری مرۆیی بگرێتەوە، هەر ناوەڕۆکێک کە بە یارمەتی AI بەرهەمبهێنرێت، پێش بڵاوکردنەوە پێداچوونەوە و چاکسازی تێدا دەکەین، هۆکارەکە ئەوەیە کە AI هەندێکجار هەڵەی زانیاری، هەڵەی زمان، یان دەربڕینی نەگونجاو دروست دەکات، بۆیە پشکنینی مرۆیی پێویستە بۆ پاراستنی ڕاستی و ڕەسەنایەتی، باوەڕپێکراوی و ستانداردی پیشەیی، واتا بەبێ پێداچوونەوەی ووردی مرۆیی هیچ بەرهەمێکی تەکنەلۆژیاکە بڵاوناکەینەوە."پەرەپێدانی تەکنەلۆژیاکە بەشێوەیەکە دەتوانرێت لە چەندین ڕووەوە سود بە کەناڵ و میدیا دیجیتاڵییەکان بگەیەنێت، تا بتوانن بە باشترین و بەرزترین کوالێتی پەیامەکانیان بەرهەمبهێنن و بڵاوی بکەنەوە.

موکری ئاشنا محەمەد، دەڵێت:"تەکنەلۆژیا ئامرازێکی یاریدەدەرە، بەڵام لەکۆتایدا کارە داهێنانەکە و بیرۆکە بنەڕەتییەکە و مانا قوڵەکە لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدایە و گۆڕانکاری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا کردووە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی جێگرەوەی مرۆیی، هەرچەندە لە بیرۆکەوە بۆ بڵاوکردنەوە، بۆ پۆلێنکردنی داتا و زانینی بژاردەی جیاواز بۆ شێوازی کارکردنمان کاریگەری باشی هەبووە، ڕاستە هەندێک کارت بۆ دەکات کە مەحاڵە بتوانرێت بە توانای مرۆیی ئەنجامی بدەیت، لەگەڵ ئەوەشدا توانا مرۆییەکان گەر زیرەکی دەستکردی لە پاڵدابێت بەرهەم و هێزەکەی چەند هێندە دەبێت."

لەلایەکی دیکەوە، هاوکار ئاسۆ، بەڕێوەبەری سۆشیال میدیا و بەڕێوەبەری IT ی کوردسات، دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد بۆ بواری میدیای دیجیتاڵی سوودمان زۆر لێوەرگرتووە و ئەرکی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدات، گۆڕانکاری گەورەی بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کارەکاندا هێناوە، بەگشتی بۆ دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆک (content) و پێدانی بژاردەی باشتر، هەروەها بۆ گرافیک، دەنگ و ڤیدیۆ بەکاریدەهێنین، بەتایبەت لە دروستکردنەوەی دیمەن بۆ هەندێک لە بابەت و ڕووداوەکان کە ئەرشیفیان نییە، بۆیە ئەو دەرگایەی بەڕوودا کردوینەتەوە کە پێشتر بەردەست نەبووە."

لەبارەی سوود وەرگرتنیان لە تەکنیکەکانی تەکنەلۆژیاکە لە بەرهەمهێناندا، موکری ئاشنا محەمەد، وتی:"تولێکی تایبەتمان هەیە کە دەتوانێت کۆی بەرنامەیەکی ڤیدیۆیی بکاتەوە بەدەق و شیکاری داتاکان بکات، ئەمەش کارئاسانیمان بۆ دەکات بۆ فلتەرکردن و تێگەیشتنی وورد لە ناوەڕۆکی گفتوگۆکان و ڕیڤیوی بەرنامەکان."

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زیرەکی دەستکرد لە بواری بەرهەمهێنان، کەمکردنەوەی توانای مرۆیی و خێرایی و تێچووی داراییە، هەروەها گەیاندنیشی ئامانجدار و ئاسانکردووە و پرۆسەی شیکاری کارلێکی پەیامە ئاراستەکراوەکانی لەسەر وەرگران خێرا و وورد کردووە.

محەمەد سەفار، پێیوایە تەکنەلۆژیاکە گۆڕانکاری زۆری لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی میدیایدا کردووە، لەبیرۆکەوە تاوەکو بڵاوکردنەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت:"لە ڕووداو بۆ وەرگرتنی بیرۆکە بەکاری ناهێنین و بیرۆکەکان هی خۆمانن، بەڵام بۆ قۆناغەکانی تری بەرهەمهێنان سوودی لێوەردەگرین، ئێستا زیرەکی دەستکرد کاری ڕۆژێکی مرۆیی بە کاتژمێرێک بۆمان دەکات، ئەمەش بۆ دامەزراوەیەکی وەک ڕووداو گرنگە، لە خێرا بەرهەمهێنان و گەیاندنی زانیاریدا."

ژمارەی ئەپلیکەیشن و ئامراز و مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد لە بواری میدیا زۆرن و ئاستی بەکارهێنانی هەریەک لەو ئامرازانە لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازە، چاوپێکەوتنەکان سەبارەت بەو ئامراز و بەرنامانەی دامەزراوە میدیاییەکان لە بواری زیرەکی دەستکرد بەکاریدەهێنن ئەوە دەردەخات، کە هەردوو دامەزراوەکە بەکارهێنەری ئەو ئامرازە گشتیانەن کە بۆ هەمووان بەردەستە لە گرنگترینیان کە زۆرینەی بەرتوێژان ئاماژەیان پێداوە بریتییە لە(Canva AI , Google AI Studio , Claude AI, Morphic AI, Google Veo 3.1, Seedance AI, Leonardo AI , DALL-E, Runway ML , Chat GPT, ElevanLabs, Fish Audio, RAdobe AI (Firefly, Premiere) , Microsoft AI , Grok AI , Gemini AI).

هەریەک لەمانە بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک و

پەیام وەک:(دەق، وێنە، گرافیک، دەنگ، ڤیدیۆ، دروستکردنی پێشکەشکار و تەکنیکی هەڵهێنجانی و دەرهێنانی زانیاری و شیکاری و تەنانەت ساختەکاری قووڵ) بەکاردەهێنرێن، بەشێوەیەکی گشتی لە دید و بۆچوونی بەرتوێژان ڕووندەبێتەوە کە لێکنزیکی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد لە هەردوو کەناڵدا هەیە، بەڵام ڕادەی سوود لێبینینیان جیاوازە و شێوازی بەرهەمهێنانەکانیان وابەستەیە بە ژێرخانی تەکنیکی و توانا و لێهاتوویی ستافەکانیان لە بوارەکەدا، هەروەها ئەوە دەسەلمێنرێت کە بەکارهێنانی مۆدێل و ئامرازە گشتییەکان کە لە بەردەست هەموواندایە، جۆرێک لە هاوشێوەیی تەکنەلۆژی لە هەر دوو دامەزراوەکەدا هەیە، بەجۆرێک کە ئیتر جیاوازی بەرهەمهێنان و کارەکانیان لەم تەکنەلۆژیایەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا و لێهاتووییە مرۆییەی لەپشت ئامرازەکانەوە کار دەکەن.

بروا ڕەئوف لەبارەی گۆڕانکارییەکان لەژینگەی میدیادا، دەڵێت:"ڕووداو ئەی ئای؛ مۆدێلێکی زیرەکی دەستکردە و پرۆژەیەکە بە پەرەپێدانی ناوخۆیی لەلایەن تیمێکی گەشەپێدەر و پسپۆڕی ڕووداوەوە دروستکراوە، لەدامەزراوەکەماندا گۆڕانکاری گەورە و خێرایی لە ئاستی بەرهەمهێنان و خستنەڕووی میدیاییدا هێناوەتە ئاراوە و بەردەوام خزمەتگوزارییەکانی فراوانتر دەبێت، لەوانە بەگەڕخستنی تەکنیکی خوێندنەوەی دەقەکان بەدەنگی بێژەرەکانمان کە لەماڵپەڕەکەماندا بەردەستە، بۆ یەکەمینجار لە کوردستان ئەم خزمەتگوزارییە لەلایەن ڕووداو خرایە خزمەتی وەرگران، بەردەوام سوودمان لە بەرەوپێشچوونەکانی تەکنەلۆژیاکە وەرگرتووە و گۆڕانکاری و داهێنانی تێدا دەکەین، هەروەها زیرەکی دەستکردی تایبەت بەخۆمان لەسەر سێرڤەری بچووک و لۆکاڵی هەیە، بەنموونە دەنگ دەکاتە دەق و بەپێچەوانەشەوە."

لەگەڵ دروستبونی ئەو گۆڕانکارییانەش لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، ئەم مۆدێلە گەورانەی زمان کە پشت بە کۆمەڵێک ئەلگۆریتم دەبەستن، ئاڵۆزییەکەیان بەشێوازێکە دەتوانرێت لەڕێگەی گریمانەییەوە پێشبینی ئەوەبکات کە زانیاری و هەنگاوەکانی پرۆسەکە بەشێوەیەک جێبەجێ بکات کە گوایە بەرهەمهێنانێکی میدیایی تەواوی ئەنجامداوە، بەڵام گەر لەژێر سەرپەرشتی مرۆیی نەبێت ڕەنگە دامەزراوە میدیاییەکە تووشی هەڵەی گەورە بکات، چونکە ئەلگۆریتمەکان تووشی هەڵخلیسکاندن و وڕێنەش دەبن، بەتایبەت لەو مۆدێلانەی بۆ هەمووان بەردەستە، بۆیە باشترە دامەزراوەکان مۆدێلی زیرەکی دەستکردی تایبەت بەخۆیان هەبێت، یان هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکانی تەکنەلۆژیاکەدا بکەن.

هەر لەبارەی ژێرخانی تەکنیکی ڕووداو و پەرەسەندنەکانیان لە بواری زیرەکی دەستکرد، موکری ئاشنا محەمەد، دەڵێت:"چەند ئامرازێکمان هەیە کە تەنها بۆ ستافی ڕووداو بەردەستە، داتامان پێداوە و ڕاهێنانمان پێکردووە و دیڤێلۆپمان کردووە کە شارەزای ستانداردەکان و ڕێنووسەکانی ڕووداوە لەڕووی دەستەواژە و وشە بەکارهێنراوەکان، ئەمەش کارئاسانی بۆ ستافەکانمان دەکات بۆ باشتر ڕاییکردنی کارەکانیان و ئامادەکردنی پەیامەکان."

لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زیرەکی دەستکرد لە بواری میدیادا، خێرایی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان و کەمکردنەوەی تێچووی دارایی و توانا مرۆییەکان، عەلی فەرەج دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد بەهۆی چەندین تایبەتمەندییەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتی هەڵبژاردنی گۆڕیوە، لەوانە:(خێرایی لە بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی تێچوو و توانای تەکنیکی و مرۆیی)، هەروەها بەرزکردنەوەی توانای تەکنیکی و دیجیتاڵی لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، تەنانەت بەرهەمهێنان لە نەبوونەوە ئەنجامدەدات، بۆیە بە تەواوی گۆڕانکاری لە شێوازی بەرهەمهێناندا کردووە."

سەبارەت بە گۆڕانی ئاست و خێرایی پرۆسەی بەرهەمهێنان، محەمەد سەفار بەڕێوەبەری کرییەیتڤ لە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد زۆر کەلێنی بۆ پڕکردووینەتەوە و توانای بەرهەمهێنانیشمان بەرزبۆتەوە، بەجۆرێک هەندێک کاری میدیایی هەبووە پێشتر بە ١٠ ڕۆژ کردوومانە، ئێستا بە یەک ڕۆژ بەرهەمی دەهێنین، بەم جۆرە ڕێژەی سوود وەرگرتنمان لە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کە لە ١٠% بووە ئێستا بەرزبۆتەوە بۆ لە ٥٠%."، ئەم گەشەسەندنە خێرایەی تەکنەلۆژیاکە کە بەرتوێژان لە هەردوو دامەزراوەکەدا جەختی لەسەر دەکەنەوە، تەواو هاوتەریبە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی (یاسین، 2025) کە نیشانی دەدات ئەم تایبەتمەندییە پاڵنەری سەرەکییە بۆئەوەی دامەزراوەکان پشت بە تەکنەلۆژیاکە ببەستن.

لەپاڵ ئەوەشدا، ئەم تێڕوانینە لەلایەن عەلی ئەرشان خان سەرپەرشتیاری دیزاین و برۆدکاست لە دەزگای میدیایی کوردسات، پشتڕاست دەکرێتەوە، بەڵام لە گۆشەنیگای کێبڕکێی میدیاییەوە، پێیوایە"زیرەکی دەستکرد بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی ئەرکەکان، بەتایبەت بۆ کەناڵە میدیاییەکان کە ئەم خێراییە پێویستە بۆ زامنی سەرکەوتنی کەناڵەکە لەکێبڕکێی گەیاندنی پەیام و زانیارییەکی دیاریکراو، هەروەها کەلتووری بەرهەمهێنانی بە تەواوی گۆڕیوە بۆ دیجیتاڵی، بۆیە لە ئایندەدا پانتاییەکی زیاتر لە میدیادا داگیر دەکات."

لە پاڵ دید و بۆچوونی بەرتوێژانی تردا، بێستوون نوری تیشک دەخاتەسەر گرنگی هێزی مرۆیی لەپاڵ تەکنەلۆژیادا و دەڵێت:"بەرهەمهێنانی میدیایی بە زیرەکی دەستکرد جیاوازە لەو پرۆسەیەی پشت بەهێزی مرۆیی و ئامێری زۆرتر دەبەسترێت، تەکنەلۆژیاکە گۆڕانکاری لەپرۆسەکەدا کردووە، بەڵام پێش بڵاوکردنەوە و پەخشکردن، پێداچوونەوەی وردی مرۆیی دەکەین بۆ ئەو کارانەی کە بە زیرەکی دەستکرد ئەنجامی دەدەین، لەوکاتەدا ناوەڕۆک و پەیامە بەرهەمهێنراوەکەمان بەو جۆرە دەبێت کە خۆمان دەمانەوێت."

ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرانەی تەکنەلۆژیاکە لەسەر بەرهەمهێنان لە وتەکانی هاوکار ئاسۆ بەڕێوەبەری سۆشیال میدیا و بەڕێوەبەری ITی کوردساتیش بە تەواوی ڕەنگدەداتەوە و دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد شۆڕشێکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایدا دروست کردووە، بەجۆرێک هەر سێ قۆناغە زانستییە یەک لەدوا یەکەکەی بەرهەمهێنانی میدیایی کورتکردووەتەوە، هەروەها بە کەمترین ستاف و کات و تێچووی ماددی بەرهەمهێنانت بۆ دەکات، کوردسات خاوەن تیمێکی شارەزایە کە دەتوانن تائاستی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی بە زیرەکی دەستکرد کار بکەن."

لە دیدی بەشێک لە بەرتوێژاندا ئەگەرچی کاریگەری زیرەکی دەستکرد بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا حەتمییە، بەڕوونی ئەو کاریگەرییە بەسەر بەشێک لە دامەزراوە میدیاییە کوردییەکاندا بەدیدەکرێت، بەتایبەت قەبارەی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکیان


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

زیادیکردووە و تێچوویان کەم بووەتەوە، بۆ ڕێگریکردن لە لەدەستدانی متمانە، دامەزراوەکان ستراتیژی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی مرۆیی پەیرەو دەکەن.

ئەگەرچی کارەکانی بەرهەمهێنان بەشێوازی کۆنباو لە کەناڵ و میدیای دیجیتاڵیدا بەتیمێکی فراوان و کەرەستە و ئامێری تەکنیکی زۆر و جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، بەڵام زیرەکی دەستکرد توانیویەتی پرۆسەی بەرهەمهێنان لەپشتبەستن بە تیمی گەورە و فراوانەوە بۆ بچووکتر و ئامرازی کەمتر بگۆڕێت.

وەک محەمەد سەفار ئاماژەی پێداو و وتی:"بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە ڕێژەی بەرهەمهێنانمان بەراورد بەپێشوتر بۆ سێ هێندە زیادیکردووە، واتا بە تیمێکی کەمتر بەرهەمێکی زیاترمان هەیە، ئەگەر تەنها پشت بەتوانای مرۆیی ببەستین بۆ هەمان ڕێژەی بەرهەم ئەوا دەبێت تیمەکەمان بۆ سێ هێندە زیادبکەین، بۆیە دڵنیین زیرەکی دەستکرد کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ستافی کارکردن و تێچووەکان کردووە، و لەبەرامبەردا ڕێژەی بەرهەمهێنانمان زیادیکردوە، هەرچەندە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ پەیام و ناوەڕۆکە بەرهەمهێنراوەکانی AIیش دەکەین"، ئەمەش دەریدەخات کە میدیای کوردی لە درک کردنی قووڵی بەم مەترسییە، بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و متمانە، چاودێریی مرۆیی بۆ بابەتە بەرهەمهێنراوەکانیAI وەک میکانیزمێک بۆ هاوسەنگکردنەوەی هاوکێشەکە پەیرەو دەکات.

بەرهەمهێنان بەگوێرەی تایبەتمەندیی پلاتفۆرمەکان پێویستە یەکێکی تر بێت لەپێوەرەکانی بەرهەمهێنان بە زیرەکی دەستکرد، بە ئامانجی گونجاندنیان لەگەڵ ئەو ئامرازەی لەڕێگەیەوە بڵاودەکرێتەوە، چونکە کلتووری تەماشاکردنی میدیا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام AI لەم تایبەتمەندی و گۆڕانکارییە بەئاگایە، هاوکار ئاسۆ، ئاشکرای دەکات:"کاری بەرهەمهێنانی پەیاممان بە زیرەکی دەستکرد کردووە، لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا پێویستە ڕەچاوی ئەو ئامراز و میدیایەش بکەیت کە پەیامەکەی لەڕێگەوە بڵاودەکەیتەوە، چونکە لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی تەکنەلۆژیا، ژینگەی میدیایی بەگشتی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و لەم سەردەمەدا پانتایی سەرنجدان-Attention Spanی وەرگر زۆر کەم بووەتەوە، دیجیتاڵ میدیا بە مەتریاڵی کورتماوە و سەرنجڕاکێش ڕاهاتووە، کە زیرەکی دەستکردیش وورد و بە ئاگایە لەم گۆڕانکاریانە و چاوەڕوانییەکانی وەرگر لێی."

مۆکری ئاشنا محەمەد ئەندامی تیمی گەشەپێدەر لە ڕووداو دەڵێت:"چەندین توڵی تایبەت بە ڕووداومان هەیە یەکێکیان گرێدراوە بە پلاتفۆرمەکانمانەوە کە دەتوانێت کاردانەوە و کارلێکی وەرگرانمان کۆبکاتەوە، دواتر شیکاری داتاکان Data Analysis بکات، بەهۆیەوە دەردەکەوێت چ زانیارییەک ساختەیە، چ بابەت و زانیارییەک تێبینی لەسەرە لەلایەن خەڵکەوە، ئەمەش تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونی باشمان پێدەدات".

ئەنجامی وەڵامی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەرتوێژان لەم تەوەرەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، زیرەکی دەستکرد بووەتە پایەیەکی بەهێز لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی دامەزراوە میدیاییەکان، بڕیاربەدەستانی بەرتوێژ کە لەکارەکانیاندا بەکاریدەهێنن سەرسامن بەو تایبەتمەندییانەی تەکنەلۆژیاکە لە بواری میدیا بەدیهێناوە، هەموو ئەو بەرتوێژانە دید و بۆچوونیان لە یەکەوە نزیکە سەبارەت کاریگەری تەکنەلۆژیاکە بۆ گۆڕینی قۆناغبەندی کۆنباوی بەرهەمهێنان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەکنەلۆژیاکە کاریگەری قووڵ و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکدا کردووە.

**2.3 سێیەم: پاڵنەر و ستراتیژییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتی هەڵبژاردن:**

دەزگا و دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2025 دا تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکردیان بەکارهێناوە، لە دیدگای بەرپرس و بڕیار بەدەستانی بەرتوێژی مشتەی توێژینەوەکە تەکنەلۆژیاکە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەکارهێنراوە لەهەر سێ قۆناغی (بەر لەڕۆژی دەنگدان، ڕۆژی هەڵبژاردن، دوای ڕۆژی دەنگدان)، بۆ بوار و ئامانج و ئەرکی جۆراوجۆر.

گرنگیدانی کەناڵەکان و میدیا دیجیتاڵییەکان بە بازارگەری سیاسی و باشترکردنی ستراتیژەکانی هەڵمەتەکان و بەرهەمهێنانی پەیامی ئامانجدار لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە، لەمبارەیەوە هاوکار ئاسۆ، بەڕێوەبەری سۆشیال میدیا و بەڕێوەبەری ITی کوردسات دەڵێت:"بۆ ئەوەی کەمپینێکی Campaign سەرکەوتوو و سەردەمیانە بەڕێوەبەرین سوودمان لە زیرەکی دەستکرد وەرگرت لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی 2025دا، لە بازارگەری سیاسییدا بۆ گەیاندنی پەیامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها بۆ زانینی پێشبینی هەڵبژاردن و بەرهەمهێنانی هەندێک پەیام و ڕیکلامی سیاسی، جگەلەوش بۆ ڕوومالّی ڕۆژی دەنگدان و هەژمارکردنی دەنگ و کورسی لایەنەکان بەکارمانهێناوە."

مۆکری ئاشنا محەمەد، ڕا و زانیارییەکانی بەرتوێژانی تر سەبارەت بە گرنگی تەکنەلۆژیاکە لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا لە هەرێمی کوردستان سەربار دەکات، و پێوایە:"بە دڵنیاییەوە زیرەکی دەستکرد لە باشترکردنی شیکردنەوەی داتاکان یارمەتی داوین، بەهۆی تایبەتمەندی و تواناکانییەوە ئامرازێکی گرنگ و یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیامی دروست بۆ کەسی دروست لە کاتێکی گونجاودا، ئەمەش هاوتای ئامانجی هەڵمەتە سیاسییەکانە"، بۆچوون و تێڕوانینی بەرتوێژان لە دەستپێکی ئەم تەوەرەدا، هاوتەریبە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (Adebayo,2024)، کە جەخت لەوە دەکاتەوە ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیاکە لە هەڵمەتەکاندا گۆڕانێکی ڕیشەیی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی پرۆسەکەدا دروستکردووە.

هاوکات، بێستوون نوری ئاشکرایدەکات ڕووداو لەکاتی بانگەشە بۆ دروستکردنی گرافیک، هەروەها بۆ ڕاپرسی و زانینی پێشبینی دەنگدان بەلایەنەکان و پارتەکان و خوێندنەوەی پرۆسەکە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەکانی پێشوتر سوودیان لێوەرگرتووە، و دەڵێت:"لە ڕوومالّی ڕۆژی دەنگدان و دواتر بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بەکارمان هێنا، بەتایبەت بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و شیکاریکردن و دروستکردنی نەخشەی هەڵبژاردن و زوو وەرگرتنی داتا و بڵاوکردنەوەی ئەنجامە سەرەتاییەکان، بۆیە پێشەنگ بووین لە زانین و بڵاوکردنەوەی دەنگی لایەنەکان و تەنانەت پاڵێوراوە سەرکەوتووەکانیشدا، توانیمان دابەشکاری دەنگی لایەنەکان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا بەگوێرەی سیستەمی کۆمیسیۆن بە پرۆفیشناڵانە و دروستی و بەزوویی ئەنجامبدەین، دەتوانین بڵێین زیرەکی دەستکرد ئەزموونێکی سەرکەوتوو و بێوێنەی بۆ ڕەخساندین."

ڕیکلامی سیاسی و مایکرۆتارگێتین، دوو بابەتی هەستیار و جێی بایەخن لە کێبڕکێی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و هەڵوێستی دەنگدەران هەیە، لەم نێوەندەدا کەناڵ و میدیا دیجیتاڵییەکان بەهۆی تایبەتمەندییەکانی زیرەکی دەستکردەوە سوودیان لەم تەکنیکانە وەرگرتووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە کارەکانیاندا هەبووە بۆ هەڵبژاردنی 2025ی ئەنجوومەنی نوێنەران.

دیدگاکانی عەلی فەرەج ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زیرەکی دەستکرد دەتوانێت لە چەندین ڕەهەندەوە سوود بە دامەزراوە میدیاییەکان بگەیەنێت، تاوەکو بتوانن پەیامی مەبەستدار بەرهەمبهێنن و بە باشترین شێوە پەیامەکانیان بگەیەنن و کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکەن، لەم بارەیەوە ڕایگەیاند"دەرکەوتنی بەهێزی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی زیرەکی دەستکرد لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدەران لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاریانهێنا، کاریگەری لەسەر پەنابردن بۆ تەکنەلۆژیاکە لە هەرێمی کوردستانیشدا هەبوو، لە ئەنجامدا لە هەڵبژاردنی 2025 هێز و کاریگەری زیرەکی دەستکردی لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەرکەوت، ژمارەیەک لە میدیاکانیش لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لە ئاستێکی فراواندا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا سوودیان لێوەرگرت، لەو نێوەندەدا کوردساتیش بەکاریهێنا".

وتیشی: "لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن هەندێک پەیامی گرنگ و ئامانجداری هەڵبژاردنمان بۆ دیجیتاڵ میدیای کوردسات بە AI بەرهەمهێنا، کە جیاوازبوون لە بەرهەمهێنانە مرۆییەکانمان."

سەبارەت بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد بۆ بەئامانجگرتنی وورد Micro Targeting لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی 2025 دا کەزیاتر بەپێی شوێنی جوگرافی و تەمەن و ڕەگەز یەکلایی دەکاتەوە و ڕۆڵی هەیە لە گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستی سیاسی دەنگدەراندا، عەلی فەرەج، ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی 2025دا سوودیان لەم تایبەتمەندییە وەرگرتووە و دەڵێت:"شیکردنەوەی داتای وەرگرانی دەزگاکەمان بە زیرەکی دەستکرد لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی وەک مێتا بەکارهێناوە، بۆیە شارەزایانە توانیومانە هەندێک پەیام و ریکلامی سیاسی و پۆستی مەبەستدار بەرهەم بهێنین و بەپشتبەستن بە تەکنیکی مایکرۆتارگێتین ئاڕاستەی دەنگدەرانی بکەین"،

ئەم ئەنجامە پشتڕاستی لۆژیکی ئەو تێڕوانینە زانستییانە دەکاتەوە کە زیرەکی دەستکرد کاریگەری گەورەی لەسەر هەڵمەتە سیاسییەکان هەیە و ئامڕازێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامێکی ڕازیکەر و ئاڕاستەکردنی هەڵوێستی تاکەکان لەبارەی پرسەکانەوە و دەستخستنی داتای دەنگدەرانیش کلیلی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە.

عەلی ئەرشان خان، باس لە ئەزموون و کارەکانی دەکات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا و دەڵێت:"وەک تیمی تایبەتمەند و بەکارهێنەری تەکنەلۆژیاکە لەڕێگەی ئامڕازەکانی زیرەکی دەستکردەوە چەندین کاری ناوازەمان ئەنجامداوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بەنموونە بۆ دروستکردنی ستۆدیۆ و گرتەی ڤیدیۆیی بەگوێرەی ئەو ناوەڕۆکەی لە دامەزراوەکەمانەوە دەخرایە بەردەستمان، بۆیە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و بەخێراییەکی جیاواز کارەکانمان ڕاپەڕاند."

هاوکات، محەمەد سەفار، باس لە ئەزموونی کارەکانی بەشەکەیان لە هەڵمەتەکەدل دەکات و دەڵێت:"لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی 2025دا ڕێژەی سوود وەرگرتنمان لە زیرەکی دەستکرد سنووردار و کەمتر بوو لەوەی ئێستا بەکاریدەهێنین، چونکە لە بنەڕەتدا هەندێک ئامرازی پەرەپێدانی زیرەکی دەستکرد نوێیە و لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە خراوەتەبەردەست، بەدیاریکراوی لەو هەڵبژاردنەدا بۆ بەرزکردنەوە و باشترکردنی کوالێتی ناوەڕۆک و گرافیک لەکاتی هەڵمەت و ڕۆژی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان سوودمان لێوەرگرت، بەڵام بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەدڵنیاییەوە بۆ بەرهەمهێنانی میدیایی زۆر سوودی لێوەردەگرین و پلانمان هەیە، هەر بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە مۆدێل و ئەپەکانی زیرەکی دەستکرددا هاوبەشیەکانمان لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکاندا مانگانەیە، نەک ساڵانە، بەردەوام هەنگاوەکانمان هاوتای پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیایە."، ئەوەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ دەرئەنجامێکی توێژینەوەی (یاسین، 2025) کە زیرەکی دەستکرد بووەتە ئامڕازێک بۆ باشترکردنی کوالێتی ناوەڕۆکی بینراو و دەنگ و کارایی دامەزراوە میدیاییەکان لە گەیاندنی پەیام.

لێرەدا ئەم دیدانەی بەرتوێژان دەریدەخات کە ئەزموونی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی زیرەکی دەستکرد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەناو دامەزراوەکاندا بەیەک ئاست و شێواز نەبووە، بەڵکو بەپێی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕی لەناو دامەزراوەکان کارەکان ڕێکخراوە، بۆیە ڕێژەی سوود وەرگرتن لێی لەنێوان تیمەکانی دامەزراوەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بێستوون نوری نایشارێتەوە کە ڕووداو بۆ دوو ئامانجی گرنگ زیرەکی دەستکردی بەکارهێناوە، "یەکەمیان وەک تەکنەلۆژیایەک بۆ بەرهەمهێنانی پەیام و ناوەڕۆکی میدیایی جۆراوجۆر (دەق، دەنگ، ڤیدیۆ و گرافیک)، لەهەمانکاتدا وەک ئامڕازێکی پێشبینیکردن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا سوودمان لێوەرگرتووە بۆ خوێندنەوە و زانینی هەڵوێستی دەنگدەران."

هاوکار ئاسۆ، بەنموونەوە ئاماژە بۆ بەرهەمێکی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەزگاکە دەکات کە بەهۆی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکردەوە، بەرهەمهاتووە، دەڵێت:"تەکنەلۆژیاکە ڕۆڵی گرنگی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن هەبووە لە بەرهەمهێنانی هەندێک پەیامی تایبەتدا کە بە زیرەکی دەستکرد بەرهەممان هێنا، لەڕووی کوالێتییەوە وەک ڤیدیۆ و دەنگ و دەق، کە ئاستێکی بەرزی هەبووە، بەجۆرێک هەمان بەرهەم بەبێ زیرەکی دەستکرد بەرهەمبهێنرایە تێچووی زیاتر دەبوو، ئەمەش کاریگەری دەبێ بۆ پێشخستنی دەزگا میدیاییەکان."

توێژەر دوای بینینی ئەو چەند نمونە ڤیدیۆییە بەرهەمهێنراوەی دەزگای میدیایی کوردسات، بۆی دەرکەوت تەواوی دیمەنەکان و کاراکتەر و پەیامەکان بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد بەرهەمهێنرابوون، تەنانەت دیپفەیکی بەشێوەیەکی ئەرێنی بۆ خزمەتی پەیامەکە تێدا بەکارهێنرابوو، ئەمەش قووڵیی تێگەیشتنی دامەزراوە میدیاییەکان بۆ هێز و کاریگەری زیرەکی دەستکرد نیشان دەدات لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

کاردۆخی دارا بەکارهێنانی چەند ئامڕاز و مۆدێلێکی تەکنەلۆژیاکە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا وەک خاڵێکی کاریگەری بۆ باشترکردنی کارەکەیان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان وێنا دەکات و دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد کەمپینەکان کاراتر و گونجاوتر دەکات، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران توانیمان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

چەند بەرنامە و مۆدیلێک بەکاربهێنین، بەهۆیەوە لەبواری بەرهەمهێنانی گرافیک تاڕادەیەکی زۆر هاوکاری کردین."

هاوکات بڕوا ڕەئوف رەتیدەکاتەوە لە ماوەی هەڵمەتەکەدا ریکلامی سیاسییان بۆ بە ئامانجگرتنی ووردی دەنگدەران بڵاوکردبێتەوە و دەڵێت:"پەیامەکانمان بۆ هەموو کوردە و ریکلامی سیاسییمان لەماوەی بانگەشە بڵاونەکردۆتەوە، هەروەها لە میدیای دیجیتاڵی ڕووداو هیچ داتایەکی تایبەتی بەکارهێنەر نابینین، تەنیا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داتاکانی مێتاوە دەزانین چەند کەس لە مۆبایل یان کۆمپیوتەر و ئامێرە جیاوازەکانی تر لەسەر هێڵن Online و هەروەها لە کوێوە بینەری پەیامە میدیاییەکانمانن، جگەلەوەی دەزانین بۆ چ بەرهەم و پەیامێکی ڕووداو کارلێکیان Reaction زۆرە."

لە دیدگای بڕیاربەدەست و بەرپرسانی بەرهەمهێنەر لە دەزگاکە، بەرهەمهێنانەکان بەپێی وەرگری ئامانجدار، یەکێکی ترە لە ستراتیژەکانی کارکردنی تەکنەلۆژیاکە و گۆڕانکاری ئەرێنی دروستکردووە، هاوکار ئاسۆ لەمبارەیەوە دەڵێت:"لە ئەزموونەکەمانەوە ئەو ڕاستیە دەڵێین کە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە هەر سێ قۆناغی بەرهەمهێناندا (پێش، بەرهەمهێنان، پاش) گرنگیی هەیە ، کاری کردووەتەسەر نوێگەریی میدیا و بەرزکردنەوەی کوالێتی پرۆدەکشن (ئاستی بەرهەمهێنان-Production Quality)، بەڵام گرنگترین قۆناغ لەکاتی کێبڕکێی هەڵبژاردن لەدوای ئەو سێ قۆناغە دەستپێدەکات کە قۆناغی بڵاوکردنەوەیە، لەم ڕووەوە بۆ مایکرۆتارگێتین کەڵکمان لێوەرگرتووە، چونکە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ئامانجەکان دەپێکێت"، لە وتەی بەرتوێژەکانی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە توانیویانە بۆ قۆناغەکانی کۆتایی بەرهەمهێنان تەکنەلۆژیاکە بەکاربهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و بازدانی خێرای تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، هاوکات گۆڕانکاری لە کارامەیی میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان بەرامبەر تەکنەلۆژیاکە.

موکری ئاشنا محەمەد، لەمبارەیەوە دەڵێت:"لە هەڵبژاردنی 2025دا تولێکی تایبەتمان بەکارهێنا بۆ ئەو پۆست و بابەت و پەیامانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان بڵاومان کردەوە، لەڕێگەیەوە کۆمێنت و داواکاری خەڵکمان لەسەر پرس و پەیامە جیاوازەکانی هەڵبژاردن کۆدەکردەوە، دواتر شیکاری بۆ دەکردین، ئەمانە داتایەکی زۆر بەنرخ بوون، کە لە توانای مرۆییدا تاڕادەیەک قورسە کە بتوانیت کار لەسەر پێنج بۆ شەش هەزار کۆمێنت بکەیت، بۆ زانین و تێگەیشتن لە خواستی خەڵک و بیروبۆچوونیان و زانینی کێشەکانیان و زۆر بابەتی تریش، بێگومان بەکارهێنانێکی سەردەمییە بۆ کەمپینە هاوچەرخەکان بەئامانجی داڕشتنی باشترین ستراتیژ لە هەڵمەتەکاندا"، ئەمەش بەکارهێنانێکی پێشکەوتوو و ئەرێنی زیرەکی دەستکردە لە کەناڵ و میدیا دیجیتاڵییەکان و ڕۆڵی کاریگەری لە باشترکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەبێت.

لەم سۆنگەیەوە، ئەوەی لەمیانی گفتوگۆکانی توێژەردا لەگەڵ بڕیاربەدەستان و بەرپرسانی جومگە گرنگەکانی بەڕێوەبردن لە کەناڵە ئاسمانی و میدیا دیجیتاڵییەکاندا دەرکەوتووە، زیرەکیی دەستکرد وەک تەکنەلۆژیایەکی یاریدەدەر بۆ بەرهەمهێنانی پەیام و جێبەجێکردنی کارەکان بەکاردەهێنن، هاوکات لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025دا ئەم تەکنەلۆژیایە وەک ستراتیژێکی کارا بۆ چەندین بواری جیاواز بەکارهێنراوە و لە ئەرکە ئاڵۆزەکانیشدا پشتیان پێ بەستووە، هاوکات توانیویانە پەیامی ئامانجدار لەڕێگەیەوە بەرهەمبهێنن و بە تەکنیکی بە ئامانجگرتنی ورد ئاڕاستەی دەنگدەرانی بکەن.

**2.4 چوارەم: ئاڵنگارییەکانی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە میدیاکان و لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:**

لەگەڵ هەموو ئەو تایبەتمەندیە سەرەکیانەی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد لە بواری میدیادا هێناویەتیە ئاراوە، وەکو خێرایی، کەمکردنەوەی تێچوو و توانای مرۆیی، هەمەجۆری و زیادکردن لە بڕی بەرهەمهێنان و کارئاسانی لەبەرهەمهێنانی ژانەرە میدیاییەکان، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد میدیاکان دووچاری چەندین ئاڵنگاری و  کێشە دەکاتەوە، بەرتوێژان بەپێی ئەزموون و بەرپرسیارێتیان لە دامەزراوەکانیاندا بەووردی دەیخەنەڕوو.

هاوکار ئاسۆ لەوبارەیەوە دەڵێت:"ئەو ناوەڕۆکانەی Content کە زیرەکی دەستکرد دروستیان دەکات ڕەنگە لەڕووی ئاکارەکانی کاری میدیاییەوە دەزگا میدیاییەکان ڕووبەڕووی کێشە بکاتەوە، بۆیە ئەگەر سیستەمی پشکنینی ڕاستی و پێداچوونەوەی بەهێز نەبێت زیرەکی دەستکرد دەبێتە هۆکاری بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری هەڵە یان نادروست.".

هەروەها بڕوا ڕەئوف دەڵێت:"ڕستەکانی زیرەکی دەستکرد زۆر ئامێرییە و هەستی مرۆیی تیانییە، گەر وردبینی و پێداچوونەوە بۆ دەقەکان نەکرێت تووشی هەڵەی گەورەت دەکات".

پەیوەست بەم پرسەوە، بێستوون نوری پێیوایە لەم قۆناغەدا ئاڵنگاریی سەرەکی زیرەکی دەستکرد ئەوەیە کە دەبێت لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری مرۆیی بێت، لەکاتی وەرگرتنی زانیاریش"پێویستە دڵنیابیتەوە لەسەرچاوەی ئەو زانیاریانەی پێشکەشت دەکات".

وتەکانی بەرتوێژان نیگەرانی و مەترسی قووڵی ڕۆڵە نەرێنییەکانی زیرەکی دەستکرد نیشان دەدات، ئەمەش سەلمێنەری بەرزی ئاستی پیشەیی و پابەندبوونیانە بە ئیتیکی کاری میدیایی و ترسی لەدەستدانی متمانەی جەماوەر.

هەریەک لە بڕوا ڕەئوف و هاوکار ئاسۆ ئاشکرایدەکەن کە دامەزراوەکانیان نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی سێرڤەری گەورە و تایبەت بە زیرەکی دەستکرد، بەهۆی بەرزی تێچووەکانیانەوە، و تەنیا سوود لەو مۆدێل و ئامرازانە Tools وەردەگرن کە بۆ هەمووان بەردەستن.

یەکێکی تر لەو کێشە سەرەکییانەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دروست دەبێت، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردی گشتییە، ئەمەش وەک هەڕەشەیەک لەهەڵمەتە سیاسییەکاندا وێنا دەکرێت، چونکە نادیاریی سەرچاوەکانی زانیاری و داتای ئەپ Application و مۆدێل و بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد؛ یەکێکە لە مەترسییە گەورەکان، لێرەدا گرنگی پێداچوونەوەی مرۆیی بۆ پەیامە بەرهەمهێنراوەکانی تەکنەلۆژیاکە دەردەکەوێت، هەروەها پێویستی بونیادنانی ئەپ و بەرنامەی تایبەتی زیرەکی دەستکرد بۆ دامەزراوە میدیاییەکان ڕوون دەبێتەوە.

محەمەد سەفار بەڕێوەبەری کرییەیتڤی ڕووداو، دەڵێت:"ئەپدەیتە نوێیەکانی زیرەکی دەستکرد ئاسانکاری تەواوی بۆ کردووین، بەڵام بێگومان وەک کورد داتای کوردیمان زۆرکەمە، پێویستە لەم ڕووەوە داتای زیاتر بە تەکنەلۆژیاکە بدرێت و ئەپدەیت بکرێتەوە، بۆئەوەی

بەو جۆرە بەرهەمهێنانی پێبکرێت کە لەگەڵ خواستی وەرگرە کوردەکانمان بێتەوە".

هەروەها عەلی فەرەج وتی"بۆ بەهێزکردنی توانا و لێهاتوویی تیمەکەمان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکە، لەلایەن ئەو شارەزایانەمان کە گەشەپێدەرن خول و وۆرکشۆپی ناوخۆیی بۆ میدیاکارەکانمان کراوەتەوە، بەڵام بەوپێیەی پێشکەوتنی زیرەکی دەستکرد بەردەوام و خێرایە، بۆیە بەردەوام پێویستمان بە ڕاهێنان و خولی نوێیە".

موکری ئاشنا محەمەد، دەڵێت: خول و ڕاهێنانمان لەلایەن تیمی دیڤیلۆپمێنتەوە کردووەتەوە، بۆ پێشکەوتنی توانا و بەرزکردنەوەی لێهاتوویی ستافەکانمان.

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکان ئەوەیە کە هەموو ئەو میدیاکارانەی لە هەرێمی کوردستان زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن، بەتایبەت ئەو دامەزراوانەی مشتەی توێژینەوەکەبوون، میدیاکارەکانیان تەنیا خولی ناوخۆییان بینیوە کەچەند شارەزایەکی ناو دامەزراوەکە ئەنجامیان داوە، هەروەک هیچ جۆرە ڕاهێنانێکی ئەکادیمی و ئاست بەرزیان پێ نەکراوە.

یەکێک لەتاکتیک و هەڵمەتە مەترسیدار و نەرێنییەکانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان کە بەبەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد هاتوتەئاراوە و بووەتە ئاڵنگاری و گرفتێکی جیهانیی کە هەرێمی کوردستانی لێ بەدەر نییە، بڵاوکردنەوەی دەنگی ساختە، ڤیدیۆی دیپفەیک و زانیاری چەواشەکارانەیە، بەئامانجی سەرلێشێواندنی دەنگدەران و هێرشی میدیایی دژ بەرکاربەرەکان، لەمبارەیەوە، هاوکار ئاسۆ دەڵێت"لە میانی بەڕێوەچوونی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو و هەڵبژاردنی 2025 دەرکەوت کە هەندێک لایەنی سیاسی لە کێبڕکێکەدا زیرەکی دەستکردیان وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی پەیامی چەواشە و دەنگۆی نادروست و دیپفەیک و زانیارییە ساختەکان؛ دژی ڕکابەرەکانیان و بۆ بەلاڕێدابردنی دەنگدەران بەکارهێنابوو، ئەمەش دیوێکی ڕەشی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنە بە AI ". هەروەک بڕوا ڕەئوف ئاشکرای دەکات:" لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی 2025دا هاوبەشیمان لەگەڵ چەند دەزگایەکی گەورە کرد، بۆ فلتەرکردن و ڕاستکردنەوە و بەدواداچوونی دیپفەیک و فەیک نیوزی Fake News هەر پەیام و ناوەرۆکێک، تا لە بڵاوکردنەوەی پەیام و بابەتەکانی هەڵبژاردندا نەکەوینە هەڵەوە".

ئەم بۆچوونانەی بەرتوێژان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت ئەگەر تەکنەلۆژیاکە بە دروستی بەکارنەهێنرێت دەبێتە ئامرازێکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختەو دیپفەیک، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەی (Anya Adebayo, 2024)باس لەم پرسە هەستیارە دەکات کە خراپ بەکارهێنان و نەبوونی لێپرسینەوە لە زانیارییە لێڵەکان کە زیرەکی دەستکرد بڵاوی دەکاتەوە دەبنە هەڕەشە لەدەستدانی متمانەی جەماوەر.

عەلی ئەرشان خان سەرپەرشتیاری دیزاین و برۆدکاست لە دەزگای میدیایی کوردسات، لەمبارەیەوە دەڵێت:"زیرەکی دەستکرد رۆڵێکی گرنگی تریش دەبینێت بۆ دەرخستنی راستی و ساختەبونی گرتە ڤیدیۆییەکان، لەرێی ئامرازەکانییەوە ئاشکرایدەکات ئایا ڤیدیۆکە ڕاستەقینەیە و بەرهەمی مرۆڤە Man Made یان بەرهەمی ئامێرە Machine Made ".

پرۆسەی پشکنین و چەسپاندنی زانیارییەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی کاتی بەرهەمهێنان بە زیرەکی دەستکرد یەکێکە لە پرۆسە هەستیار و گرنگەکان لەم قۆناغەدا بۆ دامەزراوە میدیاییەکان، بەرتوێژانی توێژینەوەکەش لە هەردوو دامەزراوەکە جەخت لە جێبەجێکردنی ساخکردنەوە و پێداچوونەوە Review دەکەنەوە پێش بڵاوکردنەوە.

سەبارەت بەو مەترسی و ئاستەنگانەی لەکێبڕکێی هەڵبژاردنی 2025 لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی دامەزراوە میدیاییەکان بۆتەوە، هەریەک لە عەلی ئەرشان خان و موکری ئاشنا محەمەد؛ هاوڕان کە دامەزراوە میدیاییەکانیان بە ئاستێکی زۆر پشتیان بە زیرەکی دەستکرد بەستووە بۆ پشکنینی داتا و زانیاریەکان و دڵنیابوونەوە لە ڕاست و دروستی بابەتە میدیاییەکان.

پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەچەندین شێوە هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەران دەدەن، هەندێکیشیان وەک بەشێک لە هەڵمەتی هێرشبردن بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد کار لەسەر شێواندنی ڕاستییەکان و بڵاوکردنەوەی داتا و ڕاپرسی فەیک دەکەن لەبەرژەوەندیی خۆیان و بۆ دژایەتیکردنی ڕکابەر و نەیارەکانیان، لەمبارەیەوە هاوکار ئاسۆ ئاشکرایدەکات "لە هەڵبژاردنەکاندا چەندین ڤیدیۆ و دەنگ و پەیامی چەواشەکارانە و دیپفەیک بۆ هێرشی میدیایی بەکارهێنرا، بەڵام بۆ بەدرۆخستنەوەی چەواشەکاریی و دەنگی دروستکراو و ڤیدیۆی کۆن و ناڕاست کە لە هەڵمەتەکاندا بڵاوکرایەوە، ئێمە لە کوردسات هەر بەزیرەکی دەستکرد ساختەبوونیمان سەلماند و ڕاستیەکانمان بۆ خەڵک بڵاوکردەوە، وەک ئەرکێکی میدیایی و ڕێگریی لەبەلاڕێدا بردنی دەنگدەران".

بۆ ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی هەر زانیاری و پەیامێکی چەواشەکارانە و دیپفەیک، پێویستە کار لەسەر دڵنیابوونەوە و چەسپاندنی زانیاری و ناوەرۆکە بڵاوکراوەکان بکرێت، کە بەپشکنینی بابەتی و تەکنیکی ناودەبرێت، لە یەکەمیاندا بەسوود وەرگرتن لە چەندین ئەپڵیکەیشن و وێبسایتی دڵنیایی پاڵپشتکراو بە زیرەکی دەستکرد، کار بۆ ڕاست و دروستی دەق و پەیامەکان دەکرێت، لە بواری دووەمدا کاری دڵنیابوونەوە لەڕووی تەکنیکییەوە جێبەجێ دەکرێت کە مەبەست لە ڤیدیۆ و دەنگ و وێنە و گرافیکە، توێژەر بۆی دەردەکەوێت لەم بابەتەدا هەر دوو دامەزراوەکە بە ئاستی جیاواز زیرەکی دەستکرد بەکاردەهێنن هەروەک سوود لە چەندین ماڵپەری باوەڕپێکراوی جیهانی دەبینن کە تایبەتن بە دڵنیابوونەوەی زانیاری.

لە ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان دەردەکەوێت ئەو وەرچەرخانە تەکنەلۆژییە قووڵەی کە زیرەکیی دەستکرد لە واقیعی ئەمڕۆماندا خوڵقاندوویەتی دامەزراوە میدیاییەکانی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە کردووەتەوە، بەتایبەت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بۆیە باوەڕیان وایە گرتنەبەری ڕێکاری زیرەکانە و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی دامەزراوەکان پێویستییەکی حەتمییە بۆ ڕێگریکردن لە دیپفەیک و فەیک نیوز وەک هەڕەشەیەکی جددی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:**

## 3 دەرئەنجامەکان:

**توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکە و دوای دەرکردنی ئەنجامەکان، بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، کە ئەمانەن:**

١. زیرەکی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، وەک کەرەستەیەکی سەرەکی بە ڕێژە و ئاستی جیاواز بۆ بوار و هونەرە ڕۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنرێت؛ بەتایبەت لە ئەنجامدانی شیکاریی داتا و زانیاری، و پرۆسەی بەرهەمهێنان و دیزاینکردنی(دەق، ڤیدیۆ، گرافیک و دەنگ).

٢. زیرەکی دەستکرد بەهۆی تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانییەوە، توانیویەتی بەرهەمهێنانی پەیامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر؛ بەجۆرێک کە پرۆسەکەی بە تێچوویەکی کەمتر، هەمەچەشنتر، خێراتر و کاریگەرتر کردووە.

٣. ئەم تەکنەلۆژیایە ئاسانکاریی لە ئاستێکی بەرزدا بۆ دامەزراوە میدیاییەکان لە قۆناغەکانی بەرهەمهێناندا دەستەبەر کردووە؛ بەجۆرێک کە بووەتە هۆی وەرچەرخان لە ڕێڕەوی قۆناغبەندیی کۆنباوی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، و ئاستی پشتبەستن بە کەرەستەی تەکنیکی و فرەیی هێزی مرۆیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە.

٤. بەکارهێنانی مۆدێل و ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد بۆ میدیاکارانی کەناڵ و میدیا دیجیتاڵییەکانی مشتەی توێژینەوە، بەدەر نییە لە ئاڵنگاری؛ کە گرنگترینیان لە نەبوونی سێرڤەری تایبەت بەهۆی بەرزیی تێچووەوە، و مەترسیی بڵاوبوونەوەی ساختەکاریی قووڵ و زانیاریی ناڕاست لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەردەکەون.

## 4 ڕاسپاردەکان

١. دامەزراوە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت بەشەکانی ڕاگەیاندن و تەکنیکی میدیا پێویستە ڕۆژنامەگەری زیرەکی دەستکرد بکەنە وانەیەکی سەرەکی لەڕووی تیۆری و کردارییەوە خوێندکاران بەزانست و زانیاری بوارەکە گۆش بکەن.

٢. پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سازکردنی کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە گەشەسەندنەکانی زیرەکی دەستکرد، ڕۆڵی پێشەنگ لە بەخشینی بەرچاوڕوونیی ستراتیژی بە دەزگا میدیاییەکان بگێڕن، بە ئامانجی فەراهەمکردنی وێنەیەکی ڕۆشن لەبارەی ئایندەی گۆڕانکارییە خێراکان لە ژینگەی میدیایدا.

٣. بەهێزکردنی ژێرخانی تەکنیکی دامەزراوە میدیاییەکان و پێداچوونەوە بەسیاسەتی کارکردنی دامەزراوەکاندا بۆ فراوانکردنی پانتایی بایەخپێدانیان بە تەکنەلۆژیاکە تابتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەکاریبهێنن.

**لیستی سەرچاوەکان**

## 5 سەرچاوەکان:

### 5.1 یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### 5.1.1 کتێب:

ـ دەستوری عێراق، 2005، ماددە(117)، صباح صادق جعفری الانباری، 2010، دستور جمهوریه العراق، 2005، بغداد، المكتبه القانونیه.

ـ حەسەن، کاروان محەمەد. (٢٠٢٣)، دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی و گەشتی هەواڵەکان، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ.

ـ سوڵتان، ئاوات ئەحمەد. (٢٠١١)، فەرهەنگی هەڵبژاردن، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی دەزگای هەڵبژاردنی(ی.ن.ک).

ـ غەفور، نوری، توانا وەهبی، ئاراز موحەمەد، (٢٠٢٥)، ڕێبەری نووسینی توێژینەوەی زانستی لە پەروەردەی وەرزشیدا، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

ـ پوور، ئەحمەد محەمەد، (٢٠١٩)، میتۆدناسی(سەرەتایەک لەسەر میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا)، نشر لوگوس،قم.

### 5.1.2 نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

ـ یاسین، ئەحمەد تەها. (٢٠٢٥)، ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیای دیجیتاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامەیەکی بڵاوکراوە/بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ـ حسن، سەنگەر جەمال. (٢٠٢٣)، ئاستی پشتبەستنی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە سۆشیال میدیا لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ـ صابر، هاونیاز سامی،(٢٠٢٤)، کاریگەریی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەر گەنجانی هەرێمی کوردستان (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٨)بەنموونە))، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

ـ خضر، شیلان یاسین، (٢٠٢٠)، کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بۆ ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی لەنێو دەنگدەران لە هەرێمی کوردستاندا (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستادا (٢٠١٨)، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

ـ صالح، بەرهەم خالد احمد،(٢٠٢١)، ڕۆڵی میدیای نوێ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ـ سمایل، گۆران زیاد. (٢٠٢٥)، ئاستی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە دیزاینی میدیا_ی ژمارەیی لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی.

### 5.1.3 گۆڤارە زانستییە کوردییەکان:

ـ ئیبراهیم، هۆشمەند ڕەفیق. (٢٠٢٥)، «گرنگی ژیری دەستکرد لە بوارەکانی بازارگەری و ئابووریدا»، گۆڤاری زانکۆپرێس، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل ل ١٢-١٧.

ـ ڕەسوڵ، هێرش. (٢٠٢٤)، «زیرەکی دەستکرد و پرسەکانی ئاکار دەرفەت و بەرۆکگیرییەکان»، میتانیا: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیی وەرزی، ژمارە (١).

ـ سەعید، ئیبراهیم. (٢٠١٨)، «هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕێگەیەک بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیدەکان»، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ژمارە ٢٤، ل ل ٣٥-٤٦.

ـ سەعید، عەزیز، پشتیوان محەمەد، ئاریان ڕەئوف، (٢٠١٨)، «هەڵبژاردن و دیموکراسی گیروگازی پەیوەندی»، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگ ٤، ژمارە ٥، ل ل ١٣٤-١٥٠.

- غەباری، محەمەد و عەبدولفەتاح عوسمان، باسل یوسری. (٢٠٢٥)، «ڕۆڵی تەکنەلۆژیاکانی زیرەکیی دەستکرد لە پەرەپێدانی میدیای دیجیتاڵیدا (دیدێکی ئایندەیی)»، وەرگێرانی: بارام سوبحی شکور، گۆڤاری ئایندەناسی، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٢٣، شوبات، ل ل ١٠-٢٥.
- فەرەج، هادی و حەمەد، گەشاو عەلی، ئاشنا شەوکەت، ژاڵە جەمیل، (٢٠٢٤)، «ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵیی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێم کوردستاندا»، گۆڤاری توێژەر، بەرگ ٧، ژمارە ٣، ل ل ٣٦-٧٤.
- محەمەد، عەباس حەسەن. (٢٠٢٥)، «کاریگەری ژیری دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، دەرفەت و هەڕەشەکان»، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، مەڵبەندی دیراساتی گشتی، ژمارە ٣، ل ل ١٤٣-١٦٠.
- محەمەدامین، پشتیوان حەمە سەعید. (٢٠٢٥)، «ژیریی دەستکرد و دۆزەکانی دیموکراسی لیبراڵی: کاریگەری و لێکەوتەکان»، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەمنی، بەرگ ٨، ژمارە ٣، ل ل ٣١-٥٠. doi:10.31271/jopss.10135
- واحید، عومەر ، ساکار کەمال، تەلار سەباح. (٢٠٢٥)، «ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە خزمەتکردنی زماندا (زمانی کوردی بەنموونە)»، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگ ٤، ژمارە ١٢، ل ٧٥٣-٧٧٤.
- خالید، هۆزان، ٢٠٢٥، «کارامەیی ژیریی دەستکرد لە پرۆسەی هەڵبژاردندا»، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٥)، لاپەڕەکانی ٨٦-٩٣.
- محمد، عباس حسن، ٢٠٢٥، کاریگەری ژیری دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، دەرفەت و هەڕەشەکان، ژمارە(٣)، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، کە مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ک) دەریدەکات، ل ١٤٣-١٦٠.
- عەلی، فوئاد، ٢٠٢١، لێهاتوویی و توانای پەیوەندیکردن لە کاروباری سیاسیدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، سلێمانی، ژمارە ٥٨، ١٢٩ – ١٤٤.
- زەڵمی، موئمین، ٢٠٢٥. زیرەکی دەستکرد و داهاتووی میدیا: چۆن زیرەکی دەستکرد ڕۆژنامەگەری نوێ دادەڕێژێتەوە. گۆڤاری خاڵ، ژمارە (٤٧)، ل ل. ٥-١٨.


### 5.1.4 کۆنفرانس:


- موراد، سمایل، ڕەسوڵ هێرش و گۆران زیاد. (٢٠٢٤)، «ئاستی بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیای ژمارەیی کوردیدا»، دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی هاوبەشی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی نۆلیج: – کاریگەرییەکانی میدیای دیجیتاڵی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ، زانکۆی نۆلیج، هەولێر، ل ٩١-١١٨.


## 5.2 دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

### 5.2.1 کتێب:


- الخليفة، هند بنت سليمان. (٢٠٢٣)، مقدمة في الذكاء الاصطناعي التوليدي، الطبعة الأولى، الرياض: مجموعة إيوان البحثية.
- شمس الدين، عادل. (٢٠٢٦)، التسويق السياسي الإلكتروني أسرار صناعة المرشح الفائز، أربيل: دار هاتريك للنشر.
- الغامدي، محمد بن فوزي (٢٠٢٤). الذكاء الاصطناعي في التعليم. الطبعة الأولى. الدمام: شبكة الألوكة.
- عبدالرحمن، أسامة. (٢٠١٩)، الذكاء الاصطناعي ومخاطره، القاهرة: دار زهور المعرفة والبركة.
- عبدالكريم، منى عبدالحسين. (٢٠٢٤)، علاقة الذكاء الاصطناعي والحكومة الإلكترونية-رؤية مستقبلية في تحسين الخدمات الحكومية، أربيل: دار هاتريك للنشر.
- العيساوي، نجم. (٢٠٢٥)، الذكاء الاصطناعي في الصحافة والإعلام والعلاقات العامة، عمان: إبصار ناشرون وموزعون.
- باديس، غضبان و غالية مجاني، (2017)، الحملات الانتخابية في الاعلام جريدة الخبر نموذجا، الفا للوثائق، قسنطينة، الجزائر.
- محبوب، شروق. (٢٠١٦)، مفهوم الإنتاج الإعلامي، (بدون مكان نشر).


### 5.2.2 نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:


- آل مسلم، نهى إبراهيم عيسى، (٢٠٢٣)، اتجاهات معلمات العلوم نحو استخدام تطبيقات الذكاء الاصطناعي في العملية التعليمية للمرحلة الابتدائية بإدارة تعليم منطقة جازان، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة جازان، المملكة العربية السعودية.
- حميد، سالح محەمەد، (٢٠٢٤)، تأثير استخدام الذكاء الاصطناعي على صناعة المحتوى الإعلامي لدى المحررين الإخباريين في القنوات الفضائية والإذاعية اليمنية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الإعلام، جامعة صنعاء، اليمن.
- القاضي، رانية نادر غايب. (٢٠٢٣)، المسؤولية المدنية عن أضرار الروبوتات ذات الذكاء الاصطناعي "دراسة مقارنة"، رسالة ماجستير غير منشورة في القانون الخاص، كلية الحقوق، جامعة الشرق الأوسط، عمان، الأردن.


### 5.2.3 گۆڤارە زانستیە عەرەبییەکان:


- بوخاري، مليكة. (٢٠٢٣)، «استخدام الذكاء الاصطناعي في وسائل الإعلام-رؤية نقدية لحدود الاستخدام وآفاق الصحافة»، مجلة الدراسات الإعلامية والاتصالية، المجلد ٣، العدد ٢.
- زردق، نونو؛ عزب، سناء محمد؛ وعبدالفتاح، فاطمة محمد. (٢٠٢٤)، «اتجاهات القائم بالاتصال نحو توظيف تقنيات الذكاء الاصطناعي في المنصات الإخبارية الرقمية: دراسة ميدانية»، المجلة المصرية لبحوث الإعلام، كلية الإعلام، جامعة القاهرة، العدد ٨٦، ص ص ٣٠٩-٣٦١.
- سابق، أميرة. (٢٠٢٤)، «الذكاء الاصطناعي رؤى متعددة التخصصات»، برلين: المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والاقتصادية والسياسية.
- الشربيني، عمرو إبراهيم محمد. (٢٠٢١)، «تأثير تطور تقنيات الذكاء الاصطناعي على العمل الشرطي الموجهة للحروب النفسية»، مجلة البحوث القانونية والاقتصادية، (عدد خاص بالمؤتمر الدولي السنوي العشرون).
- صقر، غادة موسى إبراهيم. (٢٠٢١)، «تأثير البيئة الرقمية والذكاء الاصطناعي على الصحافة الإلكترونية في مصر-مقارنة نظرية»، المجلة العربية لبحوث الإعلام والاتصال، كلية الإعلام، جامعة الأهرام الكندية، العدد ٣٥، ص ص ٣٦٨-٣٩٦.
- عثامينة، أ. (٢٠١٩)، «المفاهيم الأساسية للذكاء الاصطناعي»، في: تطبيقات الذكاء الاصطناعي كتوجه حديث لتعزيز تنافسية منظمات الأعمال، برلين: المركز الديمقراطي العربي، ص ص ٩-



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

.٢٢
– عليوي، م. ق. (٢٠٢٣)، «الذكاء الاصطناعي: تطوره، تطبيقاته وتحدياته»، لباب للدراسات الاستراتيجية، مركز الجزيرة للدراسات، المجلد ٥، العدد ٢٠، ص ص ١٣-٢٧.
– محمد، سالي سعد. (٢٠٢٥)، «استراتيجيات توظيف الذكاء الاصطناعي لتحسين الأداء الحكومي في العراق: الفرص والتحديات المستقبلية»، مجلة حوار الفكر، العدد ٧٧-٧٨، ص ص ٣٢-٤٥.
– معمري، مروة وبوشقورة، سولاف. (٢٠٢٣)، «تطبيق الذكاء الاصطناعي في الإعلام الرقمي: فرص كبيرة وتحديات أكبر»، مجلة رقمنة للدراسات الإعلامية والاتصالية، المجلد ٣، العدد ٢، ص ص ٧٩-٩٤.

### 5.3 سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

#### 5.3.1 کتێب:

– Krack, N., Dutkiewicz, L., Kuczerawy, A. and Valcke, P. (2024). ‘Artificial Intelligence and Media’, in Smuha, N. (ed.) – The Cambridge Handbook of the Law, Ethics and Policy of Artificial Intelligence– . Cambridge: Cambridge University Press, pp. 283–305.
– Nilsson, N. J. (2009). – The Quest for Artificial Intelligence: A History of Ideas and Achievements– . Cambridge: Cambridge University Press.
– Russell, S. J., & Norvig, P. (2021). – Artificial Intelligence: A Modern Approach– . (4th ed.). Pearson.

#### 5.3.2 نامەی ماستەر، ئەکادیمی و گۆڤارە زانستییەکان:

– Adebayo, A. (2024). ‘Campaigning in the Age of AI: Ethical Dilemmas and Practical Solutions for The UK and US’, – International Journal of Social Science and Human Research– , 7(12), pp. 9330–9336. DOI: 10.47191/ijsshr/v7-i12-65.
– Adam, M. and Hocquard, C. (2023). – Artificial Intelligence, Democracy and Elections– . EPRS Briefing No. 751478. Brussels: European Parliamentary Research Service.
– Bareis, J., & Katzenbach, C. (2022). ‘Talking AI into being: The narratives and imaginaries of national AI strategies and their performative politics’, – Science, Technology, & Human Values– , 47(5), pp. 855-881.
– Battista, D. (2024). ‘Political Communication in the Age of Artificial Intelligence: An overview of deepfakes and their implications’, – Society Register– , 8(2).
– Chen Yu. (2024). ‘How will AI steal our elections?’, – OSF Preprints from Center for Open Science– , No. 7.
– Chennupati, A. (2024). ‘The threat of artificial intelligence to elections worldwide: A review of the 2024 landscape’, – World Journal of Advanced Engineering Technology and Sciences– , 12(01), pp. 029–034.
– Jungherr, A., Rauchfleisch, A. and Wuttke, A. (2026) ‘Artificial Intelligence in Election Campaigns: Perceptions, Penalties, and Implications’, Political Communication, pp. 1–22. doi: 10.1080/10584609.2025.2611913.
– Newman, J., Shao, A., Reitman, J. and Gasser, U. (2024) AI Emergency Preparedness: Examining the federal government’s ability to detect and respond to AI-related national security threats. Berkman Klein Center for Internet & Society at Harvard University. Available at: https://arxiv.org/abs/2407.17347 (Accessed: 1 March 2026)
– Vaswani, A., Shazeer, N., Parmar, N., Uszkoreit, J., Jones, L., Gomez, A.N., Kaiser, Ł. and Polosukhin, I., 2017. Attention is all you need. Advances in neural information processing systems, 30. , pp. 1-11.
– Sadiku, Matthew N. O., Ashaolu, Tolulope J., Ajayi-Majebi, Abayomi and Musa, Sarhan M., 2021. Artificial Intelligence in Social Media. International Journal of Scientific Advances, 2(1), pp.15–20.
– Murugesan, San, 2025. The Turing Test at 75: Its Legacy and Future Prospects. IEEE Intelligent Systems, 40(1), pp. 20-23. doi:10.1109/MIS.2024.3517892.
– Damar, M., Özen, A., Çakmak, Ü.E., Özoğuz, E. and Erenay, F.S. (2024). ‘Super AI, Generative AI, Narrow AI and Chatbots: An Assessment of Artificial Intelligence Technologies for The Public Sector and Public Administration’, – Journal of AI– , 8(1), pp. 83-106.
– De-Lima-Santos, M.F. and Ceron, W. (2022). ‘Artificial intelligence in news media: current perceptions and future outlook’, – Journalism and Media– , 3(2), pp. 13-26.
– Foos, F. (2024). ‘The Use of AI by Election Campaigns’, – LSE Public Policy Review– , 3(3), p. 8.
– Guanah, J.S., Agbanu, V.N. and Obi, I. (2020). ‘Artificial intelligence and journalism practice in Nigeria: Perception of journalists in benin City, Edo State’, – International Review of Humanities Studies– , 5(2), p. 16.

– Basu, T. and Hughes, T. (2024). – Six Ways to Protect Democracy Against Digital Threats in a Year of Elections– , Open Government Partnership. Available at: https://www.opengovpartnership.org/stories/six-ways-to-protect-democracy-against-digital-threats-in-a-year-of-elections/ (Accessed: 1 April 2026).
– Cambridge University Press. (2026). 'Artificial intelligence', in – Cambridge Dictionary– . Available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/artificial-intelligence (Accessed: 19 February 2026).
– IBM. (n.d.). – What is artificial intelligence (AI)?– Available at: https://www.ibm.com/think/topics/artificial-intelligence (Accessed: 21 December 2025).
– MasterClass. (2021). – Understanding the Stages of Film Production– . Available at: https://www.masterclass.com/articles/understanding-the-stages-of-film-production (Accessed: 5 March 2026).
– Oxford University Press. (2026). 'Artificial intelligence', in – Oxford Reference– . Available at: https://www.oxfordreference.com (Accessed: 25 February 2026).
– Zwetsloot, R. and Dafoe, A. (2019). – Thinking About Risks From AI: Accidents, Misuse, and Structure– , Lawfare. Available at: https://www.lawfaremedia.org/article/thinking-about-risks-ai-accidents-misuse-and-structure (Accessed: 1 March 2026).
- الحمداني، علي، 2023. الحملات الانتخابية.. مراحلها وكيفية إداراتها واستكشاف ميول الناخبين. [على الإنترنت] موقع الموازين نيوز. متاح على: https://mawazin.net/Details.aspx?jimare=229643 [تاريخ الاطلاع: 5 يوليو 2026.

## Abstract

This study, titled "The Use of Artificial Intelligence in Producing Electoral Campaign Messages in the Kurdistan Region," aims to investigate the current state and nature of Artificial Intelligence (AI) technologies within media institutions, exploring how AI has transformed the scope, methods, and techniques of media operations. Furthermore, it analyzes the shifts this technology has introduced to the production of media content and messaging, while identifying the role of AI in electoral

– Kaplan, A.M. and Haenlein, M. (2019). 'Siri, Siri, in my hand: Who's the fairest in the land? On the interpretations, illustrations, and implications of artificial intelligence', – Business Horizons– , 62(1), pp. 15-25.
– LeCun, Y., Bengio, Y. and Hinton, G. (2015). 'Deeplearning', – Nature– , 521, pp. 436-444.
– Liu, Z. (2021). 'Sociological perspectives on artificial intelligence: A typological reading', – Sociology Compass– , 15(12), p. e12946.
– Magar, S. G. (2025). 'Role of Artificial Intelligence in Elections', – Vidyabharati International Interdisciplinary Research Journal– , (Special Issue), pp. 440–445.
– Murrell, N. (2025). – The Future of Elections in The Age of AI– . Academic Paper. New York: Fordham University.
– Dwivedi, Y.K., Hughes, L., Kar, A.K., Abdullah, A.M., Grover, P., Abbas, R., Andreini, D. et al. (2021) 'Climate change and COP26: Are digital technologies and information management part of the problem or the solution? An editorial reflection and call to action', International Journal of Information Management, 63, p. 102456.
– Sančanin, B. and Penjišević, A. (2022). 'Use of artificial intelligence for the generation of media content', – Social Informatics Journal– , 1(1), pp. 1-7.
– Storti, F. (2024). – The role of generative AI in content generation: An empirical case study– . Master's thesis. Università degli Studi di Padova.
– Thapa, J. (2024). 'The Impact of Artificial Intelligence on Elections', – International Journal for Multidisciplinary Research (IJFMR)– , 6(2), pp. 1–11.
– Tomić, Z., Damnjanović, T. and Tomić, I. (2023). 'Artificial intelligence in political campaigns', – South Eastern European Journal of Communication– , 5(2), pp. 17–27.
– Trattner, C., Jannach, D., Motta, E. et al. (2022). 'Responsible media technology and AI: challenges and research directions', – AI Ethics– , 2, pp. 585-594.

**5.3.3 یاسا، ڕێنمایی و بەڵگەنامە فەرمییەکان:**

– المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، ٢٠٢٥. نظام الحملات الانتخابية رقم (٤) لسنة ٢٠٢٥. بغداد: جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، مجلس المفوضين.

**5.3.4 وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12571]
- **Submission Date:** [14/6/2026], **Revised Date:** [15/6/2026], **Accepted Date:** [9/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

competition. Adopting a descriptive approach, the study utilizes a qualitative methodology to achieve its objectives. In-depth interviews were conducted as the primary research tool for data collection. The research population comprises media professionals working in news, production, and technical departments across satellite channels and digital media platforms in the Kurdistan Region. A purposive, non-random sample was selected from two satellite channels and two digital media outlets to conduct the interviews, address the research questions, and fulfill the study's aims.

Following data evaluation and analysis, the study reached several key conclusions: Media institutions in the Kurdistan Region have successfully leveraged AI for text generation, video production, data analysis, graphics, and audio engineering. This technology has fundamentally altered the stages of production, spanning from conceptualization to final broadcasting. Additionally, AI significantly accelerates and diversifies the process of campaign message production. Conversely, it poses a substantial threat as a potent tool for generating and disseminating deepfakes and misinformation during elections. Consequently.

**Keywords:** Artificial Intelligence, Utilization, Electoral Message, Election Campaign, Media Production, Kurdistan Region.

**ملخص:**

تهدف هذه الدراسة، المعنونة "استخدام الذكاء الاصطناعي في إنتاج رسائل الحملات الانتخابية في إقليم كردستان"، إلى استقصاء الوضع الراهن وطبيعة تقنيات الذكاء الاصطناعي في المؤسسات الإعلامية، واستكشاف كيفية تأثير الذكاء الاصطناعي على نطاق وأساليب وتقنيات العمليات الإعلامية. كما تحلل الدراسة التحولات التي أحدثتها هذه التقنية في إنتاج المحتوى والرسائل الإعلامية، مع تحديد دور الذكاء الاصطناعي في المنافسة الانتخابية. وباتباع منهج وصفي، تستخدم الدراسة منهجية نوعية لتحقيق أهدافها. وقد أُجريت مقابلات معمقة كأداة بحثية أساسية لجمع البيانات. يشمل مجتمع البحث العاملين في أقسام الأخبار والإنتاج والتقنية في القنوات الفضائية ومنصات الإعلام الرقمي في إقليم كردستان. وقد تم اختيار عينة هادفة غير عشوائية من قناتين فضائيتين ومنصتين إعلاميتين رقميتين لإجراء المقابلات، والإجابة على أسئلة البحث، وتحقيق أهداف الدراسة.

... بعد تقييم البيانات وتحليلها، توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات رئيسية: نجحت المؤسسات الإعلامية في إقليم كردستان في توظيف الذكاء الاصطناعي في توليد النصوص، وإنتاج الفيديوهات، وتحليل البيانات، والرسومات، والهندسة الصوتية. وقد أحدثت هذه التقنية تغييرًا جذريًا في مراحل الإنتاج، بدءًا من وضع التصورات وصولًا إلى البث النهائي. بالإضافة إلى ذلك، يُسرّع الذكاء الاصطناعي بشكل ملحوظ عملية إنتاج الرسائل الانتخابية ويُنوّعها. في المقابل، يُشكّل الذكاء الاصطناعي تهديدًا كبيرًا كأداة فعّالة لتوليد ونشر التزييف العميق والمعلومات المضللة خلال الانتخابات.

**الكلمات المفتاحية:** الذكاء الاصطناعي، الاستخدام، الرسائل الانتخابية، الحملات الانتخابية، الإنتاج الإعلامي، إقليم كردستان.